ژمارە (481) دووشەممە 2017/11/13 - 22ی گەلاڕێزانی 2717 (750) دینار

# 238
# بارەگای پارتی داگیرکراون

**ڕووداو- سلێمانی**

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، پارتی دیموکراتی کوردستان لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە کە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی پەلاماری کەرکووک و دوزخورماتوویان دا، لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووک و دیالە دەست بەسەر 238 بارەگایدا گیراون و نزیکەی سەرجەمیان ئێستا لەژێر دەستی حەشدی شەعبین، ئەوە جگە لە چەند بارەگایەک کە بە بڕیاری خۆی لە سنووری بەغدا و کوت لەبەر هۆکاری ئەمنی چۆڵی کردوون.

ئیسماعیل مەندەلاوی، کارگێڕی لقی بەغدای پارتی ڕایگەیاند کە ئەوان لە بەغدا جگە لە بارەگای لق چوار بارەگای لیژنەی ناوچەشیان هەیە. لە شارەکانی نەجەف و کوتیش دوو بارەگای ناوچەیان هەیە. بەڵام تەنیا بارەگای لقی بەغدا ماوە و ئەوانی دیکەیان لەبەر هۆکاری ئەمنی داخستوون.

پارتی لە کەرکووکیش 35 بارەگای داگیر کراوە، هەروەها لە سنووری لقی 14ی مووسڵیش 10 بارەگای داگیرکراوە. لە سنووری خانەقینیش هەشت بارەگا. زۆرترین بارەگاشی کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیرکراوە، لە سنووری شنگالە کە بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی شنگالی ئەو حیزبە دەڵێ "185 بارەگای لق و ناوچە و لیژنەی ڕێکخراومان، هەموویان ئێستا داگیرکراون".

بەرپرسانی پارتی دەڵێن لەو ناوچانە وەکو حیزبی قەدەغەکراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ.

4»

## کوردستان داوای 384 ملیار دۆلار قەرەبوو لە بەغدا دەکات

7

## کریستیانەکانی نەینەوا هاوار بۆ ڤاتیکان دەبەن

5



دلاوەر عەلائەدین

## ئەرک و ئەولەویەتەکانی هەرێمی کوردستان لێرە بەدواوە

17

### دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ (ڕووداو):

# باوکم ژەهراوی بووە، ژەهرخوارد نەکراوە

3



تاراوگە 11

### ئێزدی و موسوڵمانێک لە ڕێگەی کۆچ عاشقی یەکدی دەبن



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### لە بەغدا دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئەندازیارێکی کورد

ئابووری 8

### داهاتی ساڵانەی پیازی کوردستان 30 ملیار دینارە



ژنان 12

### هاوژینی دەمیرتاش: نامەوێ ببمە سیاسەتڤان



# بوومەلەرزە کوردستانی هەژاند



ترس لە دووبارە بوونەوەی بوومەلەرزە





قەڵای شێروانە لە کەلار



مزگەوتێک لە خانەقین





ڕێگای مەریوان - سنە

ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 481 ) - دووشەممە 2017/11/13



## دوو گەنج لەسەر ئاڵای کوردستان سزادەدرێن

**ڕووداو- هەولێر**

دادگای شۆڕشی شاری مەریوانەوە دوو هاوولاتیی کوردی بە تۆمەتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان سزا داو هەر یەکەیانی بە دوو ساڵ زیندانیکردن حوکم دا باسید ئەفشار و ئەمیر ئەرژەنگ، خەڵکی گوندی (نێ)ن لە نزیک مەریوان و بەهۆی بەشدارییکردنیان لە ڕێوڕەسمی نەورۆز و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان هەر یەکەیان بە دوو ساڵ زیندان حوکمدراون. لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی گوندی مەریواندا سرودی ئەی ڕەقیب و سروودە شۆرشگێڕییەکانی دیکە بڵاودەکرێتەوە و ئاڵای کوردستان هەڵدەکرێ. حکومەت هەموو ئەمانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەدەخە کردووە. ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکارهێنانی جامانەش بوو بە هێمایەکی کوردی و ئەوەش هەستیاری ناوەندە ئەمنییەکانی ئێرانی بەدواوەبوو.

# پەرلەمان ئاگاداری ڕادەستکردنەوەی 150 زیندانییەکەی سلێمانی نییە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی حکومەتی بەغدا ڕایگەیاند، 150 "تیرۆریست"یان ڕادەستکراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ و لەبەردەم دادگا ئامادە بکرێن، بەڵام بەرپرسانی ئەمنی لە پارێزگای سلێمانی بێئاگایی خۆیان لەوە ڕادەگەیێنن و سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە لۆکاڵییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی کیانێکی دەستووری و یاسایی هەیە "چۆن دەبێ ئەوانە ڕادەستی بەغدا بکرێن؟".

ڕۆژی 2017/11/11 یەحیا ڕەسوڵ، گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە تۆمارێکی دەنگیدا ڕایگەیاند "هێزە فیدراڵییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ 150 تیرۆریستیان ڕادەستکراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارێزگای سلێمانییەوە لە هەرێمی کوردستان".

هەندێک لە بەرپرسانی ئەمنیی پارێزگای سلێمانی، بێئاگایی خۆیان لە ڕادەستکردنی ئەو 150 کەسە ڕادەگەیێنن، بەڵام پەرلەمانتارێک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەدواداچوونم کردووە بۆ ئەو هەواڵە و ئەوەی من پێیگەیشتووم، ئەوانە ڕادەستکراون بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام زانیاریی تەواوم نییە لەکام زیندان دەستبەسەر بوون". گوتیشی: "لە سەرەتای دەستپێکردنی دانوستاندنە سەربازییەکانی ئەمدواییەی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، ڕادەستکردنی ئەو کەسانەی لەشەڕی دژی داعش خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کردووە و لە هەرێمی کوردستان بەندکراون، یەکێک بووە لە داواکارییەکانی بەغدا".

لە شەڕی دژی داعش و بە تایبەتی لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەدا لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ، ژمارەیەک چەکدار و کەسوکاری داعش خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە کرد، بەشێکیان هێنرانە سلێمانی و بەشی زۆریان لە هەولێر و دهۆکن.

ئەیوب عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ زانیاریی دروستی لا نییە کە ڕادەستکرابن، بەڵام بەغدا لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی شەڕی دژی داعش دەتوانێ داوای زانیاریی بکات لەبارەی دەستگیرکراوەکانەوە بۆ لێکۆڵینەوە "ئەگەر هەرێمی کوردستان ئامادەبێ زانیاریی ئەو کەسە دەستگیرکراوانە بداتە حکومەتی بەغدا، کەواتە بەغدا ناتوانێ داوای ڕادەستکردنەوەیان بکات، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆخۆی حکومەتێکی یاسایی و دەستوورییە و یاسای خۆی هەیە و ناکرێ بە بیانووی نەبوونی یاسا ئەوانە بدرێنە بەغدا".

ئەو هەروەها دەڵێ: "ئەگەر بەغدا بۆ سزادان داوای کردوون، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەمان ڕێوشوێنی سزادانی پیادە کردووە، بەڵام من زانیاریی تەواوم نییە ڕادەستکراون یان نا، ئەگەر وابێ، چۆن سلێمانی دەتوانێ سەربەخۆیانە ئەو کارە بکات لە کاتێکدا دەزگاکانی ئاسایش لەو شارە سەرووی خۆیان هەیە؟

سەرچاوەیەک لە ئاسایشی سلێمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "ئەو بەندکراوانە پەیوەندییان بەهێزەکانی ئاسایشەوە نییە و لە زیندانی فیدراڵی بەندبوون و بەڕێوەبەرانی ئەو زیندانەش کارمەندی حکومەتی عێراقن، ئەگەر وابێ، لەوانەیە ئەوان ڕادەستیان کردبن".

چەند جارێک (ڕووداو) پەیوەندی بە حاکم زاملی، سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و ناوخۆی پەرلەمانی عێراقەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکانی نەدایەوە . سەرکەوت سەرحەد، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بەهەمان شێوە بێئاگایی خۆی لەو هەواڵە ڕاگەیاند و تەنیا گوتی: "خەڵکانێک هەن کە داعشن و دەستگیرکراون و بەردەوام حکومەتی عێراق داوایان دەکات".

لە کاتی کۆنترۆڵکردنەوەی قەزای حەویجە کە دواهەمین شوێنی بندەستی داعش بوو لە پارێزگای کەرکووک، چەکدارانی داعش داوایان لە خێزان و کەسوکارەکانیان کردبوو خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پێشمەرگە بکەن نەک حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، ئەوەش لە ترسی تۆڵەکردنەوە.

ئەیوب عەبدوڵڵا، دەڵێ عێراق دەزانێ ئەو کەسوکارانەی داعش و ئەو داعشە دەستگیرکراوانە زانیاریی زۆریان لایە لەبارەی ڕێکخراوەکە و مەبەستی ئەوەیە کە داوایان دەکات "بەڵام هەرێمی کوردستانیش دامودەزگای یاسایی و دەستوریی تایبەت بەخۆی هەیە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردوون و زانیارییەکانی وەرگرتوون، دەکرێ بەغدا داوای زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بکات، نەک ڕادەستکردنەوەی ئەوانە".



> دەکرێ زانیارییەکانیان ڕادەستی بەغدا بکرێ نەک دەستگیرکراوەکان
>
> سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان

> ئەو 150 کەسە لەلای ئێمە نەبوون
>
> ئاسایش

## ڤیدیۆی دەستدرێژییەکەیان لە فەیسبووک بڵاوکردەوە

# لە بەغدا دەستدرێژی دەکرێتە سەر ئەندازیارێکی کورد

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو – هەولێر**

ساڵی 2011 وەکو ئەندازیارێکی نموونەیی لە سووریا دەستنیشان کرا، پاشان کۆمپانیاکان لە باشووری کوردستان بانگهێشتنامەیان بۆ نارد و لەماوەیەکی کەمدا سەرپەرشتی چەند کۆمپانیایەکی دیکۆری لە هەولێر گرتەدەست. غاسل خەلیل کە کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستانە، هەر زوو باری دارایی باش بوو، بۆیە بیری لە هاوسەرگیری کردەوە، بەڵام دوای شەش مانگ هاوسەرگیرییەکەی تەواوی ژیانی گۆڕی. غاسل دەیەوێ لە ڕێگەی پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە ئەو کەسانە بە گرتن بدات کە ناچاریان کردووە لە پارک و شوێنە گشتییەکان ڕۆژ بکاتەوە.

غاسل خەلیل بە (ڕووداو)ی گوت: "لە هەولێر کچێکی سووریم ناسی و دوای یەک دوو دانیشتن ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی هاوسەرگیری بکەین، لەلای مەلا مارەم کرد و پێش گواستنەوە 6500 دۆلاری لێ بردم و ون بوو، گوتم دیارە بەخت یاوەرم نەبووە و خێری پێوە بێ".

دوای مانگێک لە ڕێگەی کرێکارێکی عەرەبەوە کە لە کۆمپانیا بەیەکەوە کاریان کردووە، کچێکی عەرەب دەدۆزێتەوە، کرێکارەکە زۆر پەسنی کچەکە دەدات. غاسل گوتی "دوای ئەوەی کچەکەم بینی، خوازبێنیم کرد، ژیانێکی خۆشمان هەبوو، زۆر ئاسوودە بووین".

بەڵام ئەو ژیانەیان زۆری نەبرد، کاتێک هاوژینەکەی بە ناوی پرسە گەڕایەوە بەغدا، هەموو شتێک تێکچوو. غاسل دەڵێت "ئەو بۆ سێ ڕۆژ چوو، بەڵام 15 ڕۆژ هەر وەڵامی تەلەفۆنی نەدامەوە، ناچار چوومە بەغدا بۆ گەڕەکی شوعلە، بۆم دەرکەوت براکانی ڕێگرن لەوەی بێتەوە هەولێر، بە هەر شێوەیەک بوو ڕازیم کردن و لەگەڵ هاوژینەکەم گەڕاینەوە".

بۆ جاری دووەم هاوژینەکەی غاسل دەچێتەوە بەغدا، ئەمجارەیان بە بیانووی چلەی باوکی براژنەکەی، بەڵام دیسان وەکو جاری پێشوو نەگەڕایەوە، غاسل گوتی: "خێزانی هاوژینەکەم بۆ بەغدا بانگیان کردم و پێیانگوتم دەبێ بێیتە بەغدا و منیش چووم، داوایان لێکردم واز لە هاوژینەکەم بهێنم و تەڵاقی بدەم یان ماڵەکەم لە هەولێر بفرۆشم و بچمە بەغدا دابنیشم".

غاسل بە مەرجی دووەم ڕازی دەبێ "پێکەوە هاتینەوە هەولێر و لێرە هەموو شتێکمان فرۆشت، بۆ ڕۆژی دواتر بەنیازبووین بگەڕێینەوە بەغدا هاوژینەکەم گوتی براکەم هەندێک پارەی لەلای کەسێک داناوە، دەچم دەیهێنم و دەڕۆین، دوای کاژێرێک دەرکەوت هاوژینەکەم پارەی فرۆشتنی ماڵەکەی هەمووی بردووە و بە تەنیا گەڕاوەتەوە بەغدا".

غاسل ناچار دەبێ بۆ جاری سێیەم ملی ڕێگا بگرێتەبەر بۆ بەغدا. دەڵێت "لەڕێگای کەسێکەوە چوومە ماڵی سەرۆک هۆزی جبوور کە هاوژینەکەم لەو هۆزە بوو، سەرۆک هۆزەکە بانگی هەردوو برای هاوژینەکەمی کرد، ئاشتیان کردینەوە و لەگەڵ ئەوان گەڕامەوە ماڵیان، بەڵام لەوێ زۆر خراپیان بەسەر هێنام.

غاسل گێڕایەوە "هەر ئەو شەوە براکانی هاوژینەکەم بە قایشی موبەڕیدە بۆ ماوەی 2 کاژێر ئەشکەنجەیان دام. دواتر داوایان لە ئافرەتەکان کرد بچنە ژوورێکی دیکە، عەلی کە برا گەورەی هاوژینەکەم بوو، دەمانچەی خستە سەر سەرم و گوتی خۆت ڕووت بکەوە، زۆر تکام کرد سوودی نەبوو، بوتڵێکی بەتاڵی ئاویان هێنا و بەزۆر منیان لەسەری دانیشاند و دواتریش دەستدرێژییان کردە سەرم، بە مۆبایلیش وێنەیان گرتم و هەڕەشەیان لێکردم لەلای هەر کەسێک باسی بکەم ڤیدیۆکە بڵاودەکەنەوە، کەچی دواتر ڤیدیۆکەیان لە فەیسبووک بڵاوکردەوە".

غاسل لە ئاسایشی هەولێر و نووسینگەی یونامی سکاڵای تۆمار کردووە و چاوی لەوەیە دەزگا ئەمنییەکان مافەکانی بۆ وەربگرنەوە.

عومەر، برای هاوژینەکەی نەیشاردەوە کە لەگەڵ عەلی برای لە غاسلیان داوە و سوکایەتییان پێ کردووە. عومەر بە تەلەفۆن بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو پیاوە غەدری زۆری لە خوشکەکەم کردبوو، ئاڵتوونەکانی فرۆشتبوو، ڕۆژانەش لێیداوە. غاسل لە ڕێگای فەیسبووک زیاتر لە دە جار شەڕی بە خێزانی من و عەلی برام و خزم و کەسەکانم فرۆشتووە، وێنەیانی دەگرت و لە فەیسبووک بڵاوی دەکردەوە، قسەی ناشیرینی زۆری پێدەگوتین، بە جۆرێک نەدەکرا لەوە زیاتر بێدەنگ بین، ئێستاش کە سکاڵای لەسەر ئێمە تۆمار کردووە، هەندێک لە قسەکانی بە درۆ دەزانین و ئێمەش سکاڵامان لەسەری هەیە و هەفتەی داهاتوو دێینە هەولێر و سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین".



غاسل سێ جار بۆ هێنانەوەی هاوژینەکەی چووە بەغدا

## 4 کەس لە دەربەندیخان و 7 کەس لە قەسری شیرین بوونە قوربانی

# بومەلەرزە کوردستانی هەژاند

**ڕووداو- هەولێر**

بومەلەرزەیەکی بەهێز هەر چوار پارچەی کوردستان و چەند وڵاتێکی دیکەی هەژاند و دەیان کوژراو و برینداری لێکەوتەوە. بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکان نێوەندی بومەلەرزەکە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هەڵەبجە و کرماشان) بووە، گوڕەکەشی 7.5 پلەی ڕێختەر بووە.

بومەلەرزەکە لە باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان، عێراق، ئێران، سووریا، کوێت و سعودیە و چەند وڵاتێکی دیکە هەستی پێکراوە. بەپێی سەنتەری جیۆلۆجی ئەمریکی، نێوەندی بومەلەرزەکە شاری هەڵەبجە بووە و گوڕەکەی 7.5 پلەی ڕێختەر بووە، بەپێی سەنتەری بومەلەرزەزانی ئێرانیش گوڕی بومەلەرزەکە 7.6 پلەی ڕێختەر بووە و نێوەندەکەی سنووری ئێران و عێراق (باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بووە و نزیکترین شار لێی ئیزگلی سەر بە کرماشان بووە.

فازڵ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێمی کوردستان لەبارەی بەهێزی بومەلەرزەکەی کوردستان و ئەگەری دووبارەبوونەوەی بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند "بەهێزترین بومەلەرزە لە هەرێمی کوردستان 7.2 پلەی ڕێختەر بووە و پێشبینی ڕوودانی بومەلەرزەی دیکە ناکەین".

بومەلەرزەکە بە زنجیرە ڕوویداوە و لە هەندێ شوێن لە یەک تاوەکو شەش جار هەستی پێکراوە. تاوەکو ئێستا بەدروستی نازانرێت زیانی بومەلەرزەکە چەند بووە، بەڵام لە هەندێ شوێن خانوو ڕووخاون، دەیان کوژراو و برینداریش هەن. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە شاری قەسری شیرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەوت کەس گیانیان لەدەستداوە و دەیانی دیکەش بریندارن، لە دەربەندیخانیش چوار کەس گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە 50 کەسیش بریندارن.

هەروەها لە هەریەک لە دەربەندیخان، سلێمانی، هەولێر، کەرکووک و خانەقین بریندار هەن و لە شارەکانی عێراقیش بریندار هەن بەڵام ژمارەیان کەمترە.

دوای ڕوودانی بومەلەرزەکە ناسیح مەلا حەسەن، قائیمقامی دەربەندیخان بانگەوازێکی بەپەلەی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان کرد و داوای کرد فریایان بکەون. قائیمقامی دەربەندیخان گوتی "برینداری زۆرمان هەیە و هەندێکیان حاڵەتەکانیان مەترسیدارە. بەهۆی زۆری بریندارەکانیش ژمارەیەکی دروستمان لەبەردەستدا نییە، ژمارەیەک خانووی هاووڵاتیانیش ڕووخاون و نازانین خەڵکیان لەژێردایە یان نا".

هەر دوای بومەلەرزەکە دکتۆر میران محەممەد، بەڕێوەبەری تەندروستیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی ڕووداوی بومەلەرزەکە لە قەزای دەربەندیخان چوار کەس گیانیان لەدەستداوە، 25 لە بریندارەکانیش گەیێندراونەتە نەخۆشخانە، زیاتر لە 50 برینداریش هەن، بۆیە داوا لە پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەی دەربەندیخان دەکەین ئەوانەی دەوامیشیان نییە بەزووترین کات بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) زیاتر لە 50 کەس بەهۆی بومەلەرزەکەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی هەولێر کراون، دەیان کەسیش لە کەرکووک و خانەقین گەیێندراونەتە نەخۆشخانە.

حەسەن جەنابی، وەزیری سامانە ئاوییەکانی عێراق لە پەیامێکدا داوای لە خەڵکی گوند و شارۆچکەکانی نزیک بەنداوی دەربەندیخان کرد ئاگاداری خۆیان بن و لە ئاراستەی ئاوی بەنداوەکە دووربکەونەوە.

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، عەبدولستار مەجیدیش ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و گوتی "بەداخەوە بەهۆی زەمینلەرزەکەی زیان بە بەنداوی دەربەندیخان گەیشتووە و تیمەکانمان لە هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە و زانینی ئاستی زیانەکان بەتایبەتی بەشەکانی ژێرەوە کە بنچینەی بەنداوەکەیە".

هەر دوای بومەلەرزەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، بەداخەوە بەداخەوە شەوی 12/13-11-2017 بومەلەرزەیەک، شارەکانی کوردستانی هەژاند و بووە هۆکاری گیانلەدەستدان و برینداربوونی چەندین هاووڵاتی لە ناوچە جیاجیاکان". لە پەیامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە "سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران، پارێزگار و سەرپەرشتیاری یەکە کارگێڕییەکان سەرپشک دەکات لە بڕیاردان بۆ هەر هەنگاوێک کە پێویست بکات بۆ هاوکاریکردنی برینداران و هاووڵاتییان".



راپۆرت
رووداو
ژمارە (481) - دووشەممە 2017/11/13

## پێشنیازی گفتوگۆی چوار قۆڵی لە نێوان هەولێر و بەغدا دەکرێت

**رووداو- هەولێر**

شێرکۆ جەودەت، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "لیژنەیەکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان دروستکراوەو نوێنەری هەر 5 حیزبە سەرەکییەکەی تێدایە بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزیرە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببینەوە و پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا ئامادە بکەن". شێرکۆ جەودەت گوتیشی "پرۆژەکە ئەوەیە گفتوگۆی هەولێر و بەغدا فراوان بکرێت بە جۆرێک نوێنەرانی لیژنەی پەیوەنداری پەرلەمانی عێراق و کوردستان لەگەڵ وەزیرانی پەیوەنداری حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی هەردوو سەرۆکوەزیرانی تێدابێ".



## 72 کاژێری سەخت بۆ یەکێتی

### دەرباز کۆسرەت رەسوڵ:

# باوکم ژەهراوی بووە، ژەهرخوارد نەکراوە



**هێڤیدار ئەحمەد و مەحموود یاسین**
**رووداو – هەولێر**

یەکێتی نیشتیمانی یەکێک لە سەختترین کاژێرەکانی ژیانی بەڕێ دەکات، کاتێک دوای چلەی تاڵەبانی، جێگری یەکەمی سکرتێری ئەو حیزبە کە ئێستا کەسی یەکەمی یەکێتییە، لە ناکاو نەخۆشکەوت و نەشتەرگەرییەکی قورسی بۆ کرا.

دەرباز کۆسرەت، کوڕە گەورەی کۆسرەت رەسوڵ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) تەواوی چیرۆکی نەخۆشکەوتنی باوکی باس دەکات کە چۆن نەخۆشکەوتووە و چ نەخۆشییەکی هەبووە، ئایا ئیدی دەتوانێ لەکاری سیاسی و بەڕێوەبردنی یەکێتی بەردەوام بێ یان نا؟

### ◄ چۆن نەخۆشکەوت؟

دەرباز کۆسرەت لەگەڵ باوکی بووە کاتێک تەندروستی تێکچووە، دوای زیاتر لە 30 کاژێر لە نەخەوتنی کاتێک لەبەردەم میدیادا دەرکەوت بۆ ئەوەی روونکردنەوە بدات لەبارەی دۆخی تەندروستیی باوکی، هیلاکی و خەمباری بەدەموچاوییەوە دیار بوو، ریشی درێژ ببوو، چاوی سوورهەڵگەڕابوو، کاریگەریی نەخۆشکەوتنی باوکی لەسەری ئەوەندە دیار بوو، کاتێ قسەی دەکرد نەیدەتوانی لە شوێنی خۆی بوەستێ. دەرباز کۆسرەت بە (رووداو)ی گوت "باوکم پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێ لەگەڵی بووم، لەسەر مەزاری مام جەلال گەڕاینەوە، دایکم بۆ نانی ئێوارە سەروپێی ئامادە کردبوو".

دەرباز کۆسرەت دەڵێت: "باوکم دوای نانخواردن ژەهراوی بوو، ئازاری زۆری هەبوو".

کۆسرەت رەسوڵ لە هەڤپەیڤینێکی پێشوویدا لەبارەی ژیانی تایبەتی خۆی کە رۆژی 2017/10/2 لە هەفتەنامەی (رووداو) بڵاوکرایەوە، باسی ئەو خواردنانە دەکات کە حەزیان لێدەکات، دەڵێت "هەموو جۆرە خواردنێکی کوردەواری دەخۆم".

رۆژێک پێش نەخۆشکەوتنی، کۆسرەت رەسوڵ، سەردانی دوا مەنزڵگەی هەریەک لە مام جەلال، ئیبراهیم ئەحمەد، جەبار فەرمان و رێبازی کوڕی کردبوو.

دەرباز کۆسرەت تەواوی زانیارییەکان لەبارەی نەخۆشییەکەی باوکی تاوەکو گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی فاروق لە سلێمانی باس دەکات و دەڵێت: "باوکم چەندین ساڵە کێشەی گەدەی هەیە، کە نەخۆشکەوت یەکەمجار هەوڵماندا بە حەبی موسەکین چارەسەری بکەین، بەڵام کاژێر بووە 3:30ی بەرەبەیان و ئازاری زۆرتر دەبوو، کاژێر بووە 5:00ی بەیانی ئازارەکە لە حەد تێپەڕی و گەیاندمانە نەخۆشخانە. دوای ئەوەی ئەشیعەیان بۆ گرت، نەخۆشییەکە بەدیار کەوت و پزیشکەکان یەکسەر بڕیاریان دا نەشتەرگەری بۆ بکەن".

### ◄ لە جیهاندا چەند کەس ئەو نەخۆشییەیان هەیە؟

د.رێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لە شاری سلێمانی رایگەیاند "جۆری نەخۆشییەکەی گیرانی بۆرییەکانی ریخۆڵە بوو، تیمێکی پزیشکی بەسەرۆکایەتی دکتۆر قەڵەندەر کەسنەزانی، پرۆفیسۆری نەشتەرگەریی کۆئەندامی هەرس و جگەر و چەند پزیشکێکی کارامەی دیکە، توانییان حاڵەتەکە دەستنیشان بکەن و کاری پێویستی بۆ بکەن و توانیشیان نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی بۆ بکەن".

ئەو حاڵەتەی کۆسرەت رەسوڵ تووشی بوو، لە زانستی پزیشکیدا پێیدەگوترێ گانگرینی ریخۆڵە (Acute Mesenteric Ischemia) کە لە ئەنجامی وەستانی کتوپڕی رۆیشتنی خوێن بۆ ریخۆڵە روودەدات.

دەرباز کۆسرەت رەسوڵ دەڵێ "ئەو نەخۆشییە حاڵەتێکی زۆر ناوازەیە، لە دنیادا نزیکەی 500 کەیسی لەو جۆرە نەخۆشییە هەیە و نەخۆشییەکی باو نییە".

### ◄ ژەهرخوارد کرابوو؟

دوای نەخۆشکەوتنی کۆسرەت رەسوڵ، دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە ژەهرخوارد کرابێت، ژەهرخواردنی بەرپرسانی کورد هەر لە کۆنەوە قسەی لەسەر دەکرێ. دیارترین رووداو لە رۆژی 1987/11/24 لەناوچەی مەرگە روویدا کە موخابەراتی بەعس هەوڵی کوشتنی ژمارەیەک سەرکردەی سیاسی کوردستانی دا کاتێک ژەهری سالیۆم لەلایەن هاوڕێی پێشمەرگەیەکەوە کرایە نێو ماستاوەوە لە خوانێکی تایبەت و ئامادەکراو بۆ کۆمەڵێک سەرکردە لەوانە (مام جەلال، مەحموود عوسمان، عەدنان موفتی و مستەفا چاوڕەش) و بەهۆیەوە 3 کەس بوونە قوربانی: پێشمەرگەیەک بەناوی بێستوونی مەلا عومەر لەگەڵ خوشک و دایکی مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتیی ئێستای یەکێتی. سەرکردەکانی دیکەش بۆ وەرگرتنی چارەسەر رەوانەی ئێران و لەندەن کران.

بەڵام دەرباز کۆسرەت دەنگۆی ژەهرخواردکردنی باوکی رەتدەکاتەوە و دەڵێت "راست نییە کە باوکم ژەهرخوارد کرابێ، ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نییە".

### ◄ دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات

زەعیم عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کە بە نوێنەرایەتی مەسعود بارزانی سەردانی کۆسرەت رەسوڵی کرد. لە نەخۆشخانە ئاشکرای کرد کە لە چەند رۆژی داهاتوودا بە فڕۆکەیەکی تایبەت بۆ وەرگرتنی چارەسەر رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت.

بەرهەم ساڵح، سەرۆکی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری کە دوو رۆژ لەسەر یەک لە نەخۆشخانە بووە و کەسێکی نزیک بووە لە کۆسرەت رەسوڵ، باسی کەسایەتی ئەو دەکات و دەڵێت: "کاک کۆسرەت رەسوڵ کێوێک بووە لە ورە، پێشمەرگە و جوامێر بووە، لای من ئەم سێ خەسڵەتەی کاک کۆسرەت زۆر گرنگترە لەلایەنە سیاسییەکەی، راستە لە رووی سیاسیشەوە کاریگەریی هەبووە".

بەرهەم ساڵح هەروەها دەڵێت "نەخۆشییەکەی بۆ من زۆر ئازارێکی گەورە بوو، بەڵام خۆشبەختانە رەنگ و رووی زۆر خۆش و باشتر بووە". بەرهەم ساڵح هەروەها دەڵێت "ئەم پیاوە ئازایە دەرەقەتی ئەم نەخۆشییە دێ".

سەبارەت بە هەواڵپرسینی سەرکردەکان لە تەندروستیی باوکی، دەرباز کۆسرەت دەڵێت "سەرکردە عێراقییەکان لەوانەش حەیدەر عەبادی، هادی عامری هەموویان لە رێگەی کاک بەرهەمەوە پەیوەندییان کردووە و لە تەندروستیی باوکمیان پرسیوە".

مستەفا چاوڕەش کە ماوەی سێ خولە لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵ لە سەرکردایەتی یەکێتییە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "کاک کۆسرەت پیاوێکی ئازا و بە قابیلییەتە، ئەمساڵ کاک نەوشیروان و مام جەلال ماڵئاواییان لێکردین. ئەم دوو رۆژەی کاک کۆسرەت نەخۆشە، سەیری ئەو هەموو خەڵکە بکە لە هەموو شار و لادێیەکانەوە هاتوونەتە بەردەم نەخۆشخانە، ئێستا گرنگیی کاک کۆسرەت و هەموو کاکەکانی دیکە دەردەکەوێ".

مستەفا چاوڕەش کە یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانی کۆسرەت رەسوڵ، هەروەها دەڵێت: "بوونی کاک کۆسرەت لە ناومان هێز و ورەیە، هەر وەکو بوونی مام جەلال بە لاشە مایەی هێز و ورە بوو، کوردستان و یەکێتی پێویستیان بە کاک کۆسرەتە".

### ◄ دەتوانێ سیاسەت بکات؟

لەبارەی ئایندەی سیاسی کۆسرەت رەسوڵ کە ئایا نەخۆشییەکەی رێگەی پێدەدات بگەڕێتەوە بۆ سیاسەت؟ دەرباز کۆسرەت دەڵێت: "کاک کۆسرەت نە مێشکی، نە دڵی، نە جگەری هیچ کێشەیەکیان نییە و زۆر باشن، بگرە حاڵەتەکەی لەو جۆرە نییە کە نەتوانێ ئیدی سیاسەت بکات". گوتیشی "ئەرکی هێشتا تەواو نەبووە و دەبێ یەکێتی دوای مام جەلال بگەیەنێتە کەناری ئارام و کۆنگرە ببەسترێ".

دەرباز کۆسرەت ئاماژەی بەوەدا کە پزیشکەکان بڕیاریان داوە باوکی بۆ ماوەی 72 کاژێر لەژێر چاودێریی چڕی پزیشکیدا بێ و هەر ئەوانیش بڕیاری کۆتایی دەدەن کە کەی دەگەڕێتەوە ماڵ "بەڵام ئەوەی روونە لێرە بێ یان لە دەرەوەی وڵات، هەمان چارەسەری هەیە".

### ◄ "عێراقی نەگبەت کاک کۆسرەت دەستگیر دەکات"

دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتوبەر، کاتێ سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هاتنە نێو کەرکووک و دەوروبەری، پێشمەرگەکانی سەر بە کۆسرەت رەسوڵ عەلی لە گەڕەکی پیشەسازی رووبەڕووی هێزی حەشدی شەعبی بوونەوە. کۆسرەت رەسوڵ هاتنی هێزی عێراقی بۆ کەرکووک بە "داگیرکەر" ناوبرد. هەربۆیە حکومەتی عێراق سکاڵایەکی لەدژی کۆسرەت رەسوڵ تۆمار کرد بە تۆمەتی ئەوەی سوپای عێراقی بە داگیرکەر ناوبردووە.

مستەفا چاوڕەش زۆر دڵگرانە بەو بڕیارەی عێراق و دەڵێ "ئەگەر عێراق نەگبەت نەبێت کێ دەتوانێت بە خەیاڵیش کاک کۆسرەت دەستگیر بکات، ئەوانەی ئەو بڕیارەیان دەرکردووە خەڵکی شۆڤینین و دژی کوردن". گوتیشی "نابێ ئێمە گوێ بەو خەڵکانەی بەغدا بدەین، بەڵکو دەبێ ریزەکانمان یەکبخەین و ناو ماڵی خۆمان چاک بکەین".

تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆ خەڵک و لایەنەکان پەرۆشی دۆخی تەندروستی کەسی یەکەمی ئێستای یەکێتی نەبوونە. دەرباز کۆسرەت دەڵێت "هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان، وڵاتانی دراوسێ، ئەمریکا و بەریتانیا لە تەندروستیی کاک کۆسرەتیان پرسیوە و گوتیان ئامادەن لە نەخۆشخانەکانیان چارەسەری بکەن".

کوڕە گەورەکەی کۆسرەت رەسوڵ باوکی خۆی وەها پێناسە دەکات "بۆ من هەم باوک، هەم دۆست و هەمیش رەمزێکە و نزیکترین کەسی کاک کۆسرەتم". دەرباز کۆسرەت بەشێکی ناوەڕۆکی پەیوەندیی تەلەفۆنی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "کاک نێچیرڤان بارزانی چەند جارێک پەیوەندی بەمنەوە کرد و گوتی زۆر موتەئەسیرم بە نەخۆشکەوتنی کاک کۆسرەت. کاک سیدادیش تەلەفۆنی کرد. کاک عومەری سەید عەلی و تەواوی حیزبەکان هەموو لە نەخۆشخانە بوون، ناتوانین چاکەی خەڵک بدەینەوە، دووبارە قەرزاریان کردینەوە، داوا دەکەم دووعای خێر بۆ کاک کۆسرەت بکەن".

**دەرباز کۆسرەت رەسوڵ**

> باوکم دەگەڕێتەوە نێو سیاسەت و یەکێتی بەڕێوەدەبات

**بەرهەم ساڵح**

> کاک کۆسرەت کێوێکە لە ورە

**نێچیرڤان بارزانی**

> زۆر موتەئەسیر بووم بە نەخۆشکەوتنی کاک کۆسرەت

### نەخۆشییەکەی کۆسرەت رەسوڵ

ئەم نەخۆشییە بە گانگرینی ریخۆڵە ناودەبرێ. لە ئەنجامی وەستانی کتوپڕی رۆیشتنی خوێن بۆ ریخۆڵە روودەدات. حاڵەتێکی دەگمەنە. مەترسیدارە بۆ سەر ژیانی کەسەکە ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێ. نیشانەکانیشی بریتین لە سکئێشەی توند، سکچوون، پیسایی خوێناوی.

ئەگەری مردن بەو نەخۆشییە 50 % زیاترە بە تایبەتی ئەگەر بووبێتە گانگرین و زۆر زوو چارەسەر نەکرێ. خێرا ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە قۆناغە سەرەتاکاندا رێژەی مردن بە راددەی 50-55% کەم دەکاتەوە. ئەو هۆکارانەشی ئەگەری مردن زیاد دەکەن بریتین لە: بەساڵاچوون، سستیی گورچیلە، سستیی جگەر و دابەزینی ئاستی ئۆکسجینی خوێن.



## عومەر سەید عەلی: ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی نوێ هەیە

**ڕووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە. بەپێی ڕاگەیێندراوی کۆبوونەوەکە عومەر سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی ڕاگەیاندووە، گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانی شەڕێکی نوێ یەکریزی و یەکهەڵوێستی زیاتر لە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەخوازێ. ئەو دیدارەی نێوان گۆڕان و یەکگرتوو ڕۆژی 2017/11/12 لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. بەپێی ڕاگەیێندراوێکی کۆبوونەوەکە، هەردوولا جەختیان لە چارەسەری بەپەلەی کێشەکانی کوردستان کردووەتەوە. دلوایان لە لایەنەکان کردووە چارەسەرێک بۆ دۆخی سیاسی کوردستان بدۆزنەوە.

### بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی:

# هەوڵ هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران

> نابینە بەشێک لە ململانێی ئێران و ئەمریکا
>
> هۆشیار سیوەیلی

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت هەوڵێکی جدی هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر لەگەڵ تاران، بەڵام تاوەکو ئێستا بەئەنجام نەگەیشتووە. نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ ئەگەر کورد لە دانوستاندن جیددی بێ، ئەوە ئێران ئامادەیە.

ئێستا بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێ کە پارتی لە سووڕی متبوونی پەیوەندییەکانیدایە لەگەڵ دەرەوە، بە تایبەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. لەکاتێکدا هەمووان ئەم گۆشەگیرییە بۆ گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی ڕابردوو

> ئەگەر کورد لە دانوستاندن جدی بێت ئێرانیش ئامادەیە
>
> نازم دەباغ

دەگەڕێننەوە، هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئەو حیزبە دەڵێت ئەوەی ڕوویداوە هیچ پەیوەندی بە گشتپرسییەوە نییە.

پەیوەندییەکانی کورد و وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتیش تورکیا و ئێران و سووریا، پێشتر زۆرتر لە ڕێگەی حیزبەکانەوە بوو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ



کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول دەروازەکانی خۆی بەڕووی کوردستاندا داخستووە

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتانە و کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەو وڵاتانە لە هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای هەڵوێستی توندی کۆماری ئیسلامی لە خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان، بەڵام بەرپرسانی پارتی خوازیاری پەیوەندییەکی باشن لەگەڵ تاران، ئەگەر ئەو پەیوەندییە بە ناچاریش بێت، نایانەوێ ڕۆڵی وڵاتێکی هەرێمیی وەکو ئێران نادیدە بگرن کە لە یەک کاتدا ئیدارەی پایتەختەکانی (بەغدا، دیمەشق، سەنعا و بەیروت) دەکات.

هۆشیار سیوەیلی دەڵێت: "نەمانویستووە دژایەتی تورکیا و ئێران بکەین، بە تایبەت ببینە بەشێک لە ململانێی ئێران و ئەمریکا. ئەوە ئێمە نین دەستی هاوکاری لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ ئێران ڕەت بکەینەوە، بەڵکو ئەوانن نایانەوێ". سیوەیلی گوتیشی کە ئێستا هەوڵێک هەیە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران، "هەرچەندە تاوەکو ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر پاراستنی دەستکەوت و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەمیشە ویستوومانە کوردستان فاکتەری سەقامگیری بێت لە ناوچەکەدا و هەر ئەوەش سیاسەتی ئایندەمان دەبێ و پەیوەندییەکانمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش دادەڕێژین".

دوایین جار لە ساڵی 2011 دا مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان سەردانی ئێرانی کرد، لەگەڵ سەرۆک کۆمار و ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کۆبووەوە. دواتریش دوو جاری دیکە بە فەرمی داوەتی ئێران کرا. ئومێد سەباح گوتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم ڕۆژی 2016/8/22 ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند "بارزانی بانگهێشتنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدەستگەیشتووە و قبوڵی کردووە. تەنیا ئەوە ماوە کاتی گونجاو بۆ هەردوولا دیاری بکرێت تا ئەو سەردانە بکرێ". بەڵام سەردانەکە نەکرا، دواتر مەحموود محەممەد، گوتەبێژی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "بارزانی بەهۆی دانەنانی ئاڵای کوردستان و لادانی دیداری خامنەیی ئەو سەردانەی نەکرد".

ئێران هاوکاریی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کرد بۆ پەلاماردانی کەرکووک. لە دوای پەلامارەکەش، بەردەوام لە بەیاننامە فەرمییەکانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا ئێران بە دەستتێوەردانی سەربازی و سەرکردایەتی هێزی حەشدی شەعبی بۆ سەر کوردستان تۆمەتبار دەکرێت، بەرپرسانی ئەمریکا و ڕۆژئاواش ئەو زانیارییانەیان ڕەتنەکردووتەوە. مەسعود بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری نیوزویکی ئەمریکی ڕایگەیاند "ئۆپەراسیۆنی دەستبەسەرداگرتنی کەرکوک لەلایەن ئێرانەوە سەرکردایەتی دەکرا، بە ئاگاداری بەرپرسانی بەریتانیا و ئەمریکا".

بارزانی گوتیشی "کورد نە ڕووبەڕووی ئێران دەبێتەوە، نە کێبڕکێش لەگەڵ ئێران دەکات".

لە دوای ساڵی 2003 عێراق گۆڕەپانێک بووە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان تاران و واشنتن، بەڵام بە کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا لە ساڵی 2011 ، ئیدی گۆڕەپانەکە بۆ ئێران تەخت بوو، بەرپرسانی ئەمریکاش ئەمە ناشارنەوە کە ئێران بۆشاییەکانی پڕکردووەتەوە.

جۆن مەککەین، بەرپرسی لیژنەی هێزە چەکدارەکانی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لە دانیشتنێکی تایبەتی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕایگەیاند "ئێران لە ڕێگەی قاسم سولەیمانییەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدای ئاڵۆزتر کرد، بوونی هێزی حەشدی شەعبی لە عێراق سەقامگیریی وڵاتەکە دەخاتە مەترسییەوە، هەروەک چۆن بارودۆخی کەرکووک شڵەژا".

لە بەرامبەردا بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران گەڕانەوەی سوپای عێراق و حەشد بۆ کەرکووک و دژایەتی گشتپرسی باشووری کوردستان بە شکستی ئەمریکا و سەرکەوتن بۆ خۆیان دەزانن. محەممەد گوڵپایەگانی، بەرپرسی نووسینگەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، مانگێک دوای گشتپرسی گوتی: "بە فیداکاریی قاسم سولەیمانی و ڕاسپاردەکانی ڕێبەر پلانی ئیسرائیلی دووەم لە کوردستانی عێراق شکستی هێنا، بەبێ ئەوەی خوێن لە لووتی کەسێک بێت کەرکووک ڕزگار کرا".

هەروەها حوسەین سەلامی، جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند: "هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسی بزمارێکی دیکە بوو لە تابووتی ئەمریکا درا و ئیدی ئەمریکا ئەو هێزەی چەند دەیەی ڕابردوو نییە و سیماکانی هێزێکی جیهانیی لەدەستداوە".

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران لەبارەی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "شاندی ئێرانی زیاتر لە 70 کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد و حیزبەکان کرد، لە هەموو کۆبوونەوەکاندا هۆشدارییان دەدا لەبارەی لەدەستدانی دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ، چەندینجار ئەو زانیارییەم لە میدیاکان و کۆبوونەوە داخراوەکاندا بە سەرکردایەتی کورد ڕاگەیاند، بەڵام بە قسەیان نەکردین، ئێستاش ئەگەر پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆماندا نەکەین دەستکەوتەکانی دیکەش لەژێر هەڕەشەدان".

نازم دەباغ کە هاوکات نوێنەری یەکێتییە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەڵێ: "ئێران خاوەن نفوزێکی گەورە و بەهێزە لە عێراق، هەمیشە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە کە لە چوارچێوەی عێراقدا هەوڵی دابینکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد بدەن و ئامادەش بوون گوشار بخەنە سەر بەغدا، بەڵام ئێستا ئەو متمانەیە نەماوە".

سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و تاران، دەباغ دەڵێت "تاوەکو ئێستا هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی هەولێر و تاران ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە، بەڵام ئەگەر باشووری کوردستان لە گفتوگۆ جدی بێت، ئێرانیش ئامادەیە پەیوەندییەکان بباتەوە دۆخی جاران". گوتیشی "ئێران لە حیزبەکانی باشووری کوردستان نیگەرانە بە تایبەتی پارتی و یەکێتی. دەبێ کاک نێچیرڤان و کاک قوباد تاڵەبانی کە وڵاتانی ناوچەکە بڕیاریان داوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، ئەو شێوازە کلاسیکیە لە دانوستاندن و گفتوگۆ بگۆڕن، دەبێ نیەتێکی جددیان هەبێت و هەوڵی گەڕاندنەوەی متمانە بدەن. ئەگەر ئەمە بکەن بێگومان ئێرانیش ئامادەیە و دەتوانێت گوشار بخاتە سەر بەغدا بۆ ئەوەی بێتە سەر مێزی گفتوگۆ".

### تاوەکو حەشد نەکشێتەوە ناگەڕێتەوە

# پارتی دەڵێت 238 بارەگامان داگیرکراون

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ، دەیانتوانی لە خانەقین بمێننەوە، بەڵام بە "زەلیلانە" و لەژێر فەرمانی حەشدی شەعبیدا. ئەوە تەنیا خانەقین نییە کە ئاڵای پارتی تێدا داگیراوە، بەڵکو تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ پارتی بوونەتە ناوچەی قەدەغەکراو.

لە دوای 16 ئۆکتۆبەرەوە ، دۆخی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گەڕایەوە بۆ پێش ساڵی 1991 . ئەو حیزبەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی کوردی نەینەوا و شنگال و مەخمووری دەچنییەوە و چاوی لەوە بوو باڵانسی جەماوەریی خۆی لە کەرکووک و خانەقینیش بەرز بکاتەوە، ئێستا لە بەغدا ئاساییە و لەکەرکووک قەدەغەیە.

لە گەڕەکی کەڕڕادەی بەغدا کە ستان ئاڵا و هێمای سەربازیی هێز و گرووپە جیاوازەکانی حەشدی شەعبی بە کۆڵان و بازاڕ و ستوونەکانی کارەباوە هەڵواسراون، ئاڵایەکی کوردستانیش دەبینرێ بەسەر بارەگای لقی بەغدای پارتییەوە. ئەو لقەی لە دامەزراندنی پارتییەوە تاوەکو ئێستا بەشێک لە سەرکردە و دامەزرێنەرەکانی ئەو حیزبە لێپرساوی بوون، بەڵام ڕەوشەکە بۆ ئێستا وەک ڕۆژگاری دەسەڵاتدارێتی سەددام حوسێن، پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ.

ئیسماعیل مەندەلاوی، کارگێڕی لقی بەغدای پارتی دەڵێ لەکاتی دروستبوونی شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپا و حەشدی شەعبی، بەردەوام دەنگۆی ئەوە بڵاودەکرایەوە کە پەلاماری بارەگاکانمان دەدەن "بەڵام تاوەکو ئێستا پەلامار نەدراوین، تەنیا خۆمان چەند بارەگایەکمان داخستووە". بە گوتەی مەندەلاوی، تەنیا بەرپرسەکانیان لە هەفتەیەکدا چەند ڕۆژێک لە بارەگای لق دەوام دەکەن، بەڵام دۆست و لایەنگرانیان ناوێرن وەکو ڕابردوو سەردانیان بکەن.

پارتی لە بەغدا جگە لە بارەگای لق، چوار بارەگای لیژنەی ناوچەی هەیە. لە شارەکانی نەجەف و کوتیش دوو بارەگای ناوچەی هەیە. مەندەلاوی دەڵێ، هەموو بارەگاکانیان داخستوون "تەنیا بارەگای لق دانەخراوە، ئەویش دەوامێکی کەمی تێدا دەکەین". جگە لە پارتی، یەکێتی و سۆشیالیستیش بارەگایان لە بەغدا هەیە، ئیسماعیل مەندەلاوی دەڵێ "یەکێتیش حاڵیان وەک حاڵی ئێمەیە لە بەغدا".

### مەرجی گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک

تاوەکو ڕۆژی 15 ئۆکتۆبەریش، بەشێک لە بەرپرسانی یەکێتی لە کەرکووک لەوە نیگەران بوون کە پارتی لە کەرکووک کار لەسەر ئەوە دەکات بەرەکە لە ژێر پێیان دەربهێنێ، بەڵام دوای 16ی ئۆکتۆبەر، بڕیاربەدەستی یەکەم و کۆتایی لەو شارە گرووپە جیاوازەکانی حەشدی شەعبین.

محەممەد خورشید، بەرپرسی لقی کەرکووکی پارتی دەڵێ، 35 بارەگایان لەلایەن سوپا و حەشدی شەعبییەوە داگیرکراون و ئێستا هیچ جۆرە چالاکی و جموجوڵێکی حیزبی پارتی لەو شارەدا نەماوە " ماڵی ئەندامان و کادرانیشمان تاڵانکراون و ژمارەیەک کەسی ئێمە دەستگیرکراون و ئازاردراون".

بەڵام شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ بە مەرج دەگەڕێنەوە کەرکووک "دەبێ لەگەڵ خۆمان ئاڵای کوردستان ببەینەوە شارەکە، هەروەها حەشدی شەعبیش لە شارەکە نەمێنێ".

هاوکات سەعید مەموزینی، بەرپرسی



بەرپرسێکی پارتی: بەبێ ئاڵای کوردستان ناگەڕێینەوە کەرکووک

ڕاگەیاندنی لقی 14ی پارتی لە مووسڵ ڕایگەیاند کە لە سنووری ئەو پارێزگایە 10 بارەگایان بەدەست هێزەکانی حەشدی شەعبییەوەیە. گوتیشی "ناتوانین لەو ناوچانە کاری حیزبی بکەین و تەنانەت بەشێکی زۆری ئەندام و لایەنگرانیشمان لەوێ نەماون و ناوچەکەیان جێهێشتووە".

### "بەزەلیلی ناچینەوە"

شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی دەڵێ "ئێمە دانوستاندن لەگەڵ حەشدی شەعبی ناکەین بۆ ئەوەی بچینەوە خانەقین، دەبێ سەرکردایەتیی پارتی لەگەڵ بەرپرسانی عێراق ڕێکبکەوێ، نەک ئێمە بە زەلیلی بچینەوە ئەو ناوچانەی حەشدی شەعبی و هەمەجییەکان تێیدا باڵادەستن". شێخ جەعفەر مستەفا هەروەها دەڵێ "هەموو بارەگاکانمان حەشدی شەعبی داگیری کردوون".

پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری خانەقین 8 بارەگای داگیرکراوە. ئێستا ئەو ناوچەیە بۆ پارتی ناوچەی قەدەغەیە و وەک بەرپرسی لقی خانەقین باسی دەکات "ئەگەر بماینایەتەوە دەبوو بە زەلیلی لەبەردەستی حەشدی شەعبی دانیشین و ئەوان هەڵسوکەوتی ڕۆژانەشمان بۆ دیاری بکەن، گەڕانەوەشمان بەندە بەوەی کە حەشدی شەعبی ئەو ناوچە داگیرکراوانە چۆڵ بکەن".

### شنگال زۆرترین بارەگای پارتی لێبووە

پارتی دیموکراتی کوردستان لە شنگال و دەوروبەری زۆرترین بارەگای حیزبی هەبووە. ئیدریس سەرحوکی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی شنگالی پارتی دەڵێ 185 بارەگای لق و ناوچە و لیژنەی ڕێکخراومان هەبووە کە هەموویان ئێستا داگیرکراون.

بەڵام لەو ناوچەیە پارتی وەک ناوچەکانی دیکە پەرێشان نییە ،چونکە زۆربەی خەڵکەکەی لە ساڵی 2014 ەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و لە کەمپەکاندا دەژین. واتە ئەوە تاکە ناوچەیە کە خاکەکەی لەپارتی قەدەغە کرابێ و زۆربەی دانیشتووانەکەشی لە ئاوارەییدا بژین.

ئیدریس دەڵێ "ئەو ناوچەیە بەتەواوی لە ئێمە قەدەغە کراوە و زۆربەی بارەگاکانمان تاڵانکراون و کەلوپەلەکانی سووتێنراون"، بەڵام ئەوە دۆخی بارەگاکانی پارتییە لە هەموو ناوچەکان.

> **یەکێتی بە ئاڵای عێراقەوە دەوام دەکات**
>
> بەرپرسانی لقەکانی پارتی لەو ناوچانە دەڵێن لە پارێزگاکانی کەرکووک و نەینەوا و ناوچەکانی شنگال و خانەقین و مەخموور، یەکێتی لەناو بارەگاکانی خۆیدایە و کاری خۆی دەکات "بەڵام ئاڵای کوردستانیان پێ لابردوون و تەنیا ئاڵای یەکێتی و عێراق هەڵدەدەن".
>
> کرمانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی مەخمووری پارتی، هەروەها دەڵێ "3 بارەگای ئێمە داگیرکراون، بەڵام ئامادەنەبوونمان کاریگەریی وای نییە، چونکە ئەندام و لایەنگرانمان یان هەڵاتوون یان لەخۆمانەوە نزیکن".

## کریستیانەکان هاوار بۆ ڤاتیکان دەبەن

# حەشدی شەعبی خەریکی بە شیعەکردنی دەشتی نەینەوایە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

حەشدی شەعبی لە دەشتی نەینەوا دەستی داوەتە بەشیعەکرنی خەڵکی ناوچەکە کە مۆزایکێکن لە ئایین و مەزهەب و نەتەوەی جیاواز. کریستیانێکی ناحیەی بەرتللە دەڵێت لە ترسی حەشدی شەعبی تا ئێستا کەسیان نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، چونکە دەڵێت بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەک لە نێوان حەشدی شەعبی و داعشدا نییە.

عامر یاقو، کریستیانێکی ناحیەی بەرتلەیە، کاتێک لە ساڵی 2014 داعش پەلاماری ناوچەکەی دان، ئاوارەی شاری دهۆک بوو، هەرچەندە ساڵێکە بەرتلە ئازادکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە. ئەو دەڵێت "بەرتلە و حەمدانیە شوێنی مێژوویی ئێمەن، داعش هاتن بەناوی ئیسلام کڵێساکانی ئێمەیان لەناوبرد، سێ ساڵ چاوەڕێمان کرد تاوەکو چەکدارانی داعش نەمان، وامانزانی دوای داعش ژیان ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام ئێستا رەوشمان خراپترە".

ناحیەی بەرتللە سەر بە قەزای حەمدانیەی پارێزگای نەینەوایە. ژمارەی دانیشتووانی 40 هەزار کەس دەبێ کە زۆرینەی رەهایان کریستیانن. ناحیەکە سێ ساڵ لەبن دەستی داعشدا بوو، مانگی تشرینی دووەمی ساڵی رابردوو ئازاد کرا، بەڵام تاوەکو ئێستا یەک خێزانی کریستیان نەگەڕاوەتەوە ناوچەکە.

عامر بێ هیوایە لە گەڕانەوە و دەڵێت: "رۆژ بە رۆژ رەوشی ئەو ناوچانە خراپتر دەبێ، حەشدی شەعبی بە پلان هەوڵ دەدەن شوێنەواری کریستیانەکان و کڵێساکانی ئێمە لەو ناوچانە بگۆڕن، ئەوان لە شوێنی کڵێسا و ناوەندە ئایینییەکان دەستیان کردووە بە دروستکردن و کردنەوەی خوێندنگەی تایفی".



کردنەوەی قوتابخانەی (ئیمام خومەینی) لە شارۆچکەی بەرتلەی زۆرینەی کریستیان نشین

> "لە بەرتللە قوتابخانە بە ناوی ئیمام خومەینی کراوەتەوە"

> بۆ ئێمە هیچ جیاوازییەک لە نێوان حەشد و داعشدا نییە
>
> کریستیانێکی ناحیەی بەرتللە

نزیکەی مانگێک لەمەوبەر، بە ئامادەبوونی سەرکونسوڵی ئێران لە شاری هەولێر، خوێندگای ئیمام خومەینی لە ناحیەی بەرتللە کرایەوە. عامر دەڵێت: "ئەو کارەی حەشدی شەعبی و کردنەوەی قوتابخانەی ئیمام خومەینی کریستیانەکانی زۆر دڵگران کردووە، ئێمە یەکسەر نوێنەرەکانی خۆمان لە کوردستان و عێراق ئاگاداردار کردەوە"

سەرچاوەیەکی ئەمنی کە ئاگاداری کردنەوەی قوتابخانەی ئیمام خومەینییە لە بەرتللە، گوتی "کریستیانەکان بە کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە زۆر نیگەرانن. ئەمە هەوڵێکە بۆ بەشیعەکردنی ناوچەکە".

ئەو سەرچاوە ئەمنییە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "جگە لە کردنەوەی ئەو خوێندنگایە، ئێستا حەشدی شەعبی خەریکی نۆژەنکردنەوەی بنکەیەکی تەندروستی و دروستکردنی دوو خوێندنگەی دیکەی مەزهەبین. هەموو ئەو کارانەش لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی کونسوڵی ئێران و فەرماندەکانی حەشدی شەعبیدا دەکرێن".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، تاکە دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە حەشدی شەعبییە. سەرچاوەکە گوتی: "حەشدی شەعبی زۆر کار لەسەر بە شیعەکردنی ئەو ناوچەیە دەکات، گەڕەک و شەقامەکانی بەرتللەی پڕکردووە لە دروشم و لافیتەی تایفەگەری. لە حەمدانییەش بەهەمانشێوە، هەرچەندە لەوێ کریستیانی سەر بە حەشدی شەعبی هەن، بەڵام هیچ دەسەڵاتیان نییە".

وەحیدە یاقو کە یەکێکە لە نوێنەرانی کریستیانەکان لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت ئاگاداری ئەو هەوڵانەی حەشدی شەعبین بۆ بە شیعەکردنی ناوچەکە، هەموو هەوڵەکانیشمان دۆکیۆمێنت کردووە.

وەحیدە یاقۆ بە (رووداو)ی گوت "مەسەلەی بە شیعەکردنی دەشتی نەینەوامان گەیاندووەتە ڤاتیکان و رێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، چونکە ئەوە ستەمێکی ئاشکرایە لە کریستیانەکان دەکرێت، نابێت بەغدا بەرامبەر ئەو کارانەی حەشدی شەعبی بێدەنگ بێ".

## ئاوارە کریستیانەکانی لوبنان دەیانەوێ بگەڕێنەوە کوردستان

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

ژمارەیەک لە کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق کە پێشتر بەهۆی شەڕی داعشەوە بەدوای لانەیەکی ئارامدا گەڕابوون و لوبنانیان بۆ حەسانەوە هەڵبژاردبوو، ئێستا بەهۆی دۆخی سیاسی و سەربازیی ئەو وڵاتە بیر لەوە دەکەنەوە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. کریستیانێکی دهۆک دەڵێت چەند خزمێکی خۆی لە لوبنان بڕیاریان داوە ئەو وڵاتە جێبهێڵن. نوێنەرێکی کریستیانەکانیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت پەیوەندیمان پێوە کردوون و دەڵێن لێرە دەترسین.

میناس خامێ، کریستیانێکی شاری دهۆکە، چەند خزمێکی ئەو ئێستا لە لوبنانن و ناوی خۆیان نووسیوە بۆ ئەوەی کۆچ بکەن. میناس بە (رووداو)ی گوت: "سێ مانگە ژمارەیەک لە کەسوکارمان گەیشتوونەتە لوبنان، لەوێ ناوی خۆیان لە یوئێن نووسیوە، چاوەڕێ دەکەن ناویان دەربچێ بۆ ئەوەی کۆچ بکەن بۆ ئەمریکا، بەڵام خەریکە بێ ئومێد دەبن".

میناس دەڵێت بەهۆی ئەو رەوشەی لە لوبنان دروستبووە، ئێستا خزمەکانی ئەوێی زیاتر لە کوردستان هەست بە ئارامی دەکەن، بۆیە پەیوەندییان بە کەسوکاریانەوە لە کوردستان کردووە و دەڵێن دەیانەوێ بگەڕێنەوە.

سەرەتای هەفتەی رابردوو سەعد حەریری، سەرۆک وەزیرانی لوبنان لە راگەیەندراوێکی تەلەفزیۆنیدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی راگەیاند. حەریری لە گوتارەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە "پیلانی کوشتن"ی هەبووە و ئێران و گرووپەکانی سەر بەو وڵاتە بە هۆکاری ناسەقامگیریی لوبنان و کۆی ناوچەکە تۆمەتبار کرد. هەر دوای راگەیەنراوەکەی حەریری، ژمارەیەک وڵات، داوایان لە هاووڵاتیانیان کرد لوبنان جێبهێڵن.

لوبنان وڵاتێکی تائیفییە، دەسەڵات لەنێو موسڵمان (شیعە و سوننە) و مەسیحییەکان دابەش کراوە. موسڵمانە سوننەکان پۆستی سەرۆکی حکومەتیان بەدەستەوەیە. شیعەکان پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و مەسحییەکانیش سەرۆکایەتی کۆمار.

> 20هەزار کریستیانی عێراق و کوردستان لە لوبنانن
>
> پەرلەمانتارێکی کریستیان

> چەند خزمێکم بڕیاریان داوە بگەڕێنەوە کوردستان
>
> کریستیانێکی دهۆک

بوونی ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحی لە لوبنان و بەشداریی کارایان لە دەسەڵات، وای لە بەشێک لە مەسیحییەکانی عێراق کرد، بەتایبەتی لە رۆژگاری گەرمبوونی شەڕی تائیفیدا، روو لە لوبنان بکەن. دوای هاتنی داعش بۆ عێراق، مەسیحییەکانی مووسڵ و دەشتی نەینەوا کرانە ئامانج، ئەوان دوو رێگەیان لەبەردەم بوو (جزیەدان بە داعش، یان جێهێشتی زێدی خۆیان)، ئەوان دووەمیان هەڵبژارد.

هەرزوو وڵاتانی ئەوروپا باوەشیان بۆ مەسیحییەکان کردەوە، ئەمەش وایکرد بەدرێژایی شەڕی داعش کۆچی ئەوان بۆ دەرەوە بەردەوام بێ. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان رۆژانە سێ خێزانی مەسیحی کوردستان جێدێڵن. زۆربەیان روو لە لوبنان دەکەن، لەوێ لە ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوی خۆیان تۆمار دەکەن و ماوەیەک چاوەڕێ دەبن بۆ ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ وڵاتی سێیەم.

فەرید یەعقوب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە یەکێکە لە نوێنەرانی کریستیان لە پەرلەکانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئاگاداری قەلەقی و ئەو ترسەین کە لە کریستیانەکانی نیشتەجێی لوبنان نیشتووە، پەیوەندیمان پێوەکردوون و دڵنیامان کردوونەتەوە".

فەرید ژمارەی ئەو کریستیانانەی ئاشکرا کرد کە کۆچیان کردووە بۆ لوبنان و گوتی: "ژمارەی ئەو کریستیانانە جێگیر نییە، چونکە ئەوانەی دەچنە ئەوێ دوای ئەوەی ڤیزای وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا وەردەگرن، یەکسەر لوبنان جێدێڵن، ئێستا نزیکەی 20 هەزار کریستیانی عێراقی لە لوبنانن و چاوەڕێی وەرگرتنی ڤیزا دەکەن، ئێمەش لەسەر خەت دەبین، هەر شتێ روویدا هاوکارییان دەکەین".

## پەرلەمانتارێکی کورد:

# 10 %ی ئەندامانی حەشدی شەعبی وەهمین



**سیروان عەباس**
**رووداو – هەولێر**

ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای دەکات، کاتێک حەیدەر عەبادی وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستبەکار بوو، 50 هەزار بندیوار لە نێو هێزە چەکدارەکاندا هەبوو، بەڵام چاوپۆشییان لێکرا، دەشڵێت "ئێستاش 10%ی ئەندامانی حەشدی شەعبی وەهمین".

بەپێی پێوەری جیهانی بۆ وڵاتە گەندەڵەکان، عێراق چوارەم گەندەڵترین وڵاتی جیهانە لە دوای نەیجیریا، کۆریای باکوور و سۆماڵ، رێژەی هەژاریش ساڵانە بەرز دەبێتەوە و بەگوێرەی وەزارەتی پلاندانانی عێراق گەیشتووەتە 30%. واتا لە هەر سێ هاووڵاتی لە عێراق یەکێکیان هەژارە و بە زەحمەت پێداویستی سەرەتایی رۆژانەی خۆی دابین دەکات. رێژەی بێکاریش گەیشتووەتە 20%. هەندێک لە بەرپرسانی عێراق رایانگەیاندووە کە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە یەک تریلیۆن دۆلار بە هەدەر دراوە.

بەپێی پرۆژەی بودجەی گشتی، عێراق دوو ملیۆن و 885 هەزار و 834 مووچەخۆری هەیە، بەڵام ئەحمەد حاجی رەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو) ی راگەیاند: "ئەم داتایە راست نییە، بۆ نموونە لە نامەیەکدا داوای لیستی ناوی فەرمانبەرانم لە وەزارەتی نەوت کردووە، کاتێک بەراوردم کرد بە لیستەکەی ئەنجوومەنی وەزیران، ژمارەکان هاوتا نەبوو".

ئەحمەد حاجی رەشید پێیوایە بەشێک لە گەندەڵییەکانی عێراق لە رێگەی لیستی مووچەی فەرمانبەرانەوە دەکرێ. ئەو گوتی: "بۆ نموونە لە بودجەی 2016دا بڕی 38 تریلیۆن دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخانکرا، بەڵام دواتر پێداچوونەوەی بۆ کرا و بۆ 36 تریلیۆن کەمکرایەوە، ئەمەش نادروستیی ژمارەی مووچەخۆران دەگەیێنێ".

ئەحمەد حاجی رەشید دەڵێت بەشێکی دیکەی گەندەڵییەکانی عێراق لە قەرزەکانیدا دەکرێ و لە دوو راپۆرتی وەزارەتی داراییدا سەبارەت بە قەرزە کەڵەکەبووەکان کە ماوەی نێوانیان چەند کاژێرێک بووە، 300 ملیۆن دۆلار زیادکراوە، بەجۆرێ لە راپۆرتی یەکەمدا قەرزەکانی سەر عێراق 40 ملیار و 700 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە راپۆرتی دووەمدا کراوەتە 41 ملیار دۆلار.

ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێت حیسابی عێراق بۆ پێدانی پارەی چەک بە ئەمریکا کراوەیە و تاوەکو ئێستاش هیچ کەس وردەکاریی ئەو حیسابە نازانێت، ئەو گرێبەستەی نێوان عێراق و ئەمریکا کە بە SMS ناسراوە، هیچ چاودێرییەکی لەسەر نییە.

بە گوتەی نەجیبە نەجیب، لە ساڵی 2004 بۆ 2017 بڕی 950 تریلیۆن دینار چووەتە نێو خەزێنەی عێراق، بەڵام لە سەرفیات و حیساباتدا تەنیا 600 تریلیۆن دینار دیار بووە.

حکومەتی عێراق لە ساڵی 2014 وە تاوەکو ئێستا نزیکەی 29 ملیار دۆلاری یەدەگی بانکی فیدراڵی خەرج کردووە، ئەمە جگە لەوەی حکومەتی عێراق ئێستا تەنیا چارەکێکی بەشە خۆراکی مانگانە کە پێشتر بەتەواوی دابین دەکرا، دەداتە هاووڵاتیان. سەرباری ئەمەش تاوەکو ئێستا لە عێراق ئامارێکی دروستی دانیشتووان نییە، لەکاتێکدا بڕیاربوو لە ساڵی 2007 سەرژمێری لەعێراق بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق دوایخست.

### "10 %ی حەشدی شەعبی وەهمین"

ئەردەڵان نورەدین، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "کاتێک حەیدەر عەبادی وەک سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەستبەکاربوو، 50 هەزار بندیوار لە هێزە چەکدارەکاندا هەبوو، بەڵام بە هۆکاری سیاسیی چاوپۆشییان لێکرا، ئێستاش 10%ی هێزەکانی حەشدی شەعبی ناوی وەهمین و مووچەکانیان دەچێتە گیرفانی بەرپرسەکان".

ئەردەڵان نورەدین ئاماژە بەوە دەکات کە رۆژانە خەڵک و بەرپرسان لەلایەن لیژنەی دەستپاکییەوە رووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە، بەڵام دادگا ناتوانێ رۆڵی یاسایی و دادپەروەرانەی خۆی بگێڕێت بەهۆی ئەوەی کە هەندێک لەو بەرپرسە تۆمەتبارانە هەڕەشە لە دادگا دەکەن، ئەمەش وای کردووە کە بەرپرسان لەسەر دۆسیەی گەندەڵی سزا نەدرێن یاخود سزایەکی نادادپەروەرانە و سووک بدرێن.



## پەکەکە بە درۆن هێرشدەکاتە سەر سوپای تورکیا

**ڕووداو- ئاگری**

گەریلاکانی پەکەکە بۆ یەکەمجار تاکتیکی نوێ بۆ هێرشکردنە سەر سوپای تورکیا بەکاردەهێنن، ئەویش بەکارهێنانی درۆنە بۆ بۆمببارانکردن. وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە ڕاگەیێندراوێکیدا ئاشکرای دەکات، کە پەکەکە بۆ یەکەمجار تاکتیکی بەکارهێنانی درۆن لە چیای تەندورەک سەر بەپارێزگای ئاگری لە باکووری کوردستان بەکارهێناوە، کە لەو ڕێگەیەوە بۆمب بەسەر هێزە ئەمنییەکانی تورکیا فرێدەدات. لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە 2017/11/12، یەکە سەربازییەکانی تورکیا، دوو درۆنیان لە دروستکراوی چینی لە بەرزایی 300 مەتر خستەخوارەوە دوای ئەوەی گەریلاکانی پەکەکە هەوڵیاندا ڕۆکێتبارانیان بکەن".

### سپێنسەر گاریسن، جێگری گوتەبێژی هاوپەیمانی دژی داعش لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# تا داعش بمێنێ یارمەتی هەسەدە دەدەین

سپێنسەر گاریسن، جێگری گوتەبێژی هاوپەیمانی دژی داعش لە عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) کە لە ڕێگەی ئیمەیلەوە لەگەڵی کراوە، دەڵێت هەتاوەکو چەکدارانی داعش بمێنن، لە هاوکارییەکانیان بۆ هێزەکانی سووریای دیموکرات لە سووریا بەردەوام دەبن. سەبارەت بە بەردامبوونی هاوکارییەکانیشیان بۆ پێشمەرگە، دەڵێت تاوەکو ئێستاش لە مەشقدانی پێشمەرگە بەردەوامن، بەڵام سەبارەت بە چەک و مەشقی پێشمەرگە لە داهاتوودا هیچ بڕیارێکی درێژخایەن نەدراوە.

ڕێبوار قاسم
ڕووداو - هەولێر



هاوپەیمانان بڕیاری درێژخایەنیان نییە بۆ پێدانی مەشق و چەک بە پێشمەرگە

> مەشق و چەکمان بە 22 هەزار پێشمەرگە داوە

> تاوەکو ئێستاش مەشق بە پێشمەرگە دەکەین

**ڕووداو: داعش لە ناوچە شارییەکانی سووریا دەرکراوە، پەیوەندی ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە داهاتوودا چۆن دەبێت، لە کاتێکدا گومان هەیە ئەمریکا دوای تێکشکاکانی داعش پشتگوێیان بخات؟**

**سپێنسەر گاریسن:** هێزەکانی هاوپەیمانان پابەندن بە هێزەکانی سووریای دیموکرات کە هاوپەیمانی ئێمەن لە سووریا. ئەوان ئازایانە شەڕیان کردووە و قوربانییەکی زۆریشیان داوە، ئەو هێزانە چوار ملیۆن کەسیان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش ڕزگارکردووە. هەڵبەت تاوەکو ئێستاش شەڕ ماوە بۆ ئەوەی داعش بە تەواوەتی لەو ناوچەیە پاک بکرێتەوە. چەکدارانی داعش هێشتا لە ناو دۆڵەکانی نزیک ڕووباری فورات خۆیان حەشارداوە و شەڕ دەکەن. ئامانجی سەرەکی ئێمەش ئەوەیە لە هەموو ئەو ناوچانە داعش تێک بشکێنین.

**ڕووداو: ئێران و ڕژێمی سووریا پلانی ئەوەیان هەیە لە ڕەققە و دێرەزۆر شەڕی هەسەدە بکەن، ئەگەر ئەم سیناریۆیە ڕوویدات ئایا ئەمریکا پشتگیری هەسەدە دەکات؟**

**سپێنسەر گاریسن:** ناتوانین پێشبینی بۆ سیناریۆکانی داهاتوو بکەین. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە پابەندین بە پشتگیری کردنی هەسەدە لەو شەڕەی بۆ تێکشکاندنی داعش دەیکەن. هاوپەیمانان هەوڵی خۆدوورگرتن لە پێکدادان لەگەڵ ڕووسیا دەدەن، کە پشتگیری لە ڕژێمی سووریا دەکات، لەسەر ئەمەش بەردەوام دەبین و فۆکەسمان لەسەر تێکشکاندنی داعش دەبێت.

**ڕووداو: هەڵوێستی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی کەرکووک چییە، ئایا ئەمریکا هۆشداری داوەتە بەغدا بۆ ئەوەی هێرشەکانی بوەستێنێت؟**

**سپێنسەرگاریسن::** ئەمریکا چاودێری ڕەوشەکە دەکات و هانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە دەدات ڕێگەی گفتوگۆ بگرنەبەر

**ڕووداو: ئەمریکا جگە لە ئیدانەکردنی هێرشەکانی بەغدا هیچ هێڵێکی سووری بۆ هێرشەکان داناوە؟ ئایا هەولێر هێڵی سووری ئەمریکایە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** داهاتووی عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، هاوپەیمانان بڕوایان وایە دیالۆگەکانی ئێستا باشترین ڕێگەن بۆ ئەوەی هەموو عێراقییەک لە داهاتووی وڵاتەکەیدا دەنگی خۆی هەبێت. داعش گەورەترین بەربەستە کە ڕێگە لە ڕوودانی ئەو دیالۆگە دەگرێ، چونکە ستراتیژی ئەو ڕێکخراوە ئەوە لەخۆدەگرێت کە تۆوی ناکۆکی لە نێوان گروپە جیاوازەکانی عێراقدا بچێنن. هەر بۆیەش پێمانوایە گەورەترین بەشداری ئێمە لە داهاتووی عێراقدا بریتی دەبێت لەوەی داعش تێک بشکێنین. حەز دەکەین باسی ئەوەش بکەین کە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی عێراق پیشانیان داوە کە کاتێک پێکەوە کاریان کردووە بەسەر داعشدا زاڵ بوون، وەکوو چۆن لە مووسڵ و ئازادکردنی خێرای تەلەعفەر و حەویجەش بینیمان. ئێستا ئەولەویەتی هاوپەیمانان لە عێراق ئەوەیە پشتگیری لە هاوپەیمانەکانمان بکەین داعش لەدوایین شوێنەکان لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار تێکبشکێنن.

**ڕووداو: ئەمریکا لەسەر پشتگیری پێشمەرگە لەڕووی تەقەمەنی و ڕاهێنانەوە بەردەوام دەبێت؟**

**سپێنسەر گاریسن:** لە ساڵی 2014ەوە هاوپەیمانان مەشق و چەکیان پێشکەش بە 22 هەزار پێشمەرگە کردووە. هاوپەیمانان تاوەکو ئێستاش مەشق بە هێزی کوردی دەکەن. سەبارەت بە چەک و مەشقی پێشمەرگە لە داهاتوودا هیچ بڕیارێکی درێژخایەن نەدراوە.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق چاوی لەسەر فیشخابوورە. حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، ڕایگەیاندووە کە ئەمریکا پشک و بەرژەوەندی لەو خاڵە سنوورییەدا هەیە. هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر ئەو خاڵە سنوورییە چییە و ئایا ئەمریکا هیچ بەرژەوەندییەکی تێیدا هەیە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** خاڵە سنوورییەکانی عێراق پرسێکی نیشتمانین کە دەبێ لە ڕێگەی پرۆسەی سیاسی گونجاوەوە بڕیاریان لەسەر بدرێت. فۆکەسی هاوپەیمانان لەسەر تێکشکاندنی داعش و زەمانکردنی ئارامی و ئاسایشی درێژخایەنی خەڵکی عێراق دەبێت.

**ڕووداو: میلیشیاکانی نزیک لە ئێران بەشێکی سەرەکی لە هێرشەکانی سەر کەرکووک بوون، ئەمریکا چۆن لە نفووزی تاران لەو ناوچایە دەڕوانێت و پلانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریی ئێران چییە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** ئێمە بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە هەموو هێزە چەکدارییەکانی عێراق دەبێت لەژێر فەرمانی سەرۆکوەزیرانی عێراقدا بن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراق کار بکەن.

**ڕووداو: کورد کە سەردەمانێک بە هاوپەیمانی متمانەپێکراوی ئەمریکا دەزانرا، هەست دەکات ئەمریکا جارێکی دیکە خیانەتی لێکردووە. ئەمریکا هیچ پلانێکی هەیە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هەستە؟**

**سپێنسەر گاریسن:** ئێمە بەشداری ئازایانەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرز دەنرخێنین، چونکە ئەوان بوێرانە بۆ بەرگری لە عێراق و جیهان لەدژی تیرۆریستانی داعش شەڕیان کرد. ئێمە پشتگیریمان لە پێشمەرگە کردووە وەکوو بەشێکی سەرەکی لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق. هانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق دەدەین پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکەن، بۆ ئەوەی هەموومان بتوانین تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنین و فۆکەسمان لەسەر ئاسایشی درێژخایەنی هەموو عێراق بێت.

# ئەمریکا بە سیاسەتەکانی خۆیدا دەچێتەوە بەرامبەر کورد

> گرتنی کەرکووک شکستی دیپلۆماسییەتی ئەمریکا بوو لە عێراق
>
> توێژەرێکی پەیمانگای برووکینگز

> ئەگەر ئەمریکا کورد لە کیس بدات، دەستی لەعێراق لاواز دەبێت
>
> ڕەنج عەلائەددین



ئەمریکا چیدی بە مەرجی بەشداری کورد لە یەکپارچەیی خاکی عێراقدا یارمەتی پێشمەرگە نادات

**ڕووداو- هەولێر**

هەڕەشەکانی کۆشکی سپی لە ئێران و دەستەوەستانیی واشنتن لەبەرامبەر فراوانخوازییەکانی تاران، شارەزایانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی هاوسەنگی لە نێوان گوتار و کرداری ئیدارەی ئەمریکی بەرامبەر ئێران نییە.

## پەیامی کەوتنی کەرکووک

چەند هەفتەیەک پێش کەوتنی کەرکووک، سەرۆکی ئەمریکا باسی لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکرد، نەک لەبەر ئەوەی ئێران پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبووە، بەڵکو لەبەرئەوەی سەقامگیریی ناوچەکەی تێکداوە. ناوەڕاستی مانگی پێشوو، ئێران لە کەرکووک ئەو بۆچوونەی ئەمریکای پشتڕاستکردەوە، بەڵام ئەمریکا دەستەوەستان سەیری کەوتنی کەرکووکی کرد.

دێنیس ڕۆس، توێژەر لە پەیمانگای واشنتن، پاش هێرشەکانی کەرکووک لەگەڵ ژمارەیەک کۆنەبەرپرس و ئەکادیمیسیەنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانیشتووە. کەشی باڵادەست لە دانیشتنەکاندا لە دەوری ئەو پرسیارە سووڕاوەتەوە کە "ئەمریکا چۆن توانی کورد پشتگوێ بخات؟ دوو کەسایەتی عەرەبیش پێیانوابووە "ئەمریکا جارێکی دیکە بەڵێنی خۆی شکاند".

لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا ڕۆس هەوڵیدابوو هۆکاری دەستەوەستانیی ئەمریکا بۆ بڕیاری گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول بگەڕێنێتەوە، بەڵام وەکوو خۆی دەگێڕێتەوە "ئەوان ئەو ئارگۆمێنتەیان بە گوێدا نەدەچوو". چونکە بەبۆچوونی ئەوان هەرچەندە واشنتن نەیتوانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان لە بڕیاری گشتپرسییەکە پاشگەز بکاتەوە، بەڵام "هەر نەدەبووایە ڕێگە بدەن کورد بەو جۆرە تێکبشکێ".

ڕۆس کە ڕاوێژکاری باڵای ئۆباماش بووە، دەڵێت لە ماوەی دوو ڕۆژی دانیشتنەکاندا کەسایەتییە عەرەبەکان جەختیان لەوە دەکردەوە "جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گوتار و کرداری ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەیە". بە بۆچوونی دێنیس ڕۆس، "لە کاتێکدا ئەمریکا بەشەڕی دژی داعشەوە لکاوە، ئێران خۆی بۆ قۆناغی دوای داعش ئامادە دەکات".

ڕۆس پێیوایە دەستەوەستان مانەوەی ئەمریکا لە کاتی کەوتنی کەرکووکدا "پەیامێکی زۆر بەهێزتری تێدا بوو لەو لێدوانانەی ئیدارەی ئەمریکا لەبارەی ئێرانەوە دەیدەن"، پەیامەکەش تەنیا بۆ ئێران نییە، بەڵکو بۆ وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکەشە، چونکە ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆشایی دوای تێکشکانی داعش پڕبکەنەوە دەبێ کۆمەڵێک هەنگاویش لە ئەمریکا ببینن بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا.

## کەرکووک و شکستی دیپلۆماسی ئەمریکا

پێش گشتپرسییەکە کۆدەنگییەک لەنێو شارەزایاندا هەبوو کە کاردانەوەی عێراق دوای 25ی ئەیلول توند دەبێت، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوەش کۆک بوون کە ئەمریکا دەتوانێت لەڕێگەی دیپلۆماسییەوە ڕێگە لە پێکدادانی نێوان هەولێر و بەغدا بگرێ.

درۆر میچمەن و یاڵ میزراهی، دوو شرۆڤەکاری پەیمانگای (برووکینگز)، پێیانوایە ڕووداوەکانی یەک مانگی ڕابردوو لە لایەکەوە "شکستی دیپلۆماسیی ئەمریکا پشتڕاست دەکەنەوە" لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەن بەوەی "کاریگەریی ئەمریکا لە عێراق ڕوو لە دابەزینە، ئەمەش ئاماژەیەکی گەورەیە بۆ هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست".

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (برووکینگز) شکستی هەوڵە دیپلۆماتیکەکەی ئەمریکا سێ دەستکەوتی گەورەی بۆ ئێران هەبوو. ئەویش دوورکەوتنەوەی زیاتری یەکێتی و پارتی لە یەکدی، گرێتیندان بە دەرکەوتنی حەشد لە عێراق و سەلماندنی کاریگەری و نفوزی تاران بەسەر بەغداوە.

هەڵوێستی ساردی ئەمریکا لە هێرشەکانی کەرکووک تەنیا ئاماژەی بۆ وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە و ئێران تێدا نییە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر داهاتووی سیاسی عێراق و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراقیش دادەنێت. یەکێک لە لێکدانەوە زاڵەکان ئەوەیە کە واشنتن بەرنامەی ستراتیژیی خۆی بۆ عێراق لەسەر عێراقێکی یەکگرتوو بە سەرکردایەتی حەیدەر عەبادی داناوە، بەڵام بەبۆچوونی دوو لێکۆڵەرەکە "مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ قەیرانی کەرکووک شکستی بەو سیاسەتەش هێنا، چونکە ئەو مامەڵەکردنە کورد و عەرەبی سوننەی عێراقی بێئومێد کرد و جارێکی دیکە سەلماندی کە لە عێراق کێشەکان لە مەیدانی شەڕدا چارەسەر دەکرێن نەک لەسەر مێزی دیالۆگ".

## پەیوەندیی کورد و ئەمریکا بەرەو کوێ؟

لەدوای کەوتنی کەرکووک، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کوردستان گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی لە دوو دەیەی ڕابردوودا. ڕەنج عەلائەدین، لێکۆڵەری کورد لە پەیمانگای برووکینگز دەڵێت: "پاش نیشتنەوەی تەپوتۆزی قەیرانی کەرکووک، ئەمریکا و کوردستان دەبێ بەخێرایی بە پەیوەندییەکانیاندا بچنەوە و دایانمەزرێننەوە، ئەمەش لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، کوردستان و عێراقدا دەبێ".

لێکۆڵەرە کوردەکە پێیوایە "تاوەکو ئێستاش بەرژەوەندییە ئەمنی و جیۆپۆلیتیکییەکانی ئەمریکا و کوردستان پێکەوە بەستراون"، بەتایبەتیش لە کاتێکدا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە 2018 بەڕێوەن، چونکە "بەبێ پشتگیریی هەرێمی کوردستان، عەبادی ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوودا سەرکەوتوو بێت".

ڕەنج عەلائەدین ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەگەر ئەمریکا کورد لە کیس بدات، ئەوە دەستی واشنتن لە بەغدا و بەشەکانی دیکەی عێراق لاواز دەبێت.

پێدەچێت ئەمریکا بە بەشێک لە ڕوانگەکانی ئەم یەک مانگەی دوایی بەرامبەر بە حکومەتی عێراق و کورددا چووبێتەوە. نموونەی ئەمەش لە دوایین کۆپی پرۆژە بودجەی بەرگریی ئەمریکادا دەبینرێت. لە ڕەشنووسی پێشتری ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکادا هاتبوو کە هاوکاریی سەربازیی ئەمریکا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەستراوەتەوە بەوەی "هەرێمی کوردستان بەشدار بێت لە حکومەتی عێراقی یەکپارچەدا".

لەدوایین کۆپی ئەو پرۆژەیەدا کە ڕۆژی هەشتی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بڵاوکراوەتەوە، ئەو مەرج یان هۆشدارییە لادراوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا داوای 365 ملیۆن دۆلاری بۆ مووچە و پێگەیاندنی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە.

بۆ پاراستنی پەیوەندییە لەمێژینەکانی ئەمریکا و کوردستان، ڕەنج عەلائەدین پێشنیاز دەکات "ئەمریکا پێویستە وەکوو هەنگاوی کورتخایەنی خۆی هێڵێکی سوور دابنێت بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات بەغدا پێشڕەوی زیاتر بەرەو خاڵی سنووریی کێشە لەسەری پێشخابوور بکات. هۆشداریش دەدات کە ئەگەر بەغدا لەسەر نیازەکانی خۆی سوور بێت، ئەوە "دەکرێت هۆکاری شەڕێکی نێوخۆیی نوێ بێت و دەستکەوتە ئەمنییەکانی ئەمریکا هەڵوەشێنێتەوە و ڕێگە بۆ ئێران خۆشبکات بۆ ئەوەی دەسەڵات و هێزی خۆی بخاتەکار و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی غیابی دەستپێشخەریی ئەمریکاوە دروستبووە".

لە ڕاپۆرتەکەی کۆنگرێسی ئەمریکادا کە وردەکاریی بودجەی سەربازیی ئەمریکای تێدایە، وەکو هێزی سەر بە ئێران ئاماژە بە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکرێت و ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی داعش دەکەن و ئیدانەی دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری عێراقدا دەکەن. لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە کۆنگرێس "بەتایبەتی نیگەرانە لەو ڕاپۆرتانەی ئاماژە بۆ پێکدادانی هێزەکانی پێشمەرگە و میلیشیاکان دەکەن کە ئێران پشتگیرییان دەکات، جەخت لەسەر بایەخ و گرنگیی بەشداری هێزە ئەمنییەکانی کوردستان لە شەڕی دژی داعش دەکرێتەوە و ئیدانەی دەستتێوەدانی ئێران لە کاروباری نێوخۆی عێراق دەکرێت".

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەلمۆنیتەر) ئەو ڕاپۆرتەی کۆنگرێس "ڕووناکییەکی زیاتر دەخاتە سەر شێوازی مامەڵەکردنی ئەمریکا لەگەڵ میلیشیا شیعەکان و نفوزی ئێران لە عێراق لە قۆناغی پاش تێکشکانی داعش".



# کوردستان داوای 384 ملیار دۆلار قەرەبوو لە بەغدا دەکات

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەی ئەو مادده دەستووریانەی حکومەتی عێراق پێشێلی کردوون ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن. پەرلەمانتارێکی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "وەکو تاوانباری جەنگ سکاڵا لەسەر حەیدەر عەبادی تۆمار دەکەم".

شاندێکی کوردستان بە بەشداریی زۆربەی حیزب و لایەنەکانی باشووری کوردستان جگە لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵ سەردانی بەغدایان کرد و لە ماوەی یەک هەفتەدا 36 کۆبوونەوەیان لەگەڵ لایەنەکانی عێراق کرد. شاندەکە ڕاپۆرتێکی 20 لاپەڕەییان لەسەر پێشێلکردنی 55 ماددەی دەستوور خستە بەردەم لایەنە عێراقییەکان. بەپێی ڕاپۆرتەکە کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، پێشێلکارییەکان ژمارەیەک تەوەرلەخۆدەگرن. لەوانە: پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی فیدراڵی و هاوبەشیی ڕاستەقینە لە دەسەڵات. پێشێلکاری پرەنسیپی دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. پێشێلکردنی ماددەی 140 و 143. بڕینی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی. پابەندنەبوونی حکومەتی فیدراڵی بە پرەنسیپی هاوبەشی لە دابەشکردنی سامانە سروشتییەکان. پێشێلکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و شکستخواردنی عێراق وەکو دەوڵەت.

ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی بێت نەهرێن کە یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندەکەی کوردستان بۆ بەغدا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە کۆبوونەوەکانماندا بە ڕوونی باسی ئەو پێشێلکارییانەی دەستوورمان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان کرد، ئەوانیش لەسەر ئەو پێشێلکاریانە قسە و تێبینی خۆیان هەبوو".

پێشێلکردنی ئەو 55 ماددەیەی دەستوور تاوەکو پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بوو. ڕۆمیۆ هەکاری دەڵێت تەواوی پرۆسەی جوڵاندنی هێز و مامەڵەکردن لەگەڵ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان لەلایەن بەغداوە نادەستووری بووە "چونکە جوڵاندنی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سیاسی و نێوخۆیی پێچەوانەی دەستوورە".

> وەکو تاوانباری جەنگ سکاڵا لەسەر عەبادی تۆمار دەکەم
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

دوو ڕۆژ دوای گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی باشووری کوردستان، پەرلەمانی عێراق بەبێ ئامادەبوونی پەرلەمانتارانی کورد 12 بڕیاری لەدژی هەرێمی کوردستان پەسەند کرد و حکومەتی عێراقی پابەند کرد بە جێبەجێکردنیانەوە. دیارترینیان بڵاوکردنەوەی هێز بوو لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی ئەو ناوچانە.

سەلیم کۆیی، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت: "سەردانی شاندی حیزبی بۆ بەغدا چارەسەری کێشەکان ناکات، باشترین بژاردە بەهێزکردن و پشتیوانیکردنی پەرلەمانتارانی کوردە، چونکە زۆربەی ڕێوشوێنەکانی بەغدا دژی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پەرلەمانەوەیە، بۆیە دەبێ کوردیش لە ڕێگای پەرلەمانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی بدا، هەر لە پەرلەمانیشەوە دەتوانێت ڕێگری لەو پێشێلکاریانە بکات کە ئێستا بەرامبەر کورد دەکرێن".

یەکێک لە پێشێلکارییەکانی دەستوور بەلای کوردەوە نەبوونی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە بەپێی ماددەی 85 دەبێ دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بە پەیڕەوێک ڕێکبخرێ، بەڵام لە ماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا سێ سەرۆکوەزیرانی شیعە دەسەڵاتەکانی تەواوی ئەنجوومەنی وەزیرانیان تاکلایەنە پیادە کردووە.

ماددەیەکی دیکە پەیوەستە بە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی نەبوونی سەرژمێری 17 %ی کۆی بودجەی بۆ دانراوە، بەڵام بەغدا هیچ کاتێک ئەو بڕەی نەناردووە. چوار ساڵیشە ئەو پشکە بەیەکجاری بڕاوە. ئەوە سەرباری سوومەندنەبوونی کورد لە 17 %ی قەرزی دەرەکیی عێراق لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ساڵانە لە بودجەی سیادی ئەو قەرزانە دەداتەوە. پێشمەرگە بەپێی دەستوور بەشێکە لە سیستەمی بەرگریی عێراق، کەچی چەندین ساڵە لە ڕووی مووچە و پێداویستی و چەکەوە هیچی بۆ نەکراوە. ئەمانە سەرباری پشکی کوردستان لە نوێنەرایەتی دیبلۆماسی و کردنەوەی نووسینگەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی باڵیۆزخانەکانی عێراق، ڕێگری لە دروستکردنی هەرێمێکی دیکە لە چوارچێوەی عێراق و زۆری دیکەش.

بەپێی ڕاپۆرتەکە حکومەتی بەغدا خۆی لە قەرەبووکردنەوەی خەڵکی کوردستان دەدزێتەوە کە بەهۆی سیاسەتی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقەوە لە ساڵانی 1963 تاوەکو 2003 تووشی زیانی زۆری گیانی و ماڵی بووە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەو زیانانە بە 384 ملیار دۆلار خەمڵێندراون.

کورد ڕەخنەی لە حکومەتی عێراق هەیە کە کۆمەڵێک وەزارەت و دامەزراوەی گرنگ هەن ماوەی 12 ساڵە یاسای تایبەتیان بۆ دەرنەچووە، نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە دەزگای هەوڵگری، گومرگ و نەوت و غاز، شوێنەوار، هەروەها نەبوونی یاسای بۆنە فەرمییەکان و ئاڵای عێراق.

ئێستا ڕێژەی کورد لەنێو سوپای عێراقدا 1 % زیاتر نییە، لە هەندێک شوێن تەنیا چەند ئەفسەرێکی کورد ماون، لە کاتێکدا کورد دەبێ دوو فەرماندەی فیرقە و سوپاساڵاری هەبێت. بەپێی لیستی مووچە لە بەشە بودجەی عێراقدا، ژمارەی کارمەندانی وەزارەتی بەرگریی عێراق زیاترە لە 250 هەزار کەس.

مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زۆربەی مادده و بڕگەکانی دەستووری عێراق پەیوەست بە کورد جێبەجێ نەکراون، بۆیە دەبێ کورد سیاسەتێکی ڕۆشنی هەبێت کە گوزارشت بکات لە هەموو هێزە سەرەکییەکانی بۆ ئەوەی گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکات. کورد دەبێ بەر بە پێشێلکارییەکانی دەستوور لە لایەن بەغداوە بگرێت، چونکە ئاراستەیەک لە هاوپەیمانی شیعە هەیە کە بە ڕۆحی سەرکەوتوو لە جەنگ مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات".

مەسعود حەیدەر، هەنگاوەکانی بەغدا لە پێشێلکردنی دەستوور لە دوای ڕووداوەکانی کەرکووک بە "مەترسیدار" وەسف دەکات و دەڵێ: "پێویستە بە یەک تیم و یەک ئاراستە کورد گوشار بکات و ئەگەر بەغدا لەو پێشێلکارییانە ڕانەوەستێ، لە پرۆسەی سیاسی عێراق بکشێتەوە".

### سکاڵا لەدژی عەبادی

شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت پێشێلکارییە دەستوورییەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەڵکی کوردستان لەو 55 ماددەیە زیاترە، ئەگەر پێشتر بڕگەیەک لە یەک مادده پێشێل کرابێت، لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هەموو مادەکە پێشێل کراوە، بۆ نموونە جوڵاندنی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیی سیاسی و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە کەرکووک و کوشتن و ئاوارەکردنی پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراق لە خورماتوو و ناوچەکانی دیکەی کەرکووک".

> ئەگەر بەغدا لە پێشێلکاری نەوەستێ پێویستە کورد لە پرۆسەی سیاسی بکشێتەوە
>
> پەرلەمانتارێکی گۆڕان

شاخەوان عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەدا چەندین بەڵگەی لەسەر تەقاندنەوە و سووتاندنی ماڵ و دووکانی کوردی خورماتوو کۆکردووەتەوە و تاوەکو ئێستا نزیکەی 1000 ماڵ سووتێنراون و تاڵانکراون. شاخەوان گوتی "ئەمانە هەموویان ئەرشیف کراون. لە دادگای تاوانی عێراق لە بەغدا وەکو تاوانباری جەنگ سکاڵا لەسەر عەبادی تۆمار دەکەم، چونکە بە بەرچاوی ئەوەوە سوپای عێراق تاوانی بەرامبەر پێکهاتەیەکی عێراق کردووە و هەڵوێستی نەبووە".

# "برایەتی و پێکەوەژیان" ناتوانن پێکەوە کۆببنەوە

## یەکێتی: تێناگەین بۆچی پارتی لە مووسڵ کێشەی کۆبوونەوەی نییە

## پارتی: مووسڵ وەک کەرکووک داگیر نەکراوە

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو لیستەی حیزبە کوردستانییەکانی کەرکووک لە هەڵبژاردنی ساڵی 2005 دا ناویان نا برایەتی و پێکەوەژیان و زۆرینەی دەنگەکانی بردەوە، ئێستا ئەندامەکانی ناتوانن تەنانەت یەک کۆبوونەوەش لە نێوان خۆیان ڕێکبخەن. ئەندامێکی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ، ئەوان بەردەوام لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان دادەنیشن "بەڵام کێشەکە ئەوەیە لیستی برایەتی کۆنابێتەوە".

ڕۆژی 2017/10/9 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبووەوە. ئەوە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە بوو. هەفتەیەک دواتر و بە دروستی لە 16ی ئۆکتۆبەردا، هێرشی سەربازیی سوپای عێراق و گرووپەکانی حەشدی شەعبی، تابلۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداریی شارەکەی بەتەواوی گۆڕی. هەزاران خێزان لەگەڵ پارێزگار و نیوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای شارەکە ئاوارەی سلێمانی و هەولێر بوون، لەوکاتەوە هەوڵەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا تاوەکو پارێزگاری نوێ دەستبەکار ببێ، بێئاکام بووە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی یەکێتی لە فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیان دەڵێ چاوەڕوانی لیستی برایەتی دەکەین کۆببێتەوە، چونکە ئێمە لێرە بەردەوام لەگەڵ لیستی عەرەب و تورکمانەکان دادەنیشین و کێشەیەکمان نییە "عەرەبەکان لەبەر ئەوەی بەوەکالەت پارێزگار بەدەست خۆیانەوەیە، حەز دەکەن دۆخەکە هەروا بمێنێتەوە، تورکمانەکانیش داوای سەرۆکی ئەنجوومەن دەکەن و سێ ناویان هەیە و دەڵێن دەنگتان بۆ دەدەین پارێزگار وەربگرن".

عەسکەری گلەیی لە پارتی دەکات کە بەدەم داوای ئەوانەوە نایەت بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا. ئەو بەلایەوە سەیرە کە پارتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ لە هەولێر دەبەستێ و دەڵێت "نازانین بۆ کێشەیان لەگەڵ کەرکووک هەیە؟ مووسڵیش سوپا و حەشدی شەعبی لێ نییە؟ ئەی بۆچی هەر لە هەولێرەوە پارێزگاریان بۆ مووسڵ هەڵبژارد؟ بەڕاستی دەبێ پارتی وا بیرنەکاتەوە بەرامبەر کەرکووک".

بەڵام نوێنەرەکانی پارتی لەو ئەنجوومەنە پێناچێ وا بە ئاسانی 16ی ئۆکتۆبەر لەبیر بکەن. ئەندامێکی پارتی لە فراکسیۆنی برایەتیی کەرکووک دەڵێ "16ی ئۆکتۆبەر ڕووداوێک بوو ئێمەی زۆر ئازار دا، دوای 16 ئۆکتۆبەریش یەکێتی بەرامبەر ئێمە زۆر ئازاردەرانە قسەیان دەکرد و دەیانگوت لەگەڵ عەرەب و تورکمان زۆرینە پێکدێنین و پارێزگار دیاری دەکەین".

مەجید مەحموود گوتیشی: " ئێستا ئەوان لەگەڵ عەرەب و تورکمان 26 ئەندام پێکدێنن و دەتوانن کۆبوونەوە بکەن و پارێزگار دیاری بکەن، بۆچی نایکەن؟ بابڕۆن پیرۆزیان بێت و چاوەڕوانیی ئێمەی ناوێ".

ئەو ئەندامەی لیستی برایەتی کەرکووک هەروەها دەڵێ "مەرجی ئێمە بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکووک ئاشکرایە، گوتوومانە لە ژێر حوکمی پۆستاڵ ناگەڕێینەوە، بەڵام مووسڵ وەک کەرکووک داگیر نەکراوە و بەرێککەوتن بووە بە ئامادەبوونی هاوپەیمانان و لەوێ لەپشتەوە خەنجەری ژەهراویمان لەکەس نەداوە، بەڵام لە کەرکووک بە زەبری چەک هاتوون و ماڵان تاڵانکراون و خەڵک گیراون و ستەمی زۆر کراوە".

بە گوتەی عەسکەری، بەپێی یاسای ژمارە 21ی ساڵی 2008، هەرکاتێک ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سێ جار لەسەر یەک داوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بکات و ئەنجوومەنەکە نەتوانێ کۆببێتەوە، ئەوا ئەنجوومەنەکە هەڵدەوەشێتەوە بەڵام مەجید مەحموود ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "کێ داوای کۆبوونەوە بکات؟"، گوتیشی دەبێ سەرۆکی ئەنجوومەن و پارێزگار داوای کۆبوونەوە بکەن "بەڵام تاوەکو ئێستاش ڕۆژانە لەناو کەرکووک شەڕە و ڕەوشەکە ئاسایی نییە و خەڵک پەلاماری ئۆتۆمبێلی سەربازی و حەشدی شەعبی دەدەن، کۆبوونەوەی چی؟".

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە 41 ئەندام پێکدێت کە 26یان سەر بە فراکسیۆنی برایەتی و پێکەوەژیانن. بەپێی یاسای ئەنجوومەنەکە، 14 ئەندام دەتوانن داوای کۆبوونەوە بکەن، بەڵام وەک ئەندامێکی ئەنجوومەن باسی کرد، پەیداکردنی ئەو 14 ئەندامەش دژوار بووە "چونکە عەرەبەکان ئەگەر بزانن کورد لەگەڵ تورکمان ڕێکدەکەون، ئەوان کۆبوونەوەکە بەجێدەهێڵن، تورکمانەکانیش هەروا". ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "بۆیە تەنیا چارەسەر ئەوەیە لیستی برایەتی خۆی کۆببێتەوە".

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەنیا بەرپرسانی کەرکووک نین شارەکەیان جێهێشتووە "بەڵکو سەرووی 50 %ی کەرکووکییەکان کەرکووکیان جێهێشتووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵک هەر لە دڵەڕاوکێدایە، دۆخەکە بەو جۆرە نییە شامی شەریف بێت، بەتایبەتی بۆ کورد".

بە گوتەی تاڵەبانی، فراکسیۆنی برایەتی کە زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێکدەهێنێ، ئێستا سەرووی 50 %ی ئەندامانی لە دەرەوەی کەرکووکن "هەر بەو بۆنەیەوە هەر 26یان لە دەرەوەی کەرکووکن، هەندێکیان هاتوچۆی کەرکووک دەکەن، لە سەرووی 20 کەسیان ماڵیان لە کەرکووک نییە".

سەرۆکی ئەنجوومەن نامەیەکی بۆ حیزبە کوردستانییەکان ناردووە و داوای لێکردوون کۆبوونەوەیەک بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ دۆخی کەرکووک بدۆزرێتەوە. لە نامەکەدا داوای کردووە "ئەو حاڵەتە نادەستووری و نایاساییەی لە کەرکووک هەیە هەموویان چاکبکرێنەوە. دەبێت سوپا و حەشدی شەعبی هەموویان دەربچن، چونکە هەر هەموویان نادەستووری و نایاسایین. دەبێت زیانە گیانی و ماددییەکانی خەڵکی کەرکووک قەرەبوو بکرێنەوە. چەند کەس ڕفێندراون دەبێت هەر هەموویان ئازاد بکرێن، چونکە ڕۆژانە زانیاری ئەوەمان پێدەگات کە خەڵک دەگرن، دەشبێت هەموو حیزبە کوردستانییەکان بگەڕێینەوە، کە بارەگاکانیان ئێستا بووەتە بارەگای حەشدی شەعبی.



دوایی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە ڕۆژی 9/10/2017 بەڕێوەچوو



## بانکی ڕافیدەین پێشینەی هاوسەرگیری دەداتە فەرمانبەران

ڕووداو- هەولێر

بانکی ڕافیدەینی عێراق ڕایگەیاند، دەستدەکات بە پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بەو فەرمانبەرانەی لە فەرمانگەکانی حکومەت کاردەکەن و یەکەمجارە خێزان پێکدێنن. نووسینگەی ڕاگەیاندنی بانکی ڕافیدەین لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاشکرایکرد، بانکەکە بڕیاریدا سولفەی هاوسەرگیری بە فەرمانبەرانی حکومەت بدات کە بڕەکەی 3 ملیۆن دینار دەبێت. ئەو پێشینەیە بۆ ئەو فەرمانبەرانەیە کە یەکەمجارە خێزان پێکدەهێنن و بەپشتبەستن بە گرێبەستی هاوژینی دەبێت کە لەلایەنی پەیوەندیدارەوە پەسندکراوە و ماوەی دانەوەی پێشینەکەش 3 ساڵ دەبێت. بانکی ڕافیدەین ساڵی ڕابردوو دەستیکرد بەپێدانی قەرز و سولفە بە فەرمانبەران ، خاوەن هۆتێلەکان و خاوەنکاری تەندروستی ، بڕەکەیشی لە نێوان 3 بۆ 50 ملیۆن دینارە.



### دەبوو لە 2013 بگاتە ئاستی خۆبژێوی

# کوردستان هێشتا نیوەی هەنـــاری بەکاربراو لە دەرەوە دەهێنێ



بەهۆی گرفتی بەبازاڕکردن، جووتیاران هەنارەکانیان دەکەنە سرکە (فۆتۆ: ڕووداو)

**بڕی هەناری بەکاربراو بە تۆن لە پێنج ساڵی ڕابردوودا**

| پارێزگا | 2012 خۆماڵی | 2012 هاوردە | 2013 خۆماڵی | 2013 هاوردە | 2014 خۆماڵی | 2014 هاوردە | 2015 خۆماڵی | 2015 هاوردە | 2016 خۆماڵی | 2016 هاوردە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 5.497 | 7.457 | 8.765 | 9.149 | 7.363 | 9.718 | 7.754 | 6.935 | 5.882 | 4.511 |
| سلێمانی | 5.822 | 5.082 | 4.566 | 3.157 | 6.833 | 4.092 | 11.944 | 5.038 | 10.152 | 5.845 |
| دهۆک | 4.416 | 2.109 | 11.436 | 6.162 | 4.844 | 2.222 | 4.805 | 3.382 | 3.278 | 3.932 |
| گەرمیان | 2.799 | 1.247 | 1.476 | 3.394 | 2.379 | 285 | 349 | 950 | 495 | 2.598 |
| کۆی گشتی | 18.534 | 15.913 | 26.243 | 21.862 | 21.419 | 16.317 | 24.852 | 16.305 | 19.807 | 16.886 |
| | 34.447 | | 48.105 | | 37.736 | | 41.157 | | 36.693 | |

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

کەشوهەوا و خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمی هەنار، کەچی هێشتا 45 %ی ئەو هەنارەی لە کوردستان بەکاردەبرێ، لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دەهێنرێ، لەوانەش سووریا.

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرهەمی باخەکانی هەنار لە هەرێمی کوردستان لە 5 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 111 هەزار تۆن بووە، بەرهەمی ساڵانەش لەنێوان 18 — 26 هەزار تۆن بووە. بەڵام هێشتا بەشی ناوخۆ ناکات.

وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ کۆکردنەوەی داتای بەرهەمی هەنار پشتی بە بەرهەمی بەبازاڕکراوی هەنار لە گومرگەکان بەستووە، بەگوێرەی ئەم ئامارەش ساڵی ڕابردوو 36 هەزار و 693 تۆن هەزار هەنار لە هەرێمی کوردستان بەکاربراوە، لەم بڕەش 19 هەزار و 807 تۆنی بەرهەمی خۆماڵی بووە.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی ڕەزگەری و دارستانی هەرێمی کوردستان، گومانی لەڕاستیی داتای وەزارەتەکەی هەیە و دەڵێت: "ساڵانە لە وەرزی پێگەیشتن بەهۆی دابەزینی نرخ، بەشێکی زۆر لە جووتیاران بەرهەمەکانیان نابەنە گومرگەکان، هەر لەنێو کێڵگە یان لەسەر ڕێگاکان دەیفرۆشن. بەشێکیشی لێدەکەن بە (سرکە)، بۆیە بەرهەمی باخەکانی هەنار لەو بڕە زیاترە کە لە ئامارەکاندا ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام هێشتا بەشی ناوخۆ ناکات".

حوسێن حەمەکەریم، پێیوایە نەبوونی باخی هەنار بە ڕووبەری فراوان و گرفتی بەبازاڕکردنی بەرهەم و کەمیی کۆگای ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتن، هەروەها کەمیی هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پێشخستنی بەرهەمەکە، هۆکاری سەرەکی گەشەنەسەندنی بەرهەمی هەنارە لە هەرێمی کوردستان. گوتیشی "خاکێکی ئەوەندە گونجاومان هەیە بۆ هەنار، ئەگەر بە ڕووبەرێکی فراوان بیچێنین، دەتوانین لە ئایندەدا هەناردەشی بکەین".

وەزارەتی کشتوکاڵ لەپلانی ستراتیژیی پێنج ساڵەی خۆیدا کە لە ساڵی 2013 کۆتایی هات، هەناری وەک یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی میوە دیاری کردووە. زیاتر لە 196 ملیۆن دیناریشی لە چاندنی 232 دۆنم زەوی بە هەنار بۆ 76 جووتیاری کوردستان خەرج کردووە. بەگوێرەی پلانەکە دەبووایە لە کۆتایی ساڵی 2013 بەرهەمی هەنار بگەیشتبایە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام چوار ساڵ پاش پلانەکەش، هێشتا 45 %ی ئەو هەنارەی لە کوردستان دەخورێ، هاوردەیە.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "لە شەش ساڵی ڕابردوودا جگە لە دابینکردنی نەمام بۆ جووتیاران بە نرخی پاڵپشت، هەروەها دانانی 350 دینار ڕەسمی گومرگی لەسەر بەرهەمی هاوردە لە وەرزی پێگەیشتن، نەمانتوانیوە هیچ پڕۆژەیەک بۆ گەشەپێدانی هەنار بکەین، بەڵام بەشێوەی ناڕاستەوخۆ باخەکانی هەناریش سوودمەندبوون لە وەرگرتنی قەرزی کشتوکاڵ".

هەنار پێویستی بەخاکێکی تێکەڵ و کەشوهەوایەکی مامناوەند هەیە، ئەمەش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەیە، بۆیە هەنار لە زۆربەی ناوچەکان دەچێنرێت، بەڵام هەناری هەندێ ناوچە بەتایبەتی هەناری هەڵەبجە و نازەنین لە ناوچەکانی دیکە باشترن.

ستار محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی پارێزگای هەڵەبجە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە هەڵەبجە 8500 دۆنمی باخی هەنار هەیە، بەرهەمی ساڵانەیان نزیکەی 30 هەزار تۆن دەبێ. بەشێکی زۆری ئەو هەنارانەی لە گومرگەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەفرۆشرێن، هەناری هەڵەبجەن".

ستار محەممەد، گوتی "ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر ورد نین، چونکە پشت بەداتای کۆکراوەی گومرگەکان دەبەستێ، بەڵام بەشێکی زۆر لە جووتیاران بەهۆی هەرزانیی نرخەکەی، هەنارەکانیان نابەنە گومرگ. بەشێکیان دەیکەنە سرکە و بەشێکیشیان هەر لە کێڵگەکانیان بە بازرگانانی شارەکانی عێراقی دەفرۆشن".

### باخەکانیان بڕیوەتەوە

هەنار بەرگریی باشی بۆ نەخۆشی هەیە، لە ماوەی سێ ساڵ دێتە بەرهەم، لە دۆنمێکیش 3 تاوەکو 4 تۆن بەرهەم دەدات، بەڵام گەورەترین گرفتی بەردەم جووتیاران ساخکردنەوەی بەرهەمەکەیانە، چونکە لەکاتی پێگەیشتنی، نرخەکەی زۆر دادەبەزێ. ستار محەممەد دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی هەنارەکەیان پارە ناکات، چەند جووتیارێک باخە هەنارەکانیان بڕیوەتەوە و داری دیکەیان چاندووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵی ڕابردوو داهاتی هەنار 11 ملیار و 646 ملیۆن دینار بووە. ئەم بەرهەمە بە ڕێژەی 1.74 % بەشداری لەداهاتی کەرتی کشتوکاڵ کردووە کە 956 ملیار و 726 ملیۆن دینار بووە. سیامەند جەلیل، خاوەنی نووسینگەی کوردستان بۆ کڕین و فرۆشتنی سەوزە و میوە لە گومرگی هەولێر، دەڵێت: "زۆربەی ئەو هەنارەی ئێستا لە گومرگی هەولێر هەیە، هەناری هەڵەبجەیە، نرخی کیلۆیەکی بە کۆ 500 تاوەکو 600 دینارە، لەسەرەتای پێگەیشتنیشی بە 1000 دینارە". سیامەند جەلیل گوتیشی جگە لە هەناری خۆماڵی، لە گومرگەکان هەناری تورکی و سووریش هەیە کە نرخیان لەنێوان 700 تاوەکو 1000 دینارە.

### ڕێنمایی لە فەیسبووک وەردەگرن

گرفتی جووتیاران تەقین و ڕەشبوونی هەنارەکەیانە کە هۆکاری یەکەمیان بەهۆی نازانستیی ئاودانی هەنارە. گرفتی دووەمیش کرمی هەنارە کە پێویست دەکات بۆ قڕکردنی لەناوەڕاستی مانگی ئایارەوە دوو هەفتە جارێک بە دەرمانی قڕکەر بڕشێندرێ، چونکە کرمی هەنار چوار نەوەی هەیە، ئەگەر بەشێوەی ڕێکوپێک قڕکەری لێنەدرێت، هەنار کون دەکات و دەبێتە هۆی دروستبوونی کەڕوو و ڕەشبوونی ناوی. حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی ڕەزگەری و دارستانی هەرێمی کوردستان دەڵێت "بەهۆی کەمیی بودجە، ماوەی چەند ساڵێکە کارمەندانمان لە بەشەکانی ڕێنمایی نەیانتوانیوە ڕاستەوخۆ ڕێنمایی بدەنە جووتیاران، بەڵام خۆشبەختانە لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تارادەیەکی باش ئەم بۆشاییەیان پڕکردووەتەوە، پەیجەکانی کشتوکاڵ لە فەیسبووک، جگە لە بەخشینی زانیاری و ڕێنمایی بە نووسین و ڤیدیۆ، وەڵامی پرسیاری جووتیارانیش دەدەنەوە".

### ئاستی خۆبژێوی تێپەڕاندووە

# داهاتی ساڵانەی پیازی کوردستان 30 ملیار دینارە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان لە بەرهەمی پیازدا گەیشتووەتە سەرووی ئاستی خۆبژێوی، کەچی بەهۆی کەمیی کۆگاوە، هێشتا لە هەندێ وەرزدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ پیاز لە دەرەوە دەهێنرێ.

پیاز بەهایەکی بەرزی خۆراکیی هەیە، بۆیە لە زۆربەی وڵاتان گرنگی بە چاندنی دەدرێ، لەڕووی بەکارهێنانەوە لەدوای تەماتە و پەتاتە و خەیار لەسەر ئاستی جیهان پلەی چوارەمی وەرگرتووە.

چاندنی پیاز لە کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و گۆڕانکاری لەشێوازی چاندنی، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بڕی بەرهەم لەیەکەی ڕووبەر دوو هێندە زیادی کردووە. تێکڕای بەرهەمیش لە 46 هەزار تۆنەوە بۆ 61 هەزار تۆن زیادی کردووە. ئەم بڕەش زیاترە لە پێویستیی ساڵانەی هەرێم کە نزیکەی 58 هەزار تۆنە، بەڵام بەهۆی کەمیی کۆگا، بەشی زۆری ئەم بەرهەمە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێ، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانیش، بازرگانان پیاز لە ئێران، تورکیا، سووریا، هۆڵەندا، ئوکراینا و ئەمەریکاوە هاوردە دەکەن.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، لە سێ ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە تورکیا و ئێران 96 هەزار و 649 تۆن پیاز بە بەهای 28 ملیۆن و 888 دۆلار هاوردەکراوە.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "هەرێمی کوردستان لە بەرهەمی پیاز گەیشتووەتە ئاستی خۆژیاندن، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆگای پێویستمان بۆ هەڵگرتنی نییە و سنوورمان لەگەڵ عێراق کراوەیە، بۆیە بەشێکی زۆر لە جووتیاران بە ناچاری بەرهەمەکانیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن، ئێمەش بۆ ئەوەی نرخی پیاز زۆر بەرز نەبێتەوە، ڕێگە بەبازرگانان دەدەین هاوردەی بکەن".

پاڵپشتی وەزارەتی کشتوکاڵ وەک حوسێن حەمەکەریم ئاماژەی پێدەدات، تەنیا دانانی 250 دینار ڕەسمی گومرگییە لەسەر کیلۆیەک پیازی هاوردەکراو، لە کاتی پێگەیشتنی پیازی خۆماڵی.

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، داهاتی فرۆشی بەرهەمی پیاز لە ساڵی ڕابردوو 31 ملیار و 392 ملیۆن دیناربووە، ئەم بەرهەمە بەرێژەی 4.69 % بەشداری لەداهاتی نەتەوەیی کەرتی کشتوکاڵ کردووە.

پسپۆرانی بەربوومی کێڵگەیی دەڵێن پیاز بۆ گەشەکردنی پێویستی بەکەشوهەوایەکی نیمچە سارد و خاکێکی قورینی سوک و تێکەڵی لماوی هەیە، ئەم جۆرە خاک و هەوایەش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەیە.

مستەفا محەممەد ساڵح، جووتیارێکی پێشکەوتووی دەشتی شەمامکی شاری هەولێرە، بەهاری ئەمساڵ 60 دۆنم پیازی بەشێوەی هاوچەرخ چاند، لەهەر دۆنمێک 13 تۆن پیازی هەڵگرتەوە، بەڵام ڕازی نییە لە بەرهەمەکەی و دەڵێت "بەشێوەی ستاندارد هەر دۆنمێک دەبێ 25 تاوەکو 35 تۆن بەرهەمی هەبێ، بەڵام ئەو ئامێرانەی لەکوردستان هەن زۆر پێشکەوتوو نین و ئەوانەشی بەکاریدەهێنن شارەزایی باشیان لەبەکارهێنان و ڕێکخستنی نییە، بۆیە بەشێک لەتۆوەکان ناڕوێن".

گوتیشی: "ئەگەر تۆوی باش و ئامێری پێویستم بۆ چاندن دەستکەوێت، هەوڵ دەدەم ساڵی داهاتوو بڕی بەرهەم لە دۆنمێکەوە بگەیەنمە دوو هێندەی ئێستا". مستەفا محەممەد کە ئەندازیارێکی کشتوکاڵییە و شارەزای باشی لە چاندنی پیازدا هەیە، دەڵێت "خەرجیی چاندنی دۆنمێک زەوی بە پیاز نزیکەی 1.4 ملیۆن دینارە، بۆیە ئەگەر دۆنمێک 10 تۆن بەرهەمی هەبێ و کیلۆی بە 250 دیناریش بفرۆشی، هێشتا جووتیار قازانج دەکات".



کوردستان ساڵانە پێویستی بە 58 هەزار تۆن پیازە و 61 هەزار تۆن بەرهەمی هەیە (فۆتۆ: ڕووداو)

گرفتی سەرەکیی جووتیاران کەمیی کۆگایە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمەکەیان کە زۆرجار ناچارە بەرهەمەکەی لە کاتێکی دیاریکراو بەبازاڕ بکات، بەهۆی زۆریی خستنەڕوو و کەمی خواستیش، نرخ دادەبەزێت.

مستەفا محەممەد کە 75 %ی بەرهەمەکەی هەناردەی شارەکانی عێراق کردووە دەڵێت "بازارەکانی هەرێمی کوردستان لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم ناتوانن وەڵامی ئەو خستنەڕووە زۆر بدەنەوە، بۆیە ناچاربووین بەرهەمەکانمان بە بازرگانیی عەرەب بفرۆشن".

پێشتر جووتیاران بەشێوەی کلاسیک پیازیان دەچاند و یەک جۆر تۆوی پیازیش لە بازاڕدا هەبوو کە تەنیا لە یەک وەرزدا دەچێندرا، بەڵام ئێستا کۆمپانیاکان لەڕێگەی دابنیکردنی تۆوی جیاواز، توانیویانە چاندنی پیاز لە وەرزێکەوە بۆ سێ وەرز بگۆڕن.

ئەندازیار دیدار جەمیل، سەرپەرشتیاری پڕۆژەکانی چاندنی پیاز لە کۆمپانیای ard دەڵێت "لە ڕێگەی دابینکردنی تۆوی جیاواز توانیمان وەرزی چاندنی پیاز لە وەرزێکەوە بۆ سێ وەرز بگۆڕین و بڕی بەرهەمیش بۆ دووبەرامبەر زیاد بکەین. جۆرە تۆوەکمان لە مانگی 10 و 11 دەچێندرێت لە مانگی ئایار تاوەکو سەرەتای حوزەیران دێتە بەرهەم، دەتواندرێت تاوەکو مانگی 10 هەڵبگیرێ، جۆرە تۆیەکی دیکەمان هەیە لە سەرەتای مانگی یەک و کۆتایی مانگی دوو دەچێندرێت لە مانگی 7 دێتە بەرهەم تاوەکو ناوەڕاستی ئاب لە بازاڕ دەمێنێتەوە، جۆری سێیەمیشیان لە 25ی شوبات تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئادار دەتواندرێت بچێندرێ و لەسەرەتای مانگی ئەیلول دێتە بەرهەم و دەتواندرێت شەش مانگ لەکۆگا هەڵبگیرێ".

ئێستا پێنج کۆمپانیا لە کوردستان تۆوی پیاز هاوردە دەکەن، دوای ئەوەی توێژینەوەی لەسەر دەکەن، ئەگەر گونجا لەگەڵ کەشوهەوای هەرێمی کوردستان بە جووتیارانی دەفرۆشن. بەشێک لەکۆمپانیاکانیش بۆ ئەوەی سەرنجی جووتیاران بەلای خۆیان ڕابکێشن جگە لەبەخشینی ڕێنمایی، ئامێری چاندن بۆ جووتیاران دابین دەکەن.

کۆمپانیای دەبانە بۆ خزمەتگوزاری کشتوکاڵی، لە ڕێگەی دابینکردنی تۆوی پیاز و بەخشینی ڕێنمایی چاندن بە جووتیاران ڕۆڵی لە گەشەپێدانی بەرهەمی پیاز هەبووە. ساڵی ڕابردوو نزیکەی 3500 کیلۆ تۆوی پیازی بە جووتیارانی کوردستان فرۆشتووە.

بەدرخان محەممەدئەمین، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پرۆژەکانی کۆمپانیای دەبانە، دەڵێت "تۆوەکانمان لە جۆری ئەمەریکین و زۆر گونجاون لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان. هەر جووتیارێکیش تۆوی ئێمە بەکاربهێنێ پەینی بەنرخی 20 % کەمتر لە نرخی بازاڕ پێدەفرۆشین".

بە گوتەی بەدرخان ئەو تۆوانەی ئەوان بەج وتیارانی دەفرۆشن لە شوێنەکانی زۆر زیاتر لەو بڕە بەرهەم دەدات، کە جووتیارانی کورد دەستیان دەکەوێ، هۆکارەکەشی پابەندنەبوونی جووتیارە بەپێدانی پەینی جۆراوجۆر لەکاتی خۆی، هەر قۆناخێک لە ژیانی پیاز پێویستی بە جۆرە پەینێکە. بەدرخان، کە فەرمانبەری وەزارەتی کشتوکاڵ بووە بە پلەی شارەزا، پێیوایە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ هاوشێوەی پەتاتە پاڵپشتی بەرهەمی پیاز بکات، هەرێمی کوردستان لە جیاتی هاوردەکردنی پیاز، دەتوانێ پیاز هەناردە بکات.

### شارەزایەکی بواری وزە:

# بەغدا لەگەڵ هەولێر ڕێکنەکەوێ، بودجەی 2018 تووشی کێشەی گەورە دەبێ

**ڕووداو- هەولێر**

تا دێت هەناردەی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران لە ڕێگەی تەنکەرەوە زیاد دەکات، لەبەرامبەریشدا ئێران بەڵێنی بە عێراق داوە کە بە کێڵگە نەوتییەکانی خۆی لە باشوور قەرەبووی بکاتەوە.

بەر لە 16ی ئۆکتۆبەر، کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک کە لە پێنج کێڵگە پێکدێن، بەرهەمی ڕۆژانەیان 450 هەزار بەرمیل بوو. نزیکەی 300 هەزار بەرمیل نەوتی هەردوو کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانا بە بۆڕیی کوردستاندا هەناردەی بەندەری جەیهان دەکرا، هەرچی نەوتی کێڵگەکانی دیکەیە، بەسەر پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا دابەش دەکرا.

ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا نەوتی کەرکووک بۆ فرۆشتن ناچێتە دەرەوە، تەنیا نەوت بۆ پاڵاوگەکان دابین دەکات. 40 هەزار بەرمیل بۆ پاڵاوگەی کەڵەک و 30 هەزار بۆ پاڵاوگەی بازیان و 30 هەزار بۆ پاڵاوگەی کەرکووک و 20 هەزاریش بۆ پاڵاوگەی بەغدا دەنێرێ".

بە گوتەی عەسکەری، بەشێک لە نەوتی کێڵگەکانی بابەگوڕگوڕ و جمبور و خەبازە بە تانکەر دەگوازرێتەوە بۆ ئێران.

پشتیوانیکردنی ئێران لە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لە 16 ئۆکتۆبەردا، تەنیا دەستکەوتی سیاسی و ئەمنی بۆ ئێران نەبوو، بەڵکو بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری بۆ ئێران هەبوو، ئەویش گواستنەوەی نەوتی کەرکووکە بۆ ئێران کە بە گوتەی شارەزایان دەمێکە پلانی بۆ داناوە.

ئاژانسی فارسی نزیک لە سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند، وەزارەتی نەوتی ئێران کار لەسەر گواستنەوەی نەوتی کەرکووک بۆ چوار پاڵاوگەی ئەو وڵاتە دەکات، ئەوانیش پاڵاوگەکانی کرماشان، ئەراک، تاران و تەورێزن.

پێشتر بەڕێوەبەری کۆمپانیای سۆمۆ، تەنیا زانیاری لەبارەی هەناردەکردنی نەوت بۆ پاڵاوگەی کرماشان ڕاگەیاندبوو. بڕیاربوو ڕۆژانە 15 هەزار بەرمیل نەوت لە کەرکووکەوە بە تانکەر بگوازرێتەوە کرماشان. کۆتایی هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە ئەو بڕە بۆ 30 – 60 هەزار بەرمیل زیاد دەکەن. ئاژانسی فارس دەڵێت، ئێران لە بەرامبەر ئەو نەوتەی لە کەرکووک وەریدەگرێت، نەوت لە باشووری وڵاتەوە دەداتەوە عێراق. بەشێکی بۆ هەناردەکردن و بەشێکیشی دەداتە پاڵاوگەکانی نەوت لە باشووری عێراق.

بەڵام هێشتا بەرهەمی هەردوو کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانا کە ڕۆژانە نزیکەی 300 هەزار بەرمیلە، لە دەرەوەی پلانی هەناردەکردن دەمێنێتەوە. بەرهەمی ئەو دوو کێڵگەیە پێشتر لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە دەگوازرایەوە بۆ بەندەری جەیهان، بەڵام لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر ڕاگیراوە.

گرووپی کۆمپانیاکانی کار کە گرووپێکی کوردییە، سەرکاری ئەو دوو کێڵگەیە بوو، هەرچەندە ئەحمەد عەسکەری دەڵێت هەوڵێک هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کۆمپانیایە بۆ سەر کارەکەی، بەڵام بەرپرسانی کۆمپانیاکە بە (ڕووداو)یان گوت کە هیچ پێشڤەچوونێکی نوێ لەئارادا نییە، واتە هێشتا نەگەڕاونەتەوە سەر کار لەوەتای لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە بەجێیانهێشتووە. پسپۆڕانی بواری وزە دەڵێن ئێران و عێراق هەموو هەوڵێک دەدەن بۆئەوەی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە نەگاتە بازاڕەکانی جیهان.

هەردوو وەزارەتی نەوتی عێراق و ئێران لە مانگی تەمووزی ڕابردوودا ڕایانگەیاند، لەسەر دروستکردنی بۆڕییەک بۆ هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی کەرکووک بۆ ئێران ڕێککەوتوون، بۆ جێبەجێکردنی ئەوەش پێویستیان بەوە بوو کۆنترۆڵی کێڵگەکان بگرنەدەست.

د.بێوار خنسی، شارەزای وزە، دەڵێت عێراق و ئێران دەمێکە پلانی گواستنەوەی نەوتی کەرکووکیان هەیە بۆ ئێران. ئاماژە بە کۆبوونەوەیەکی نێوان وەزارەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیای نەوتی باکوور دەکات لەبارەی ئەوەی چۆن بتوانن نەوتی کەرکووک لە کوردستان دابڕن.

خنسی دەڵێت: "سێ پلانیان دانا. یەکەم لە ڕێگەی حکومەتی لۆکاڵیی کەرکووکەوە بڕیار بدەن نەوتی کەرکووک بە ئێران بفرۆشرێ. ئەگەر ئەو پلانە سەری نەگرت، پلانی دووەمیان ئەوە بوو کە نەوتی کەرکووک بگەیەننە بێجی، لە بێجی بۆڕییەک دەچێ بۆ جەیهان، بۆڕییەکیش دەچێ بۆ حەدیسە، لە ڕێگەی ئەو بۆڕییەی حەدیسەوە بەشێک لە نەوتەکە بدەنە ئێران و ئەوەی دیکەش بدەنە پاڵاوگەی بەغدا. پلانی سێیەمیشیان ئەوە بوو کە دەست بەسەر بۆڕیی نەوتی کوردستاندا بگرن و نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی ئەو بۆڕییەوە بفرۆشن".



عێراق بەنیازە ڕۆژانە 60 هەزار بەرمیل لە نەوتی کەرکووک بە تەنکەر بگوازێتەوە بۆ پاڵاوگەکانی ئێران

پلانێکی دیکەی حکومەتی عێراق بۆ دابڕاندنی نەوتی کەرکووک لە هەرێمی کوردستان، نۆژەنکردنەوەی بۆڕیی نەوتی کەرکووک – جەیهانە، بەڵام شارەزایان دەڵێن ئەوە پرسەرئێشەترین پلانە، چونکە کات و تێچووی زۆرە.

بۆڕیی نەوتی کەرکووک – جەیهان، پێشتر زوو زوو دەبووە ئامانجی گرووپە توندڕەوەکان، بەڵام دوای هاتنی داعش بۆ عێراق لە حوزەیرانی 2014 ، بە یەکجاری پەکی کەوت، بۆیە حکومەتی عێراق ناچار بوو نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆڕیی کوردستانەوە بگوازێتەوە بازاڕەکانی جیهان.

بێوار خنسی دەڵێت: "عێراق بە جددی کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی ئەو بۆڕییە دەکات، بەڵام نۆژەنکردنەوەکەی لانیکەم ساڵێک کاتی دەوێ، ئەمە جگە لە خەرجیی نۆژەنکردنەوە، چونکە لە زۆربەی شوێنەکان بۆڕییەکە بە تەواوی وێرانکراوە، تەنیا ئەو بەشەی ساغە کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە".

گوتیشی: "تەنانەت ئەگەر حکومەتی عێراق بۆڕییەکەش نۆژەن بکاتەوە، پێویستی بە ڕێککەوتن دەبێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان، چونکە کۆتایی بۆڕییەکە لە ناوچەی پێشخابوور لەبن دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە".

سەبارەت بە ڕاکێشانی بۆڕیی کەرکووک – ئێران، بێوار خنسی دەڵێت: "ڕاکێشانی هەر بۆڕییەکی نەوت پێویستی بە کەشێکی هێمن و ئارامی ئەو ناوچەیە هەیە کە بۆڕییەکەی پێدا دەڕوات، ئەو ناوچەیە لەڕووی ئەمنییەوە پارێزراو نییە، جگە لەوەش لەڕووی جیۆلۆجیشەوە گونجاو نییە، چونکە شاخ و چیای زۆر دێنە پێشی، وەکو کوردستان نییە تەخت بێ".

بەپێی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق، حکومەتی عێراق دەبێ ڕۆژانە 3 ملیۆن و 888 هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێ بە 43 دۆلار بفرۆشێ بۆئەوەی لە ساڵێکدا 72 ملیار دۆلاری دەستبکەوێ، حکومەتی عێراق نەوتی کەرکووک و هەرێمی کوردستانیشی حساب کردووە کە ڕۆژانە بە 550 هەزار بەرمیل خەملێندراوە (250 هەزار بەرمیلی هەرێمی کوردستان و 300 هەزاری کەرکووک) و ئەمە خراوەتە نێو پلانی هەناردەکردنی نەوتەکەی.

بەڵام ئێستا تاکە ڕێگە بۆ هەناردەکردنی ئەو 550 هەزار بەرمیلە بۆڕیی نەوتی کوردستانە، بۆیە بێوار خنسی دەڵێت ئەگەر حکومەتی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکنەکەوێ، ئەوە کێشەی گەورە بۆ بودجەی 2018 دروست دەبێ "چونکە نۆژەنکردنەوەی بۆڕیی نەوتی کەرکووک – جەیهان زیاتر لە ساڵێکی پێدەچێ و دواتریش پێویستی بە ڕەزامەندیی هەرێمی کوردستان دەبێ. نەوتی کەرکووکیش کە ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیلی بۆ دەرەوە دەنێردرێ، ئەگەر بە تەنکەر بۆ ئێران بگوازرێتەوە، ئەوە لانیکەم پێویستی بە 1500 تەنکەر دەبێ، ئەمەش جگە لەوەی لە ڕووی ژینگەییەوە عەمەلی نییە، تێچووی گواستنەوەکەشی چوار ئەوەندەی تێچووی گواستنەوەیە بە بۆڕی".

# سەقامگیربوونی نرخی نەوت ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک رادەگرێ



ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک لە مانگی ئاداری داهاتوو کۆتایی دێت

**ڕووداو- هەولێر**

تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو دوو ڕووداوی گەورە بازاڕی وزەیان هەژاند، یەکەمیان سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا و ڕۆژی هەشتی تشرینی دووەمیش، بازرگانانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چاوەڕێی کۆبوونەوەی چارەنووسسازی ئۆپێکیان دەکرد کە بڕیار بوو سێ هەفتە دوای سەرکەوتنەکەی ترەمپ بەڕێوەبچێت. کۆبوونەوەکە لە ڕۆژی 30ی مانگ بەڕێوەچوو. ئۆپێک لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوت ڕێککەوت. پرسیارەکە ئەوەیە ڕێککەوتنەکەی پارساڵ چ ئاماژەیەکی بە ئۆپێک داوە و هەنگاوەکانی داهاتووی ڕێکخراوەکە چی دەبێت؟

بڕیار وایە لە 30ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ وڵاتانی ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک (کە لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێناندا بەشدارن) جارێکی دیکە لە ڤییەنا کۆببنەوە. ساڵێک لەمەوبەر سەرکەوتنی ترەمپ (کە سیاسەتی وزەکەی بۆ ئۆپێک ترسناک بوو) ئۆپێک و چاودێرانی بازاڕی وزەی نیگەران کردبوو، ئەمجارەیان ناسەقامگیریی نێوخۆی سعودیە باڵ بەسەر کۆبوونەوەکەدا دەکێشێ. بەم حاڵەشەوە جیاوازیی سەرەکیی کۆبوونەوەکەی ئەمساڵ لەگەڵ پارساڵ ئەوەیە کۆمەڵێک چاوەڕوانی و گەشبینی نوێ هاتووەتە ئاراوە.

بڕیارە لە کۆبوونەوەکەی کۆتایی ئەم مانگەدا هەڵسەنگاندێک بۆ کاریگەریی ڕێککەوتنەکەی ساڵی پار بکرێت. ئەندامانی ڕێکخراوەکەش لە کاتێکدا ڕوو لە ڤییەنا دەکەن کە لە یەک هەفتەی ڕابردوودا نرخەکانی نەوت بۆ یەکەمجار لە تەمووزی 2015ەوە بۆ سەرووی 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرزبووەتەوە. بە گوێرەی داتاکان، زێدەباری ئەمبارەکانی نەوت کەمبووەتەوە و هاوسەنگییەکی ماماوەند لە نێوان داوا و خستنەڕووی نەوتدا هاتووەتە ئاراوە.

ئەم هۆکارانە وایان کردووە وەبەرهێنەران و بازرگانانی نەوت پێچەوانەی پارساڵ بە گەشبینییەوە لە کۆبوونەوەکەی 30ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بڕوانن. زۆرینەی وەبەرهێنەران چاوەڕێ دەکەن ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دیکە نەک هەر ڕێککەوتنەکە بپارێزن، بەڵکو ماوەکەی بۆ کۆتایی 2018 درێژ بکەنەوە. مانگی ئاداری ئەمساڵ ئۆپێک و 10 وڵاتە هاوکارەکە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە بۆ مانگی ئاداری 2018 درێژ بکەنەوە.

> ئەگەر بینیمان بازاڕ هاوسەنگی بۆ نەگەڕاوەتەوە، ڕێککەوتنەکە درێژ دەکەینەوە
>
> وەزیری وزەی ڕووسیا

مانگی ڕابردوو، محەممەد بارکیندۆ، ئەمینداریی گشتیی ڕێکخراوی ئۆپێک ڕایگەیاند "کە بازاڕ خەریکە هاوسەنگ دەبێتەوە، سەقامگیری دەگەڕێتەوە و ڕێگایەکی ڕۆشن لەبەردەم ئۆپێکە کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەخۆوەی نەبینیوە". مەبەستی بارکیندۆ دابەزینی ئاستی نەوتی زێدەباری ئەمبارەکانی جیهان بوو.

سڤێتلانا پاراسکۆڤا، ڕاوێژکاری کۆمپانیای نەوتی دایڤێرجێنت، پێیوایە ئۆپێک نابێت لەڕادەبەدەر جەخت لەسەر کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنەکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا بکاتەوە، چونکە کۆمەڵێک فاکتەری دیکە لە دەرەوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک، یاریدەدەری نرخەکانی نەوت بوون، لەوانەش بەرزبوونەوەی چاوەڕواننەکراوی گەشەی ئابووریی جیهان کە بووەتە هۆکاری بەرزبوونەوەی داوا لەسەر نەوت، گەشەی هێواشتری نەوتی لیتەی ئەمریکا، دروستبوونی کۆمەڵێک بارگرژی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست وەکوو پەلاماردانی کەرکووک و هەڵمەتەکەی حکومەتی سعودیە لەدژی شازادە و بەرپرسانی حکومەت.

پاراسکۆڤا پێشبینی دەکات ئەگەر نەوت هەتا ڕۆژی کۆبوونەوەکەی کۆتایی ئەم مانگە لە نێوان 57 بۆ 63 دۆلار بمێنێتەوە، ئەستەمە ئۆپێک بڕیاری درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی پێشوو بدات، لەبەر ئەوەی درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە دەکرێت نرخی یەک بەرمیل نەوت بۆ نزیکەی 70 دۆلار بەرز بکاتەوە و ئەمەش هێزێکی زیاتر بە نەوتی لیتەی ئەمریکا دەدات کە تاوەکو ئێستا کەمتر لە چاوەڕوانییەکان گەشەی کردووە.

شارەزایانی نەوت پێیانوایە لەبەرچاونەگرتنی هۆکارەکانی دیکە، لەوانەش بەرزبوونەوەی ئاستی داوای سەر نەوت، دەکرێت لە داهاتوودا بەرهەمهێنەرانی نەوت تووشی شۆکی گەورە بکاتەوە. ستیفن برێنۆک، شارەزای نەوت لە کۆمپانیای (PVM)ی بەریتانی، بە ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی ڕاگەیاند "هیچکەس باسی بەرزبوونەوەی ئاستی داوا ناکات، لەکاتێکدا ئەو فاکتەرە ڕۆڵی سەرەکی لە گەڕانەوەی باڵانسی بازاڕەکانی وزەدا هەبووە".

ڕووسیا و سعودیە دوو بەشداری سەرەکیی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک و 10 وڵاتەکەی دیکەی دەرەوەی ئۆپێکن. هەردوو وڵاتەکەش بە ڕێژەی جیاواز ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ئامادەن ڕێککەوتنەکە تاوەکوو کۆتایی ساڵی داهاتوو درێژ بکرێتەوە، بەڵام ژمارەیەک دەنگۆ لە ناوەوەی ئۆپێک ئاشکرای دەکەن ئەگەر نرخەکان وەکوو ئەوەی ئێستا بمێنێتەوە، ئەوە ڕێکخراوی ئۆپێکیش دەست لە دۆخەکە نادات و کارتی درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە بۆ وەختێکی پێویستتر هەڵدەگرن. ئێد مۆرس، لێکۆڵەر لە کۆمپانیای سیتی گرووپ، بە ئاژانسی بلومبێرگی ڕاگەیاندووە "ئۆپێک یان ئەوەتا بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە بۆ سەرەتای ساڵی داهاتوو دوادەخات، یانیش تەنیا سێ مانگی دیکە دەخاتە سەر ماوەی ئێستای کارپێکردنی ڕێککەوتنەکە".

هەفتەی پێشوو، ئەلێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند "ئەگەر بینیمان بازاڕ هاوسەنگی بۆ نەگەڕاوەتەوە، ئەوە ڕێککەوتنەکە درێژ دەکەینەوە، بەڵام کەسمان نازانین نرخەکانی نەوت لە پێنج مانگی داهاتوودا چییان بەسەر دێت". مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت بە بڕی 1.2 ملیۆن بەرمیل ڕێککەوتن، مانگی دواتر 10 وڵاتی دیکەی دەرەوەی ئۆپێک هاتنە نێو ڕێککەوتنەکە و بەڵێنیان دا ئەوانیش 600 هەزار بەرمیل لە بەرهەمی ڕۆژانەیان کەم بکەنەوە. بڕیار بوو ڕێککەوتنەکە هەتا ناوەڕاستی 2017 کاری پێ بکرێت، بەڵام پێش ئەو وادەیە بڕیاریان دا ڕێککەوتنەکە بۆ ماوەی نۆ مانگی دیکەش درێژ بکەنەوە. هەرچەندە ژمارەیەک لە بەرپرسانی نەوتی وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک دەیانەوێت ئەو هەستە بە بازاڕ بدەن کە دەکرێت ماوەی ڕێککەوتنەکە لە کۆبوونەوەی کۆتایی ئەم مانگە درێژ بکرێتەوە، بەڵام تێگەیشتنی گشتیی ئۆپێک ئەوەیە کە باشترە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ هەموو بژارەکان بە کراوەیی بهێڵرێنەوە.



## ئاتەش ڕاپێک لەسەر کەرکووک بڵاودەکاتەوە

**هیوا سەلاح/ ڕووداو- هەولێر**

ڕاپەری گەنجی کورد، حەکیم ئاتەش کە لە شاری سۆران دادەنیشێ ڕاپێکی نوێی لەسەر هێرشەکەی سوپا و حەشد بۆ سەر شاری کەرکووک بەناوی "تاوانی کوردبوون تۆمار کردووە". حەکیم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی نەتەوەیی کورد، هەروەها پێشکەشە بە تەواوی ئەو کوردانەی کە بە تاوانی کوردبوون زوڵمیان لێکراوە". ئەم بەرهەمە لەلایەن دانەر کاری بۆکراوە، هەروەها بەشێک لە ڕاپەکە دەنگی هونەرمەندی ناوداری کورد جوان حاجۆی تێدا میکس کراوە. حەکیم ئاتەش ڕاپەڕێکی گەنجی شاری سۆرانە، ئەلبوومێکی ڕاپی بەشێوازی ئۆنلاین بڵاوکردووتەوە، پێشوازییەکی باشی لێکراوە.





## خانمە گۆرانیبێژی کورد بێریڤان جەعفەر بۆ (ڕووداو):

# یەکەم کچە کوردم گۆرانیی خەلیجی دەڵێم

شەڕ وماڵوێرانی، بێریڤانی ناچار کرد لە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕوو لە ئیمارات بکات. بێریڤان تەنیا گۆرانیی شک دەبرد دەردی دووره وڵاتی پێ کەم بکاتەوە. بۆیە لە ئیمارات دەست بەکاری هونەری دەکات و بژێوی ژیانی پێ دابین دەکات. ئێستا بێریڤان لە ئیمارات دەنگێکی ناسراوە و داخوازیی زۆری لەسەرە. بە گوتەی خۆی یەکەمین گۆرانیبێژی کوردە بە شێوەزاری عەرەبی خەلیجی گۆرانی دەڵێت. (ڕووداو) لەبارەی کارەکانی ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو - هەولێر**

**ڕووداو: بێریڤان کێیە؟**

**بێریڤان:** من ساڵی 1990 لە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووم. بیرمە تەمەنم هەشت ساڵان بوو کە دایکم و باوکم دەیانگوت دەنگت زۆر خۆشە، ئیدی گرنگیی زۆریان پێدەدام و گۆرانییە کوردییەکانیان پێ ئەزبەر دەکردم، دواتر لە قوتابخانە گۆرانیم گوت، پاشان کە گەیشتمە زانکۆ ئیدی لە سۆشیال میدیادا زۆر دەرکەوتم و ناسرام، ئەمەش وای کرد بەشێوەیەکی فەرمی دەست بەکاری هونەری بکەم. دوای ئەو شەڕو ماڵوێرانییەی بەسەر سووریا و ڕۆژئاوای کوردستاندا هات، بە ناچاری ڕوومان لە ئیمارات کرد، ئەوە سێ ساڵە لە ئیمارات سەرقاڵی کاری هونەریم.

**ڕووداو: یەکەمین گۆرانیت بە زمانی عەرەبی و بەشێوەزاری خەلیجی بوو، هۆکارەکەی چی بوو؟**

**بێریڤان:** دوای ئەوەی گەیشتمە دوبەی دەستم بە گۆرانیگوتن کرد، ئیدی بۆ ئەوەی زیاتر لە نێو ئیماراتییەکان بناسرێم، گۆرانییەکم بەناوی "بعد قلبی" بە زمانی عەرەبی و شێوەزاری کەنداو تۆمار کرد کە لە ئاواز و تێکستی یوسف عومانییە. ئەو هونەرمەندە لە نێو ئیماراتییەکان ناوبانگێکی زۆری هەیە و کاری زۆری بۆ هونەرمەندانی ناوداری کەنداوی عەرەبی کردووە. ئەم گۆرانییە پێشوازییەکی زۆر باشی لێکرا، ئێستا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب هەیە و بینەرێکی زۆری هەبووە. بڕیارە گۆرانی دووەمم کە ئێستا کاری لەسەر دەکەم، گۆرانییەکی کوردی بەشێوەزاری کرمانجی بێ. لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی دەکەمەوە.

**ڕووداو: پێشوازی ئیماراتییەکان لە بەرهەمەکەت چۆن بوو؟**

**بێریڤان:** ئیماراتییەکان زۆر کراوەن و پێشوازی لە کولتوور و فەرهەنگی جیاواز دەکەن. پێموایە زۆر پێشکەوتوون و بە ڕووی جیهاندا کراوەن. هەربۆیە دەنگ و ڕەنگی جیاواز لە کولتووری ئەم وڵاتەدا جێیان دەبێتەوە و تێکەڵی کولتووری یەکدیش دەبن. ئەم گۆرانییەی من دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکاندا داواکاریی زۆری لەسەرە، جگە لەوەش لە یوتیوب و فرۆشگا ئۆنلاینەکان بینەری زۆر بووە.

**ڕووداو: ئیماراتییەکان گوێ لە گۆرانیی کوردی دەگرن، زانیارییان لەسەر کولتووری کورد هەیە؟**

> ئیماراتییەکان زۆر شەیدای گۆرانیی کوردین

**بێریڤان:** بەڕاستی زۆر حەز لە گۆرانیی کوردی دەکەن، بەتایبەتی زۆر شەیدای گۆرانی هەڵپەڕکێ و شادی کوردین، هەمیشە لە کۆنسێرت و ئاهەنگەکانیاندا پێش هەموو شتێک داوای گۆرانی کوردیم لێدەکەن. بەڵام بەشێکی زۆر لە ئاهەنگەکانیان ژن و پیاو بە جیا ئاهەنگ دەگێڕن، من دەچمە ئاهەنگی تایبەت بە ژنان و هەرجارێ سێ گۆرانی بە کورمانجی لە سەرەتای کۆنسێرتەکە پێشکەش دەکەم. ئەوان زانیارییان لەسەر فەرهەنگ و کولتووری کوردی هەیە.

**ڕووداو: کورد لە ئیمارات زۆرن، چالاکی هونەریی کوردی پێشکەش دەکەی؟**

**بێریڤان:** بەڵێ، ژمارەیەکی یەکجار زۆر کوردی چوار پارچەی کوردستان لە ئیمارات دەژین. لە هەموو بۆنەکانی نەورۆز و جەژنەکانی دیکە ئاهەنگ و کۆنسێرتی کوردی ساز دەکەین. ئیماراتییەکانیش پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کورد هەیە و هاوسۆزی گەلی کوردن، بۆیە هەمیشە لە بۆنە و ئاهەنگ و مەڕاسیمە کوردییەکاندا ئامادەبوونیان هەیەو پشتگیریی لە کورد دەکەن.

**ڕووداو: ئیمارات زیاتر بە پێشکەوتنی بازرگانی و ئاوەدانکردنەوە و بینای بەرز ناسراوە، ئایا لە ڕووی هونەریشەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە؟**

**بێریڤان:** ئەوان ئێستا زیاتر لە بازرگانی گرنگی بە هونەر دەدەن. ئێستا دوبەی بووەتە ناوەندێکی گەورەی هونەری، بۆیە بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی جیهان لە دوبەی دادەنیشن و کاری هونەری دەکەن. کۆنسێرتەکان لە ئیمارات بەراورد بە وڵاتانی عەرەبی زۆرترین ئامادەبوویان هەیە. زۆرترین ئەلبوومی گۆرانی لە ئیمارات دەفرۆشرێ. زۆرترین بینەری فیلمی سینەمایی لە ئیماراتە، ئەمەش بەهۆی تیکەڵبوونی کولتووری جیاوازە.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی ئیماراتی و عەرەب چۆنە؟ بیرت لەوە نەکردووەتەوە لەگەڵ هونەرمەندێکی عەرەب دوێتێک بکەن؟**

**بێریڤان:** پەیوەندییەکی باش و بەهێزم لەگەڵ هونەرمەندانی عەرەب و ئیماراتی هەیە، لە ئیمارات هونەرمەندی عێراقی و سووری و لوبنانی زۆرن. ماوەیەکە سەرقاڵی کارێکی هاوبەشم لەگەڵ هونەرمەندێکی بەناوبانگی عەرەب، بەڵام نامەوێت جارێ ناوەکەی ئاشکرا بکەم. گۆرانییەکە بە زمانی کوردی و عەرەبییە و لە سەرەتای ساڵی داهاتوو بەنیازین بڵاوی بکەینەوە، پێموایە دەبێتە سوپرایزێکی جوان.

> لە ئاهەنگەکاندا لە ئیمارات داوای گۆرانیی کوردیم لێدەکەن

> لەگەڵ هونەرمەندێکی ناوداری عەرەب گۆرانییەکی کوردی و عەرەبی تۆمار دەکەین



## مەنسوور، ئەستێرە و گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئێرانی بۆ (ڕووداو):

# کوردستان ماڵی دووەمی منە

یە کێکە لە ناوە دیارەکانی میوزیک و گۆرانیی پۆپی ئێران، هەواداری زۆری هەیە، هەندێک لە کلیپەکانی لە یوتیوب، ملیۆنان جار بینراون. مەنسوور ئەستێرە و گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئێرانی کە ماوەی چەند ساڵێکە سەردانی کوردستان دەکات، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (ڕووداو) وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و زانیاری لە بارەی نوێترین ئەلبوومی گۆرانی کە لە دوو هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، ئاشکرا دەکات.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: دوو هەفتە لەمەوبەر ئەلبوومێکی گۆرانیت بڵاوکردەوە دەکرێ باسی ناوەڕۆکەکەی بکەی؟**

**مەنسوور:** بەڵێ، ماوەی سێ ساڵ کارم لەو ئەلبوومەدا کرد. لە 11 تراک پێکدێ و لە دوو هەفتەی ڕابردوودا لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاومکردەوە. ئەلبوومەکە گۆرانی عاشقانەی تێدایە، گۆرانیی شادی تێدایە، داواکاریی هەوادارانم جێبەجێ کردووە. هیوادارم بە دڵی خەڵک بێت. سوپاس بۆ خوا تاوەکو ئێستا پێشوازییەکی باشی لێکراوە.

**ڕووداو: ئەلبوومەکە ناوی ڕادیکاڵە، بۆچی ڕادیکاڵ؟**

**مەنسوور:** ئەوە ناوی یەکێک لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکەیە کە بە لای ئەو شاعیرەی تێکستەکەی نووسیوە، مانایەکی بیرکاریانەی هەیە، بەڵام من بە مانا ئینگلیزییەکەی بەکارمهێناوە کە بە مانای ڕیشەیی دێ.

**ڕووداو: هەوادارانت لە ئێران چۆن پێشوازییان لە ئەلبوومەکەت کرد؟**

**مەنسوور:** لەم کاتەدا بڵاوکردنەوەی ئەلبووم ئاسان نییە، زیاتر خەڵکی حەز بە گۆرانیی سنگڵ دەکەن، لەلایەکی دیکەش ئەو ئەلبوومانەی لە دەرەوەی ئێران بەرهەم دێن بڵاوکردنەوەیان لە ناوەوەی ئێران ڕێگەپێدراو نییە، بۆیە خەڵکی لەوێ ناتوانن بەشێوەیەکی یاسایی ئەلبوومەکەیان دەستبکەوێت، بەڵام من لەم ئەلبوومە ویستم کارێکی خێرخوازیی بکەم. بە هەوادارانم گوت ئەوان لە ئێران یارمەتیی ڕێکخراوێکی خێرخوازی بدەن بەناوی "مەحەک" لە بەرامبەر ئەوەدا من ئەلبووکەمم بەخۆڕایی لە لاپەڕەی خۆم لە تێلیگرام بڵاوکردووەتەوە بۆیان، خەڵکی زۆر پێشوازییان لەم کارە کرد.

**ڕووداو: ئەوە گرفتی بۆ ئەو ڕێکخراوە دروست نەکردووە؟**

**مەنسوور:** میدیاکانی ئێران لە ڕاپۆرتێکیاندا ئەم کارەی منیان بە کارێکی خراپ ناوبرد و ڕێکخراوەکەشیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کار دەکەن. منیشیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە لە دادگای ئێران کەیسم هەیە و ڕامکردووە، بەداخەوە ئەو کەسە نەخۆشخانە بەم جۆرە بیردەکەنەوە.

**ڕووداو: لە تەمەنی 14 ساڵییەوە ئێرانت جێهێشتووە، چ بیرەوەرییەکت بیرماوە کە هەرگیز لە بیری نەکەیت؟**

**مەنسوور:** بیرەوەریم لە ئێران بەشی زۆری پەیوەستە بە ماڵی خۆمان، یان چوون بۆ قوتابخانە و سزادانم لەلایەن مامۆستاوە. ئێستاش یەک دوو سزام لە بیرە، بەڵام تۆش دەزانی ساڵانێکی زۆر تێپەڕیوە، من 32 ساڵە ئێرانم جێهێشتووە، جەژنی نەورۆزم بیر ماوە، لەوە زیاتر شتێکی دیکەم بیر نەماوە.

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵ جەمشید بەیەکەوە گۆرانییەکی کوردیتان گوت، بەنیازیت گۆرانی دیکە بە کوردی بڵێی؟**

**مەنسوور:** بەڵێ لەگەڵ جەمشیدی ئازیز گۆرانییەکی کوردیمان گوت و پێشوازی باشی لێکرا، ئێستاش بەنیازم گۆرانییەکی دیکە بە کوردی بەناوی "سوپاس پێشمەرگە" بڵێم و لە ماوەی دوو مانگی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە.

**ڕووداو: زوو زوو سەردانی باشووری کوردستان دەکەی، ئامانجی سەردانەکانت چی ؟**

**مەنسوور:** ماوەی پێنج ساڵە لە دوای کۆنسێرتەکەی ساڵی 2012 سەردانی کوردستان دەکەم. خۆشەویستی زۆرم بۆ کوردستان دروستبووە، لە ڕووی کولتووریشەوە لە یەکدی نزیکین، بۆیە هەست دەکەم کوردستان ماڵی دووەمی خۆمە.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێ مەنسوور لە کوردستان خەریکی بازرگانییە؟**

**مەنسوور:** بەڵێ، خەریکی بازرگانیی هونەریم، لەگەڵ چەند هاوڕێیەک گرووپێکی میوزیکمان دروستکردووە، بەنیازین لە داهاتوودا چەند پرۆگرام و پلانێکی میوزیکی دڵخۆشکەر دابنێین. هەروەها کاتێک کە فرۆکەخانەکان کرانەوە و ژیان گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی، بەنیازی ئەنجامدانی چەند فێستیڤاڵێکی هونەریم لە کوردستان.

**ڕووداو: دوایین پرسیارم، دەمەوێت بۆچوونی تایبەتیت لە بارەی هەوڵی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بزانم؟**

**مەنسوور:** ئەو یەکگرتوویی‌یەی لە ڕۆژی ئەنجامدانی گشتپرسی بینیم زۆر تایبەت بوو، هەموو جیهان دەنگی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستانی بیست، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ناوچەکە هەلومەرجی سیاسی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم پرسانەش هەوراز و نشێوی زۆر دەبینن. بەبۆچوونی من زۆر سەرکەوتوو بوو، هەموو جیهانیش ئەوە دەزانێ.

> بۆ سازدانی چەند فێستیڤاڵێک چاوەڕێی کرانەوەی فرۆکەخانەکانی کوردستان دەکەم

> لە کوردستان بازرگانیی هونەری دەکەم

## ئایندەی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم ناڕوونە

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

دوای تێپەڕبوونی 20 ساڵ بەسەر دامەزراندنی کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، ئێستا کتێبخانەکە بەرەورووی قەیران بووەتەوە و بەڕێوەبەرەکەشی دەڵێت ئایندەی کتێبخانەکە ناڕوونە. کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم ساڵی 1997 بە دەسپێشخەری کوردانی سوید دامەزراوە. نەوزاد هرۆری بەرپرسی کتێبخانەکە دەڵێت "ئامانجمان ئەوە بوو کەرەسە و ماتریاڵەکانی تایبەت بە کورد و کوردستان کۆ بکەینەوە و لە فەوتان بیانپارێزین. سەرەتا سێ هەزار کتێبی تێدابوو، بەڵام ئێستا ژمارەی کتێبەکانی گەیشتۆتە 13 هەزار کتێب. دوای بیست ساڵ لە دامەزرانی کتێبخانەکە، کەمکردنەوەی یارمەتی ساڵانەی حکومەت کە بەو کتێبخانەیە دەدرێ، کاری کردووەتە سەر داهاتووی کتێبخانەکە. هرۆری دەڵێت "ئەگەر هاوکاری نەکرێین، کتێبخانەکە داهاتویەکی ڕوونی نییە".




تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (481) - دووشەممە 2017/11/13

### یەکێکیان موسڵمانە و ئەوی دی ئێزدییە

# ژن و پیاوێک بە شەش منداڵەوە لە ڕێگەی کۆچ عاشقی یەکدی دەبن

**زامدار ئەحمەد**
**زیندانی لۆبۆمێژ- بولگاریا**

هاوژینی خەجێ لە ئەڵمانیاوە چاوەڕوانی هاتنی خەجێ و چوار منداڵەکەیەتی. هاوژینی سۆفی و دوو منداڵەکەشی لە کوردستان، چاوەڕێن سۆفی بگاتە ئەڵمانیا و دواتر ئەوان رابکێشێ، بەڵام ئەمان هەردوو کە لەم راپۆرتەدا دوو ناوی خوازراومان بۆ هەڵبژاردوون، لە ڕێگای ئەورووپا عاشقی یەکدی دەبن و بڕیار دەدەن هاوسەرگیری بکەن.

سۆفی تەمەن (32) ساڵ کە موسوڵمانە، لە هەولێرەوە بەرەو ئەورووپا بەڕێکەوتبوو، ئامانجی ئەو گەیشتن بوو بە ئەڵمانیا، ئەو دەیویست دوای ئەوەی مافی مانەوە وەردەگرێ، بەشێوەیەکی فەرمی هاوژینەکەی و دوو منداڵەکەی بباتە ئەڵمانیا. هەرچی خەجێی تەمەن (30) ساڵە کە ژنێکی ئێزدیە، لەسەر داوای هاوژینەکەی کە لە ئەڵمانیایە، خۆی و چوار منداڵەکەی بەرەو ئەورووپا دەکەونەڕێ، ئەو دەیویست لە تورکیاوە بە ڕێگەی قاچاخدا بگاتە بولگاریا و لەوێشەوە بەرەو ئەڵمانیا بڕوات بۆ لای هاوژینەکەی.

وا ڕێکەوت خەجێ و سۆفی لەگەڵ یەک قاچاخچی ڕێکبکەون و بەیەکەوە ڕێگەی نێوان تورکیا و بولگاریا ببڕن. ماوەی پێنج ڕۆژ لەگەڵ چەند کۆچبەرێکی دیکە، لە شوقەیەکدا لە ئیستەنبوڵ بەیەکەوە دەبن و چاوەڕێن قاچاخچی لە کاتی ڕۆیشتنیان ئاگاداریان بکاتەوە. لەنێو شوقە کۆنەکانی تورکیادا، خەجێ و سۆفی یەکدی دەناسن، ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندیی نێوانیان خۆشتر دەبێ. بڕیار دەدەن ڕێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی کۆچ پێکەوە ببڕن.

لەگەڵ وەڕێکەوتنیان بۆ بولگاریا، هەمیشە سۆفی لە خەجێ دەڕوانێ و تیری نیگای عیشقی ئاراستە دەکا، بەم ڕوانینە خەجێ دڵخۆش دەبێ "هاوشێوەی سەرگوزەشتەی خەجێ و سۆفی شێخ ڕەزای تاڵەبانی" لەیەکدی نزیک دەبنەوە، ئەم ڕێگایە پەیوەندی نێوانیان لە هاوڕێیەتی سادەوە بۆ پلەی باڵا و تێکەڵیی ڕۆحی بەرز دەکاتەوە. تەنانەت، وەک هاوژین مامەڵە دەکەن و منداڵەکان دەپارێزن. لەماوەی 12 کاژێر بەپێ ڕۆیشتن و سێ شەو مانەوە لە جەنگەڵ، هەموو ڕاز و نیازێکی یەکدی دەزانن و ئالوودەی یەکدی دەبن، هەرچی دڵ دەیخوازێ باسی دەکەن. دوای سێ شەو مانەوە لە جەنگەڵ، دەگەنە سۆفیا و لە خانوویەکی بچووکدا ماوەی 15 شەو دەمێننەوە، تا دواجار لەلایەن پۆلیسی بولگاریاوە دەستگیر دەکرێن و دەگوازرێنەوە زیندانی لۆبۆمێژ. خەجێ و منداڵەکانی دەخرێنە نهۆمی یەکەمی زیندان و سۆفیش لە نهۆمی دووەمە.

ئەگەر دووریی یەکدی نەبێ، زیندان ئاسان تێدەپەڕێ، وەلێ بەیەکەوە نەبوونیان دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی کات. ڕۆژانە بۆ ماوەی دوو کاژێر، زیندانیانی هەردوو نهۆمەکە دەهێنرانە دەرەوە. لەماوەی ئەو دوو کاژێرەدا خەجێ و سۆفی لەودیوی شیشەکانەوە بەرامبەر یەکدی دادەنیشتن و قسەیان دەکرد. پلانی دوای ئازادبوون دادەڕشت کە چۆن و بە چ ڕێگەیەکدا بڕۆن و ئەنجامی ئەو عیشقە سەیرەیان بەکوێ دەگا.

سۆفی، مۆبایلێکی مۆدێل کۆنی لە هاوڕێیەکی کوردی سەندووە کە سەدان گۆرانیی تێدایە، بەدرێژایی ڕۆژ دێ و دەڕوات و گوێ لەو گۆرانییانە دەگرێ کە لەگەڵ عیشق و خۆشەویستی و زیندان و ناخۆشیدا دێتەوە.

تەواوی زیندانیانی لۆبۆمێژ ئاگاداری پەیوەندیی نێوان خەجێ و سۆفین، هەرکاتێ قسەت لەگەڵ کردبایە، دەیگوت زۆر بیری خەجێ دەکەم.

دوای 27 ڕۆژ مانەوە لە زیندان، تەنیا خەجێ و چوار منداڵەکەی ئازادکران، ئەم هەواڵە بۆ سۆفی زۆر ناخۆش و و خەفەتهێن بوو. هۆکار چییە، ئەوان ئازادکران و ئەم لە زیندان ماوە لەکاتێکدا هەموویان پێکەوە و لە یەکماڵدا دەستگیر کراون؟

بەیانی زوو، خەجێ و منداڵەکانی لە دەرەوەی زیندان چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلی پۆلیس بوون، تا بیانگەیەنێتە کەمپی کراوەی خەرمەنلی. سۆفی لە پەنجەرەی سەرەوە لە خوارەوە دەڕوانێ، خەجێش لە خوارەوە سەیری پەنجەرەکە دەکات، لە قسەکردن بەردەوامن و بەوپەڕی دڵتەنگی و بێزارییەوە خوداحافیزی لەیەکدی دەکەن. پاش ئاوابوونی خەجێ، فرمێسک بەچاوەکانی سۆفیدا هاتنەخوارەوە. کاتی پشوودان و هاتنە دەرەوەی بەندکراوان بۆ سۆفی، چیدی چێژی جارانی نەما، چونکە ئەو ئیدی مەعشوقەکەی لەودیو شیشەکانەوە نابینێ.

سۆفی مۆبایلی بێ کامێرای عومەری هاوزمان و هاوژووری وەرگرت و لەڕێی فەیسبووکەوە پەیوەندی بە خەجێوە کرد، بەدرێژایی 23 شەوی دوای ئازادبوونی خەجێ ئەگەر ئینتەرنێتیان هەبووایە. لەدوای کاژێر 10 و 11ی و شەوەوە خەجێ و سۆفی بە چات و تێل پەیوەندییان هەبوو، تا دونیا ڕووناک دەبووەوە، ئەڵبەتە سۆفی بە ڤیدیۆ چات خەجێی دەبینی، وەلێ خەجێ، سۆفی نەدەبینی، چونکە کامێرای مۆبایلەکە لەلایەن پۆلیسی زیندانەوە دەرهێنرابوو.

هاوژوورانی سۆفی، جارجار هاواریان لێ هەڵدەستا، دەیانگوت: قڕانتان بۆ بێ، بەسە، کۆتایی بەو قسەکردنە بهێنن با کەمێ بخەوین.

لەو ماوەیەدا، خەجێ و منداڵەکانی گەیشتنە ئەڵمانیا و سۆفیش لەدوای 50 شەو زیندانی ئازاد کرا.

سۆفی بەمە زۆر دڵخۆش بوو، پەیوەندی بە خەجێوە کردووە و پێیگوتووە: "چاوەڕێم بکە تا دێم".

سۆفی بەرەو کەمپی کراوەی خەرمەنلی بەڕێکرا، بەڵام بەپەلە کەمپی جێهێشت، تەنانەت نەوەستا تاوەکو بەڵگەنامەی حکومەتی بولگاری وەردەگرێ "بەڵگەنامەی ئاگاداربوونی حکومەتی بولگاریایە لە هاتنی ئەو کۆچبەرە".

دەستبەجێ خۆی گەیاندە ئەو قاچاخچییەی کە پێشتر لە زیندان لەگەڵی ڕێککەوتبوو، دوای دوو شەو مانەوە لەماڵی قاچاخچی، بەرەو ڕۆمانیا کەوتەڕێ و بە سەلامەتی گەیشتە بوخارێست.

ئێستا، سۆفی لە بوداپێستی پایتەختی هەنگاریا و خەجێ لە هانۆڤەری ئەڵمانیایە، هەردوولا چاوەڕوانی یەکدی دەکەن.



خەجێ و سۆفی ڕۆژانە دوو کاژێر لە زیندان بە یەکەوە قسەیان دەکرد

# پشکۆ گورجی.. ئەو کۆچبەرە کوردەی بەعس لە ئیتاڵیا ڕفاندی





ڕژێمی بەعس لەسەر کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری سزای لەسێدارەدانی بۆ پشکۆ گورجی دەکرد

**ڕووداو- ڕۆما**

کاتێک هەڵەبجە کیمیاباران کرا، ئەو لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بوو، چەند مانگێک دواتر پێشانگایەکی لەسەر ئەو کارەساتە لە یەکێک لە گەلەرییەکانی ڕۆما کردەوە، بەڵام ڕۆژی دواتر، ڕۆژی ڕەشی بە چاوی خۆی بینی، ئەگەر لێبوردنێکی سەدام نەبووایە بەبۆنەی وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، دەبوو تەمەنی لە زینداندا بباتە سەر.

هونەرمەندی شێوەکار و پەیکەرتاشی کورد، پشکۆ گورجی لە هەشتی ئابی 1968 لە سلێمانی لەدایکبووە. کاتێک پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەکرێتەوە، بەشی پەیکەرتاشی هەڵدەبژێرێ و دەبێتە یەکێک لە قوتابیانی پەیمانگەکە. ساڵی 1986 کە پەیمانگەی تەواو کرد، یەکسەر ڕووی لە شاخ کرد و بووە پێشمەرگە، ساڵی دواتر دەچێتە سووریا، پاشان لیبیا و لەوێشەوە بۆ دوورگەی ماڵتا، دواتر لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا دەگیرسێتەوە و لەوێ درێژە بە کاری هونەری دەدات.

پاش بۆردومانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی، پشکۆ بیر لەوە دەکاتەوە کە بەکاری هونەری گوزارشت لەو تراژیدیایە بکات. لە ناوەڕاستی 1988 پێشانگایەک دەکاتەوە و ڕۆژی دواتر چەند کەسێک لە جەرەسی ماڵەکەی دەدەن، پێیدەڵێن کە ڕۆژنامەنووسن و دەیانەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکەن، ئەویش فەرموویان لێدەکات. گورجی دەڵێت "ئەوان کامێرا و ستاند و هەموو شتێکیان پێبوو، یەکێکیان بە عەرەبی قسەی دەکرد، یەکسەر گومانم کرد، چونکە هیچ کەناڵێکی عەرەبی باسی تاوانی هەڵەبجەی نەدەکرد. لەناکاو پەڕۆیەکیان خستە سەر دەمم و لە هۆش خۆم چووم".

کاتێک چاوەکانی دەکاتەوە، لە ژێرزەمینێکدا خۆی دەبینێتەوە. دوو ڕۆژ لەوێدا دەهێڵدرێتەوە و بۆ ڕۆژی سێیەم کەسێک بە دوو پاسەوانەوە سەردانی دەکات کە ئەو گومان دەکات باڵیۆزی عێراق بووبێ لە ڕۆما. پشکۆ دەڵێت: "ئەو کەسە زۆر قسەی ناشیرینی پێگوتم، پاشان بە شەق و بۆکس لێیدام و پێیگوتم چۆن پێشانگا دەکەیتەوە و ئێمە تاوانبار دەکەیت و ناوی سەرۆک و دەوڵەتەکەمان دەزڕێنی".

ڕۆژی چوارەم خواردنێکی جیاواز و باشتری بۆ دەبەن، پشکۆ هەمووی دەخوات، بەڵام دواتر گێژ دەبێ و لە هۆش خۆی دەچێ. کاتێک بەهۆش دێتەوە، هەردوو دەستی کەلەپچە کراون و لە نێو فڕۆکەیە.

لە ناکاو گوێی لە تیمی فڕۆکەوانی دەبێ کە سەرنشینان ئاگادار دەکاتەوە لەوەی پاش کەمێکی دیکە فڕۆکەکە لە بەغدا دەنیشێتەوە، ئیدی تێدەگات کە سیخوڕەکانی بەعس ئەویان ڕفاندووە.

لە فڕۆکەکە دادەبەزێندرێ و چاوی دەبەستنەوە و دەیگوازنەوە بۆ زیندان. چەند ڕۆژێک تێدەپەڕن، ڕۆژێکیان دەبردرێتە هۆڵێک، لەوێ تووشی سەرسوڕمان دەبێ کە دەبینێ سەرجەم ئەو تابلۆیانەی لە پێشانگاکەی ڕۆما نمایشی کردبوون، لە هۆڵەکە دانراون. گورجی دەڵێت: "پرسییان ئەوانە هی کێن؟ ئیدی ناتوانم حاشا بکەم و درۆ بکەم. تابلۆکان ناوی خۆمیان لەسەربوو کە بەخەتی خۆم نوسیبووم. گوتم ئەوانە کاری منن". ماوەی مانگێک لە ژووری تاکەکەسی دەهێڵدرێتەوە دواتر دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. لەوێ بە ڕێکەوت کوردێک دەناسێ بەناوی مامۆستا ئاراس کە پێشتر پشکۆ قوتابیی ئەو بووە. دەڵێت "تکام لێکرد، ئەگەر ئازاد بوو کەسوکارم ئاگادار بکاتەوە کە من لە ئیتاڵیاوە ڕفێندراوم".

مامۆستا ئاراس دەڵێت: "کە ئازادکرام، ئامۆزایەکی پشکۆ هاوڕێم بوو هات بۆ لام. پێمگوت پشکۆم لە زیندان بینیوە، ئەو گوتی ڕاست نییە پشکۆ لە ئەورووپایە، ئیدی تێمگەیاند کە حاڵی باش نییە و فریای بکەون".

پشکۆ ئەو ڕۆژەی باش لەبیرماوە کە سەریان تاشیوە و بردوویانە بۆ (مەحکەمەی سەورە). دەڵێت "ڕۆژی 1988/7/11 بردیانین بۆ مەحکەمە. لەوێ دادوەر گوتی "تۆ هاووڵاتییەکی عێراقیت و لە دەرەوە ناوی وڵات و سەرۆکت زڕاندووە و دژی سیادەی عێراق قسەت کردووە. بۆیە بڕیاری لە سێدارەدانم درا".

چەند ڕۆژێک دواتر دەبردرێتە ژوورێک. بەرپرسێکی سەربازی لەوێ دانیشتبوو، پێیدەڵێت کەمێکی دیکە دایکت دێت بۆ لات. پشکۆ دەڵێت: "پاسەوانێک دەستیکردمەوە و ئیتر دایکم هاتە ژوورەکەوە، کە منی بەو حاڵەوە بینی، یەکسەر کەوت و نەیتوانی هەنگاوبنێت، منیش بە پەرۆشەوە باوەشم پێدا کرد و گریاین، من دڵنەواییم دەدایەوە و دەمگوت بەمزووانە بەردەبم و دێمەوە لاتان، من دەمویست دڵی ڕابگرم و تێنەگات کە من لە سێدارە دەدرێم، تومەس ئەوان زۆر پێش من ئاگاداربوون کە بڕیاری لەسێدارەدانم بۆ دەرچووە".

ڕۆژی لەسێدارەدانەکەی پشکۆ گورجی 1988/8/15 بوو. چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو کە سەددام حوسێن بەبۆنەی ڕاوەستانی جەنگی ئێران و عێراقەوە، لێبوردنی گشتی بۆ تەواوی زیندانیان لە عێراق دەرکرد، لێبوردنەکە ئەو کەسانەشی گرتەوە کە حوکمی لەسێدارەدانیان هەبوو.

پشکۆ دەڵێت: "ئێمەیان گواستەوە بۆ ئاسایشی کەرکووک، پاشان دەزگای هەواڵگریی عێراق لە سلێمانی، لەوێ دەرگایان لێکردینەوە و گوتیان ئێوە ئازادن. کاتێک هاتمە دەرەوە، دایکم چاوەڕێی دەکردم".

کاتێک شەڕی ناوخۆ ڕوودەدات، بڕیار دەدات دووبارە کوردستان جێبهێڵێ و ڕوو لە هۆڵەندا دەکات. ئەو تاوەکو ئێستاش لەوێ دەژی و زۆربەی ساڵەکان کارێک بۆ هەڵەبجە دەکات، بەمەش سەرنجی ڕۆژنامەنووسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و چەندین دۆکیۆمێنتاریان لەسەر کردووە.

پشکۆ سێ ساڵ لەمەوبەر پەیکەری عومەری خاوەری دروستکرد کە لە باخچەی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی (OPCW) لە لاهای دانراوە. هەروەها پەیکەری (ئافرەتی کورد)ی دروستکردووە کە لە سەنتەی شارۆچکەکەی خۆی لە هۆڵەندا دانراوە، هەروەها تابلۆیەکی لەسەر تاوان لە دژی ژینگە دروستکردووە کە بەناوی (OPCW) لە یەکێک لە مۆزەخانەکان دانراوە.

### لە کوردستان پەیکەرەکەی دەشکێنن

پشکۆ بەردەوام لەگەڵ خەم و ناسۆرییەکانی گەلەکەیدایە، کاتێک پێشمەرگە لە شەڕدابوو لەگەڵ داعش، بڕیاری دا کارێک بۆ پێشمەرگە بکات. لە هەولێر پەیکەرێکی دروستکرد کە وێنەی چوار پێشمەرگەی تێدابوو، بەڵام دواتر کە ئیشەکەی خۆی دەبینێتەوە زۆر بێتاقەت دەبێ.

پشکۆ دەڵێت: "کە ئیشەکەی خۆمم بەوجۆرە بینی زۆر بێتاقەت بووم، بەڕاستی ناتوانم قسەی لەسەر بکەم، ئاڵای کوردستان کە پێوەی بوو، لێکراوەتەوە، زۆریان لێ شێواندووە و شکێنراوە. نۆ مانگ لە هۆڵەنداوە هاتمەوە بۆ کوردستان خەریکی دروستکردنی ئەم پەیکەرە بووم لەسەر گیرفانی خۆم. کەچی ناوەکەی خۆم لێکراوەتەوە".

ئەم ڕاپۆرتە بەشێکە لە دۆکۆمێنتارییەکی تۆڕی میدیایی ڕووداو. دەتوانن تەواوی دۆکۆمێنتارییەکە لە پۆرتاڵی ڕووداو (www.rudaw.net) ببینن.

ژنان
ڕووداو
ژمارە ( 481 ) - دووشەممە 2017/11/13



## سلێمانی دژی یاسای جەعفەری دەوەستێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی 2017/11/12 ژمارەیەک چالاکڤانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی گردبوونەوەیەکیان دژی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە عێراق ئەنجامدا کە بە گوێرەی هەمواری یاساکە کە بە "یاسای جەعفەری" ناسراوە ڕێگە بە شووکردنی کچانی تەمەن نۆ ساڵ دەدرێ. چالاکییەکە لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت لە سلێمانی سازکرابوو. بەشێک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژنانیش بەشداری گردبوونەوەکەیان کرد. لە گردبوونەکەدا نامەیەکیان ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کرد و دەڵێن، ئەمە یاسایەکی تائیفییە و پێویستە هەڵبوەشێتەوە و دژی مافەکانی مرۆڤە.

### باشاک دەمیرتاش، هاوژینی سەلاحەددین دەمیرتاش:

# بە گریانەوە چیرۆکەکانی دەمیرتاش بۆ کچەکانم دەگێڕمەوە

**ڕووداو- ماڵپەڕی دوڤار**

ساڵێک و چەند ڕۆژێکە هاوژینەکەی لە زیندانە، بەدرێژایی ئەمساڵە هەموو هەفتەیەک لە زیندان سەردانی دەکات، بەڵام سێ هەفتەی دوایی لەسەر داوای هاوژینەکەی، سەردانی نەکردووە. باشاک دەمیرتاش، هاوژینی سەلاحەددین دەمیرتاشە. دەڵێت حەز دەکات وەکو هاوژینەکەی داکۆکی لە مافی گەلەکەی بکات، بەڵام لەڕێی سیاسەتەوە نا.

شەوی 2016/11/4 هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هەڵمەتێکی فراوانیان بۆ دەستگیرکردنی ئەندامانی پارتی دیموکراتی گەلان دەستپێکرد. سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە و 13 پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکەیان دەستگیرکران و تاوەکو ئێستاش نۆ پەرلەمانتار دەستبەسەرن.

دەمیرتاش وەک سەرکردەیەکی گەورەترین و پڕجەماوەرترین سێیەم پارتی سیاسی لە تورکیا، لە ماوەی ئەو ساڵەی لە زیندانە، چەندین پەیامی دەستنووس، نەخشە، چیرۆک، ڕۆمان، وتار، هەڤپەیڤین و بۆچوون و هەڵوێستی سیاسی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام لە ماوەی ئەمساڵەدا، هاوژینەکەی، کچەکانی، باوکی، دایکی، خوشکەکانی، برایەکەی و دۆستان و خۆشەویستانی لە چ دۆخێکدان؟ باشاک دەمیرتاش وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند پرسێکی دیکە بۆ ڕۆژنامەی (دوڤار) دەداتەوە.



باشاک دەمیرتاش لەگەڵ دەلال و دڵدای کچی

باشاک دەڵێت لەوەتەی دەمیرتاش دەستگیرکراوە، هەموو هەفتەیەک بەبێ دابڕان سەردانی کردووە. بەڵام سێ هەفتەیە لەسەر خواستی خۆی سەردانی نەکردووە.

باشاک هەفتانە بۆی هەیە تەنیا یەک کاژێر هاوژینەکەی ببینێ. بۆیە بەر لە دیدارەکە، ئامادەکاری دەکات. هەموو پرسەکان بەکورتی باس دەکەن هەر لە سیاسەتەوە تا دەگاتە دۆخی یاسایی و کاروباری خێزانی.

باشاک و سەلاحەددین خاوەنی دوو کچن بە ناوەکانی دەلال و دڵدا کە زۆربەی هەفتەکان سەردانی باوکیان دەکەن. باشاک باسی گفتوگۆی نێوان کچەکان و باوکیان دەکات و دەڵێت "لەبارەی قوتابخانە و خوێندن و هاوڕێیەتی لە قوتابخانە و دۆخی کۆمەڵایەتی پرسیاریان لێدەکات. بەڵام منداڵەکان لەبارەی گرتنییەوە هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردووە، چونکە پێشتر خۆی بۆی باسکردوون کە ڕۆژێک پۆلیس دێن و لە دەرگای ماڵەکەی دەدەن و دەستگیری دەکەن، بەڵام ئێوە هەرگیز نەترسن".

دەمیرتاش لە زیندان کۆمەڵێک چیرۆکی نووسی کە بەناوی "سەحەر" بڵاوکرایەوە. باشاک کتێبەکەی خوێندووەتەوە، چیرۆکی "سەحەر" و "کچی دەریا" کاری تێکردووە "چەندینجار خوێندمەوە. هەرجارە و چێژی خۆی هەبوو، لە هەمووی گرنگتر هەیەجان و جۆش و خرۆشەکەیم لەدەست نەدەدا لە کاتی خوێندنەوەیاندا. لەوانەیە بەتایبەتی ئەم دوو چیرۆکە خرۆشێکی زۆرتری بە هەستی ئافرەتبوون و دایکبوونم دابێ".

دەمیرتاش لەم کتێبەدا خۆی و باشاکی بە قارەمانی چیرۆکێک ناساندووە و یادەوەریی خۆیانی تێدا دارشتووە. باشاک باسی هەستی کچەکانی دەکات کاتێک چیرۆکەکەی بۆ خوێندوونەتەوە. دەڵێت: "کاتێک بینییان دایکیان بەدەم گریانەوە چیرۆکەکان دەخوێنێتەوە، ئەوانیش زۆر بە وردی دەستیان بەخوێندنەوە کرد و بەردەوام پرسیاریان دەکرد، بۆیە تەواوکردنی خوێندنەوەی کتێبەکە لانیکەم دوو هەفتەی خایاند".



باشاک بەردەوام شانازی بەوە کردووە کە هاوژینەکەی سیاسەتڤانە. بۆ ئەو بەها و بایەخێکی زۆری هەیە، بەڵام دەڵێت "خۆزگەم دەخواست کە پەرلەمانتارێک بووایە نەک سیاسەتڤانێکی هەڵبژێردراو".

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرن ئەو ژنانەی هاوژینەکانیان بەهۆی سیاسەتەوە کەوتوونەتە زیندان، ئەمانیش کەڵکیان لە ناوبانگیان وەرگرتووە و هەمان ڕێچکەیان گرتووە، بەڵام باشاک قەت بیری لەوە نەکردووەتەوە ببێتە سیاسەتڤان.

باشاک دەمیرتاش دەڵێت: "چوونە نێو سیاسەت لەژێر چەتری هاوژینەکەم، شکاندن و کەمکردنەوەی شکۆمەندی خودی دەمیرتاشە. منیش دەمەوێت خزمەت بکەم، بەڵام نامەوێ لەڕێی سیاسەتەوە ئەو خزمەتە بکەم".

# پۆلیس لە مردنێکی مسۆگەر ڕزگاری دەکەن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

شارای تەمەن 19 ساڵان دوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی، گەڕایەوە ماڵی باوکی و لەلای دایکی و باوکە بەتەمەنەکەی مایەوە، ئەو ژنە لەلایەن دوو گەنجەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر، بەڵام لە ترسان نەیوێراوە سکاڵا تۆمار بکات.

شارا ناوی خوازراوی ئەو ژنەیە کە دانیشتووی شاری سلێمانییە و پێشتر لەلایەن دوو گەنجەوە دەستدرێژیی کراوەتە سەر.

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر ڕووداوەکەدا، شارا هەست دەکات کە دووگیان بووە، بۆیە دەکەوێتە پرسیارکردن و گەڕان بەدوای مامانێکی باش کە منداڵەکەی بۆ لەبار ببات، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێکارە توندە یاساییەی بەرامبەر لەباربردنی منداڵ هەیە، زۆر بە زەحمەت مامانێکی دەستدەکەوێت ئەو کارەی بۆ بکات، ئەگەریش مامانێکی دەستبکەوێت، ئەوا بە کەمتر لە 500 دۆلار ڕازی نابێت، بەڵام شارا ئەوکات تەنیا خاوەنی 260 هەزار دینار بوو.

### دەچێتە خانەقین

دوای گەڕانێکی زۆر لەناو سلێمانی و دەستنەکەوتنی مامانێک کە منداڵەکەی بۆ لەبارببات، لە خانەقین مامانێک دەدۆزێتەوە، بەتەنیا و بەدزییەوە دەچێتە لای مامانەکە. ئەویش دەرزییەکی لێدەدات. شارا لەبەرئەوەی بەدزییەوە هاتووەتە خانەقین و بۆ ئەوەی درەنگ نەکەوێت و هیچ کەسێک هەستی پێنەکات، چاوەڕێ ناکات منداڵەکە فڕێ بدات و ڕاستەوخۆ دەیەوێت بگەڕێتەوە، بەڵام لە نزیک شارۆچکەی کەلار تەندروستیی تێکدەچێ و تووشی خوێنبەربوون دەبێت، ئیدی پەنا دەباتە بەر ماڵێک تا کەمێک تێیدا پشوو بدات، بەڵام ماڵەکە پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە.

دوای ئەوەی پۆلیس بە ڕووداوەکە دەزانێت و دەچێتە ماڵەکە، شارا دەبەن و کەیسەکەی دەدرێتە دەست بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ئەوانیش ژیانی شارا لە مردن ڕزگار دەکەن. سەرەتا دەینێرن بۆ نەخۆشخانەی شەهید شێرە، دواتر بەهۆی خراپی و ناجێگیریی بارودۆخی تەندروستییەوە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی دەکرێت و لەوێ چارەسەری پێویستی بۆ دەکرێت و لە مردن ڕزگاری دەکەن.

ئەو منداڵەی لەنێو سکی شارادا بووە مردووە و لەڕێگەی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە دەریانکردووە، دواتریش شارا گەڕێندراوەتەوە بۆ ماڵی باوکی. بۆ پاراستنی ژیانی شارا و نەدرکاندنی نهێنییەکەی، پزیشکی نەخۆشخانە ئامادەنین هیچ زانیارییەک لەبارەی کەیسەکەوە بدرکێنن.

بەڵام عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت "پاش ئاگادارکردنەوەمان لە حاڵەتی ژنێک کە بە ئازارێکی زۆرەوە پەنای بۆ ماڵێک لە کەلار بردووە، دەستبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانەی شەهید شێرەمان کرد و چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا، بەڵام بەهۆی حاڵەتی تایبەتی ژنەکەوە نەدەکرا بمێنێتەوە و بارودۆخی تەندروستی ڕوو لە خراپبوون بوو، بۆیە ڕەوانەی نەخۆشخانەی کەلارمان کرد".

بە گوتەی عەقید لەمیعە، ئەمە یەکەمین حاڵەتە کەسێکی غەریب لە کەلار ڕووداوێکی وای بەسەربێت، لەبەر ئەوەش کە سکاڵای لەسەر هیچ کەسێک نەبوو، نەشیدەویست هیچ کەسێک بە ڕووداوەکە بزانێت، بۆیە وەکو بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان هیچ ڕێکارێکمان نەگرتە بەر، تەنیا ئەوە نەبێت کە هاوکاریمان کردووە بۆ جێگیربوونی باری تەندروستی و ڕزگارکردنی لە مردن.



بە دوو گەنج دەستدرێژییان کردە سەر شارا و سکیان پڕ کرد

# کوڕەکەی و ژنەکەی پێکەوە دەکوژێ و هەڵدێت



هێدی لەگەڵ دایکی سەرقاڵی لێنانی چای بوون کاتێک باوکی دەستڕێژی گوللەی لێکردن

**ڕووداو- کۆیە**

ژنەکەی و کوڕەکەی پێکەوە لە ماڵ دانیشتبوون و سەرقاڵی چالێنان بوون کە جەوهەر دەستدرێژی گوللەی لێکردن و هەر لەوێدا هەردووکیانی کوشت، جەوهەر لەدوای ڕووداوەکەوە خۆی حەشارداوە و ئێستا پۆلیس بەدوایدا دەگەڕێ.

ئەو ڕووداوە ڕۆژی 2017/11/8 لە گەڕەکی کۆیەستی لە قەزای کۆیە ڕوویدا. پیاوێکی تەمەن 49 ساڵ بەناوی (جەوهەر.م) بە دەمانچە تەقەی لە (نەزیف ڕەشید)ی هاوژینی و (هێدی جەوهەر)ی کوڕی کرد و هەردووکیانی کوشت. هەرچەندە دەگوترێ کە جەوهەر بەردەوام کێشەی لەگەڵ کوڕەکەی هەبووە، بەڵام ڕوون نییە ئایا کێشەی لەگەڵ ژنەکەی هەبووە، یان ژنەکەی بەهۆی تەقەکردن لە کوڕەکەی پێوە بووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە لە نزیکەوە ئەو خێزانە دەناسێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی هەشت مانگە ئەو خێزانە دەناسم، مام جەوهەر خەریکی ئاژەڵداری بوو، هەستمان بەوە کردبوو کە خێزانەکە کێشەی تێدایە. کێشەکەشیان تەنیا کوڕەکەیان بوو کە کەسێکی لاسار بوو، بە قسەی باوکی نەدەکرد".

ئەو پێکەوە نەگونجانەی جەوهەر و کوڕە تەمەن 18 ساڵانەکەی، جارێک وای لەو پیاوە کرد کە کوڕەکەی بنێرێتە دەرەوەی وڵات، بەڵام تاوەکو ئیتاڵیا ڕۆیشت و دووبارە گەڕایەوە کوردستان.

ئەو سەرچاوەیە سەبارەت بە هاوژینەکەی مام جەوهەر گوتی "هەستمان دەکرد نەخۆشیی دەروونی هەیە، بەڵام لەگەڵ دەوروبەر دراوسێ زۆر بێ کێشە بوو. کەسێکی تێکەڵ بوو، بەڵام لە نێوخۆیاندا کێشەیان زۆر بوو، دواجاریش بووە قوربانی کێشەی نێو خێزانەکەی".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، دایکی هێدی زۆر پشتگیریی کوڕەکەی دەکرد، گومان دەکرێ هەر بەهۆی پشتگیریی ئەو لە هێدی، هاوژینەکەی ئەویشی کوشتبێ، بەڵام هێدی لەگەڵ دایکیشی کێشەی زۆر بوو. ئەو سەرچاوەیە گوتی "تەنانەت جارێک تەقەی لە دایکی کرد و بریندای کرد، دواتر کێشەکەیان چارەسەر کرد".

نەزیف هاوژینی دووەمی جەوهەر بوو، ئەو پیاوە لەگەڵ ژنی یەکەمی کە دوو منداڵی هەبووە، بە هەمانشێوە کێشەی هەبووە و لێی جیابووەتەوە. لەم ژنەی دووەمیشی چوار منداڵی هەیە.

عەمید شۆڕش کاکە فەتحوڵڵا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاژێر نۆی شەو هێزەکانی پۆلیس لە ڕووداوێکی تەقەکردن ئاگادارکرانەوە. کە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت پیاوێک بە دەمانچە تەقەی لە هاوژینەکەی و کوڕەکەی کردووە".

عەمید شۆڕش باسی هۆکاری ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ئەو خێزانە لە نێوخۆیاندا زۆر ناکۆک بوون. بەتایبەت باوکەکە لەگەڵ کوڕە کوژراوەکەی. کوڕەکە چەند جارێک بەهۆی دەرچوون لە یاسا و تەقەکردن و چەقۆ وەشاندن و شەڕ و ئاژاوەوە، دۆسیەی لە پۆلیس بۆ کراوەتەوە، تەنانەت حوکمیش دراوە. واتە پێشینەی هەبووە لە دروستکردنی کێشەدا بۆیە باوکەکەی بەو کارانەی کوڕەکەی زۆر نیگەران بووە، هەر ئەوەش وای لێکردووە تەقەی لێ بکات و بیکوژێ".

سەبارەت بە ژنەکە، عەمید شۆڕش گوتی: "ئافرەتەکە هیچ کێشەی نەبوو، ئەو بووەتە قوربانی کێشەی نێوان هاوژینەکەی و کوڕەکەی".

جەوهەر دوای ڕووداوەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە. عەمید شۆڕش دەڵێت: "ئەو تۆمەتبارە بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. گومانمان لە چەند شوێنێک هەبوو کە خۆی تێدا حەشاردابێ، گەڕاین و نەماندۆزییەوە، بۆیە ئێستا گومان دەکەین هەڵاتبێ بۆ هەولێر".

عەمید شۆڕش پێیوایە ئەگەر جەوهەر دەستگیر بکرێ و دادگایی بکرێ، ڕەنگە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەربچێ، چونکە زیاتر لە کەسێکی بە ئەنقەست کوشتووە. (ڕووداو) پەیوەندی کرد بە کەسوکاری کوژراوەکە، بەڵام ئامادەنەبوون قسە لەسەر ڕووداوەکە بکەن.



## دوای پێنج ڕۆژ بە مردوویی لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە

**ڕووداو- هەولێر**

کەریم ئەحمەد محەممەدی تەمەن 34 ساڵ، دوای پێنج ڕۆژ لە گیان لەدەستدانی بەتەنیا لە ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە. عەباس ئەحمەد، کە برای کەریمە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ڕۆژە براکەم حەزی کردووە بەتەنیا بێت، بۆیە بە خێزانەکەی گووتووە بڕۆرەوە ماڵی باوکت و ماوەیەک لای ئەوان بمێنەوە، خێزانەکەی ئاسایی وەریگرتووە. پێنج ڕۆژ ئێمە و خێزانەکەی تەلەفۆنمان بۆ کرد، وەڵامی نەدەدایەوە، دواتر دراوسێکانی ماڵی کەریم هەست بە بۆنێکی ناخۆش دەکەن، بۆیە پۆلیسیان ئاگادارکردووەتەوە. دوای ئەوەی پۆلیس دەگاتە ماڵی کەریم و دەرگاکان دەشکێنن، کەریم بە مردوویی دەدۆزرێتەوە".

### لەسەر شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل شەڕیان بوو

# لە شەڕە تەقەی نێوان دوو گەنجدا دەکوژرێ



ئەنجام خەونی ئەوە بوو بچێتە زانکۆ، بەڵام لە جیاتی زانکۆ بەرەو گۆڕستان نێردرا

**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی بۆ خواردنی نانی ئێوارە دەچنە دەرەوە، بەڵام کاتێک ویستیان ئۆتۆمبێلەکەیان لە بەردەم ئەو چێشتخانەیە ڕابگرن کە بڕیار بوو نانی لێ بخۆن، شەڕ لە نێوان چەند گەنجێک دروست دەبێ، ئەنجام بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە شەڕەکەوە هەبێ، بە گوللەیەکی گەنجە شەڕکەرەکان دەکوژرێ.

ئەنجام جەمال، تەمەن 19 ساڵ، دانیشتووی شاری هەولێر بوو، کاژێر 11:30ی شەوی 2017/11/4 لەگەڵ دوو هاوڕێیدا بە ئۆتۆمبیل دەچنە شەقامی 100 مەتری، بۆ ئەوەی لە چێشتخانەیەکی نزیک بازاڕی لەنگە نان بخۆن، بەڵام کاتێک دەگەنە بەردەم چێشتخانەکە، دەبینن چەند گەنجێک لەسەر ڕاگرتنی شوێنی ئۆتۆمبێل شەڕیانە، لەو کاتەدا یەکێک لە گەنجەکان دەستڕێژی گوللە دەکات و یەکێک لە گوللەکان بەر سەری ئەنجام دەکەوێ.

دوای کۆششێکی زۆر، ئەنجام ئەمساڵ قۆناغی ئامادەیی بە سەرکەوتوویی تەواو کرد، بڕیار بوو ڕۆژی دوای ڕووداوەکە دەست بە دەوامی زانکۆ بکات، بەڵام مەرگ نەیهێشت.

سەرکەوت مەحموود، مامی ئەنجام لە پرسەی برازاکەیدا بە (ڕووداو)ی گوت: "برازاکەم سەرەتای تەمەنی بوو، خەونی ئەوە بوو بچێتە زانکۆ، بەڵام لە جیاتی زانکۆ بەرەو گۆڕستان نێردرا، بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێت".

وەک کەسوکارەکەی باسی دەکەن، ئەنجام گەنجێکی بێ کێشە بووە، زۆرجار شەوان لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ نانخواردن یان بەسەربردنی کات چووەتە دەرەوە، بەڵام قەت کێشەی دروست نەکردووە. مامی ئەنجام زۆر داخبارە و دەڵێت: "لە ماڵ دەرچوو بۆ خواردنی لەفەیەک لەگەڵ هاوڕێکانی، بەڵام تەرمەکەیان بۆ هێنایەوە".

بە گوتەی شایەتحاڵەکان، ئەو کاتەی شەڕەکە لە نێوان گەنجەکان دروستبووە، ئەنجام و هاوڕێکانی تازە گەیشتبوونە بەردەم خواردنگەکە و هێشتا لە ئۆتومبێلەکەیان دانەبەزیبوون، لەکاتی دەستڕێژی گوللە یەکێک لە گوللەکان بەر ئەنجام کەوتووە کە لە دواوەی ئۆتۆمبێلی هاوڕێیەکەی دانیشتبوو.

مامی ئەنجام دەڵێت بەشێکی ئەو ڕووداوانەی کە کەسانی بێ گوناهی وەکو ئەنجامی برازای تێدا دەبنە قوربانی بەهۆی زۆربوونی چەکی بێ مۆڵەتە بەدەست خەڵکەوە.

ئەو دەڵێت "بەداخەوە چەکێکی زۆری بێ مۆڵەت بە دەست خەڵکەوەیە، هیچ سزا و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە نییە کە چەکی بێ مۆڵەت هەڵدەگرن، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاشکرا ڕیکلام بۆ چەکی بێ مۆڵەت دەکرێ، تەنانەت ئامادەن چەکێک بە 100 دۆلار بفرۆشن، ئەنجامی ئەو کارەش کوشتنی خەڵکی بێ تاوانی وەکو برازاکەی منە".

ئەنجام سێ برای لە خۆی گەورەتری هەبوو، هەروەها دوو خوشکیشی هەبوو. باوکی زۆر پەرێشانە بە لەدەستدانی کوڕەکەی، ئەو دەڵێت هیچ دەسەڵاتێکی نییە جگە لە هانابردن و پاڕانەوە لە کاربەدەستان بۆ سەندنەوەی تۆڵەی کوڕەکەی.

جەمال مەحموود باوکی ئەنجام بە (ڕووداو)ی گوت: "دەمەوێت لەڕێگەی ڕووداوەوە دەنگم بە حکومەت و دەسەڵاتداران بگەیەنم، چۆن دەبێت لە خۆڕا خوێنی ڕۆڵەکەم بڕژێت؟".

لەبارەی ڕووداوەکەوە ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوی 2017/11/4 لە شەقامی 100 مەتری شاری هەولێر، لای چێشتخانەیەک بەهۆی دەمەبۆڵەی نێوان دوو کەس لەسەر شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکەیان، دوو گەنج تەقە لە یەکدی دەکەن، گەنجێک بەناوی ئەنجام جەمال کە لەگەڵ هاوڕێکانی لە شوێنی ڕووداوەکە دەبێت، گوللەیەکی بەردەکەوێت و هەر لە شوێنی ڕووداوەکە دەمرێ، دواتر پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و سەرەداوی باشمان دەستکەوت، تەقەکەرەکە ئۆتۆمبێلی جامڕەشی پێبووە و دوای ئەوەی تەقەیان کردووە، هەڵاتوون".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ئاشکرای کرد "دوای کەمتر لە 24 کاژێر، ئێوارەی ڕۆژی 2017/11/5 تۆمەتبارەکە لەلایەن باوکییەوە ڕادەستی پۆلیس کرا و بەپێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە کوشتن دۆسیەی بۆ کرایەوە".

> چەکی بێ مۆڵەت بە 100 دۆلارە و بەئاشکرا ڕیکلامی بۆ دەکرێت
>
> مامی کوژراوەکە

### زانکۆی بە پلەی نایاب تەواو کردبوو

# گەنجێک لە سلێمانی خۆی دەکوژێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

شەوانە پاسەوان بوو، تەنیا دوو کاژێرێک دەخەوت، ئەمە ژیانی پیاوێکی بە تەمەنی نەخوێندەوار نەبوو کە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە چارەنووسی وا بێت، بەڵکو ژیانی خوێندکارێکی دەرچووی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی بوو کە بە پلەیەکی بەرز زانکۆی تەواو کرد و سەرەتای ئەم مانگە خۆی کوشت.

هاوکار مەحموود، تەمەن 30 ساڵ، 8 ساڵ بوو خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام وەکو براکەی دەڵێت "لە خەمی ئەوەی کە دانەمەزرا" کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

هاوکار دانیشتووی کۆمەڵگەی تانجەرۆی سەر بە شاری سلێمانی بوو. ڕۆژی 2017/11/2 دوای ئەوەی لەسەر کار دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کلاشینکۆفی برا پێشمەرگەکەی هەڵدەگرێت و گوللەیەک لە خۆی دەدات و کۆتایی بە ژیانی دێنێ.

ڕێبوار مەحموود، برا گەورەی هاوکار، بە (ڕووداو)ی گوت کە براکەی بەهۆی دانەمەزراندنی خۆی کوشتووە "چونکە گەنجێکی بە توانا بوو، لە هەموو قۆناغەکانی زانکۆدا لە یەکەمەکانی پۆلەکەی بوو، بەڵام بەردەوام خەمی دەخوارد و گۆشەگیر ببوو، بۆچی دەبێت دوای ئەو هەموو ساڵە خوێندن، دواتر لە ماڵەوە دابنیشێ؟".

ڕێبوار دەڵێت: "هاوکار زۆر هەوڵی دا و شوێن نەما بۆ دامەزراندن ڕووی تێنەکات، جارێکیان ناوی هاتەوە، لەخۆشیدا نەیدەزانی چی بکات، بەڵام کاتێک چوو بۆ شوێنەکە، پێیانگوتبوو ئەو کەسەی ناوی هاتووەتەوە تۆ نیت، بەڵکو کەسێکی دیکەیە، لەکاتێکدا ناوی سیانی براکەم بوو".

هاوکار 30 ساڵی تەمەنی تەواو کردبوو، زۆربەی هاوڕێکانی کە لە تەمەنی ئەودابوون ژنیان هێنابوو، براکەی دەڵێت ئەویش حەزی دەکرد خێزان پێکەوە بنێ، بەڵام باری دارایی ڕێگر بوو. ڕێبوار گوتی: "هاوکار زۆرجار پێیدەگوتین دەمەوێت خێزان دروست بکەم، بەڵام ئێمە پێشمەرگەین و توانای دروستکردنی خانوومان نەبوو، خۆیشی پاسەوانی کۆمپانیایەکی ئەهلی بوو مانگانە 400 هەزار دیناری وەردەگرت".

ڕێبوار باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە هاوکار خۆی کوشت و دەڵێت ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە بوو، وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە بەرەو کارەکەی ڕۆیشت، بەڵام وەک ڕۆژانی دیکە کاژێر حەوتی بەیانی نەگەڕایەوە، بەڵکو هەر ئێوارە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن گەڕابووەوە ماڵەوە، لەوکاتەدا تەنیا دایک و خوشکێکم لە ماڵەوە بوون، بە پەلە هاتووەتە ماڵەوە و بەرەو ئەو ژوورەی کلاشینکۆفەکەی لێیە دەڕوات، چەکەکە هەڵدەگرێت و گوللەیەک لە خۆی دەدات و دەستبەجێ خۆی دەکوژێ. ڕێبوار بە دووری دەزانێ براکەی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووبێ و پێیوایە تاکە هۆکاری خۆکوشتنەکەی تەنیا دانەمەزراندنی بووە.

ئەو قوتابیانەی لەگەڵ هاوکار خوێندوویانە شایەتی بۆ دەدەن کە قوتابییەکی تا بڵێی زیرەک بووە. ئاکۆ جەمیل کە چوار ساڵ لەگەڵ هاوکار لەسەر یەک کورسی دانیشتوون، لە پۆستێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لەبارەی هاوڕێکەی دەڵێت: "سێ ساڵ لەگەڵ هاوکار لە یەک پۆل بووین، هیچ کاتێک وانەکانی سەر تەختەی نەقڵ نەدەکردە سەر دەفتەر، یەکسەر وانەکانی ئەزبەر دەکرد، لە هەر سێ ساڵەکەی قۆناغی ئامادەیی لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەبەخشرا".

هەروەها دەڵێت: "دواجار هاوکار زانکۆی سلێمانی بە پلەی نایاب تەواوکرد، بەڵام هەر بەبێ ئیشی مایەوە. ساڵی 2014 گوتی با ژمارەکەمت لەلا بێ، ئەگەر ئیشێک هەبوو پەیوەندیم پێوە بکە".

ئاکۆ باسی هاوکاری هاوڕێی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ڕەوشتبەرز و زیرەک بوو. لەبیرمە لە قوتابخانە بەڕێوەبەر دەستی خستە سەرشانی و گوتی هەمووتان وەک هاوکار بن".

هەروەها گوتی: "هاوکار زۆرجار هەواڵی دامەزراندنی لێدەپرسیم، تاوەکو هەر شوێنێک پێویستی بە کارمەند بوو ئاگاداری بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە هیچ شوێنێک نەبوو. لەخەمی دانەمەزراندن سەری نایەوە، کاتێک بانگهێشتی ئاهەنگی دەرچوونی خۆمم لە پەیمانگە کرد، هاوکار پێیگوتم دڵخۆش مەبە چارەنووستان لە من باشتر نابێت، ویستم خەمی دانەمەزراندنی لەبیرببەمەوە و بە گاڵتەوە پێمگوت سەیری کچەکان بکە و کەسێک دەستنیشان بکە، کاتی ئەوە هاتووە هاوسەرگیری بکەی، بەڵام گوتی پیاو کە پارەی پێ نەبوو، نابێت سەیری کچیش بکات".

پۆلیسی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە پەیجی خۆی بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێت: "ڕۆژی 2017/11/2 لە کۆمەڵگەی تانجەرۆی شاری سلێمانی گەنجێک بەناوی (ه.م.ح) لە ماڵەکەی خۆیاندا بە فیشەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ڕووداوەکە خۆکوشتنە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە".



هاوکار بە کلاشینکۆفی برا پێشمەرگەکەی گوللەیەک لە خۆی دەدات و کۆتایی بە ژیانی دێنێ

> هاوکار پاسەوانی کۆمپانیایەکی ئەهلی بوو مانگانە 400 هەزار دیناری وەردەگرت
>
> مامی کوژراوەکە



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

## منداڵێک لە پێناوی خۆشەویستی

کاتێک لە کارەکەی دەگەڕێتەوە دەبینێ ژنەکەی بە مۆبایل قسە دەکات، ماوەیەک گوێی لێ ڕادەگرێ، دەبینێ ژنەکەی قسەی زۆر ڕۆمانسی دەکات، بۆیە گومانی لێدەکات و یەکسەر تەلەفۆنەکەی لێوەردەگرێ، کاتێک نامەکانی نێو مۆبایلی ژنەکەی دەبینێ، هەر لەوێ بڕیار لە چارەنووسی ژیانی خێزانییان دەدات.

ئەو پیاوە بڕیارێکی زۆر ژیرانەی دابوو، یەکسەر هەڵنەچووبوو پەنا بۆ کوشتنی ژنەکەی ببات، بەڵکو دەستی ژنەکەی گرتبوو، مۆبایلەکەی هەڵگرتبوو یەکسەر بردبووی بۆ پۆلیس و لەوێ بە تۆمەتی خیانەت، سکاڵای لەسەر تۆمار کردبوو.

پیاوەکە گێڕایەوە: "کە سەیری نێو مۆبایلەکەم کرد، بینیم قسەی لەگەڵ پیاوێکی نەناسراو کردووە، وێنە و ڤیدیۆی بۆ ناردووە، نامەی ڕۆمانسییان لەگەڵ یەکدی گۆڕیوەتەوە، لە هەمووشی ناخۆشتر یەکێک لە نامەکانی پیاوەکە بوو کە وەکو منەت بە هاوژینەکەمی گوتووە: گیانەکەم ئەگەر من تۆم خۆشنەویستایە نەمدەهێشت منداڵ لە نێوانماندا هەبێ".

پیاوەکە دوای ئەوەی ژنەکە و بەڵگەکانی نێو مۆبایلەکە تەسلیمی پۆلیس دەکات، هەر لەوێ دەڵێت ئەو منداڵە هی من نییە و دەمەوێ پشکنین بۆ منداڵەکانی دیکەشم بکەن، چونکە ژنەکەم خیانەتی لێکردووم. کاتێک پشکنین بۆ منداڵەکان دەکرێ، دەردەکەوێ یەکێک لە منداڵەکان لەو پیاوە نییە، بەڵکو منداڵی ئەو کەسەیە کە پەیوەندی لەگەڵ هاوژینەکەیدا هەبووە.

دۆسیەیەیان بۆ کرایەوە، کاتێک قسە لەگەڵ ژنەکە کرا، نەیتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کوڕەدا هەبووە و یەکێک لە منداڵەکانیش کوڕی ئەوە. ژنەکە گوتی "دروستکردنی منداڵەکە لەسەر داواکاری کوڕەکە بوو، ئەویش وەک پێشاندانی نیازپاکی خۆی بەرامبەر ئەو خۆشەویستییەی بۆ منی هەبوو، هەر خۆیشی ناوی لە منداڵەکە نا".

کاتێک کوڕەکە دەستگیرکرا، ئەویش هەمان قسەی کرد و گوتی "بۆ دەربڕینی خۆشەویستیی خۆم بۆ ئەو داوام کرد منداڵێکمان هەبێ". کوڕەکە ئامادەیی خۆی نیشان دا ئەگەر ئافرەتەکە لە هاوژینەکەی خۆی جیاببێتەوە، ئەو مارەی بکات و منداڵەکەشی بەخێو بکات.

دۆسیەکە ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەریش بەپێی ماددە 377 لە یاسای سزادانی عێراق کە تایبەتە بەو تاوانانەی کار دەکەنە سەر خێزان، دادگایی کردن و سزای دان. چونکە پیاوەکە هەرچەندە ژنەکەی تەڵاق دا، بەڵام ئامادە نەبوو سکاڵاکەی لە دژی ژنەکەی بکشێنێتەوە. کوڕەکە و ئافرەتەکەش داوایان لە دادگا کرد کە گرێبەستی هاوسەرگیرییان بۆ بکەن، بەڵام تاوەکو حوکمەکەیان تەواو نەکەن ئەو گرێبەستە ناکرێ و نابنە هاوژین.

ئەو ژن و پیاوە دەکرا بە ڕێگایەکی دروست بگەنە یەکتری، بۆ نموونە ئافرەتەکە مادام حەزی لەو کوڕە کردووە، دەکرا داوای جیابوونەوە لە هاوژینەکەی بکات و پاشان درێژە بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ کوڕەکە بدات و داوای لە کوڕەکە بکردایە بچێتە خوازبێنی. بەڵام نازانرێ بۆچی ئەو کارەی نەکردووە، ئایا لە هاوژینەکەی دڵنیا نەبووە کە دەستبەرداری ببێ و تەڵاقی بدات، یان متمانەی بە خۆشەویستەکەی نەبووە کە ئامادە نەبێ ئافرەتێکی تەڵاقدراو بخوازێ.

ئێستا ئەوان دەتوانن دەرس لە ڕابردوویان وەربگرن و دەست بە ژیانێکی نوێ بکەن، دوای ئەوەی لە زیندان ئازاد دەبن ببنە هاوژینی یەکدی و پەروەردەیەکی باشی منداڵەکەیان بکەن و ئەوەی لە نێوانیان ڕوویداوە کار لە ئایندەی منداڵەکەیان نەکات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**



# ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.. پاش لەناوچوونی داعش

**ڕووداو- هەولێر**

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، حکومەتی سووریا کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەی ئەلبوکەمالی لەسەر سنووری عێراق و پاککردنەوەی لە چەکدارانی داعش ڕاگەیاند، بەوەش داعش دوایین شارۆچکەی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا. بەگوێرەی ڕاپۆرتە سەربازییەکان چەکدارانی داعش بەرەو بیابانی سەر سنووری نێوان سووریا و عێراق ڕایانکردووە. چاوەڕێ دەکرێت لە چەند هەفتەی داهاتوودا پرسیاری سەرەکیی زۆربەی دیپلۆمات و فەرماندە سەربازییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، بە تایبەتیش ئەمریکا، ئەوەبێت کە ئەرکی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دوای داعشدا چی دەبێت؟

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، هەوڵەکانی خۆیان بۆ لەناوبردنی خەلافەتەکەی داعش چڕکردەوە، هاوکاریی وڵاتانی ناوچەکەیان کرد بۆ ئەوەی توانای بەرەنگاربوونەوەی داعشیان هەبێت. ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تێکشکاندنی داعش چڕکرابووەوە. ئێستا دوای تێکشکانی داعش، وڵاتانی ناوچەکە چاوەڕێن بزانن ستراتیژی ئەمریکا بۆ ناوچەکە چی دەبێت؟

هەرچەندە شەڕی داعش بە کردەوە بەرەو کۆتایی چووە و گرووپە توندڕەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاش بەشێوەیەکی بەرچاو لاواز بوون، بەڵام تاوەکو ئێستاش وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەست شەڕ و ململانێی سیاسیی قووڵی نێوخۆییەوە گیریان خواردووە، زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە پێویستیان بە پلانی چاکسازیی ئابووری و سیاسییە بۆ ئەوەی گەرەنتی سەقامگیرییەکی درێژخایەن بکەن.

لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە فراوانخوازیی ئێران ڕێگە بۆ قەیرانێکی دیکەی درێژخایەن لە ناوچەکەدا خۆش دەکات. سوزان مالۆنی و مایکڵ ئۆهانلۆن، دوو توێژەر لە پەیمانگای برووکینگز، پێیانوایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکا هیچ ستراتیژێکی ڕوونی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەدا نییە.

## عێراق:

هەردوو توێژەر لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، دەڵێن دەبێ ئەمریکا ئامادەگییەکی سەربازیی درێژخایەنی لە عێراق هەبێت، هاوشانی ئەوە دەبێ پاکێجێکی هەمەلایەنەی هاوکاریی مرۆییش پێشکەش بە عێراق بکات، جەختیش دەکەنە سەر ئەوەی "لە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکاندا دەبێ کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە بەشدار بن، تاوەکو ڕێگە لە سەرهەڵدانی داعشێکی دیکە بگرن".

ئەم هەفتەیە مانگێک بەسەر هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک تێدەپەڕێت، لەو هێرشانەدا فەرماندە و شارەزایانی سەربازیی سوپای قودسی ئێران ڕۆڵی باڵایان هەبوو. مالۆنی و ئۆهالۆن پێیانوایە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان کە "بەر لە هەموو شتێک دەرفەتی هێرشی بۆ تاران دروستکرد"، پێویستە "کاریگەری و نفوزی ئێران لە کوردستانی عێراق سنووردار بکرێت"، بەبێ ئەوەی دەستی تاران بە تەواوەتی لە کوردستان کورت بکرێتەوە.

دوو لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە ئەوەش دەخەنەڕوو کە دوای دەستکێشانەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، دەرفەتێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە بۆ ئەوەی "هاوکارییەکانی نێوان کورد و بەشەکانی دیکەی عێراق زیندوو بکرێتەوە، سیاسەتی ئەمریکاش دەبێت جەخت لەوە بکاتەوە کە هەردوو لایەن کۆتایی بە دەستگرتن بەسەر خاکی لایەنەکەی دیکەدا بهێنن".

## سووریا

وەک ئەو دوو نووسەرە دەڵێن، کێشەی سووریا لە دەوری دەستەواژەی هەرێمگەرایی دەسووڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێناچێت ئەسەد بەمزووانە واز لە دەسەڵات بێنێ، بۆیە سیاسەتی ئەمریکا دەبێ لەسەر دروستکردن و پاراستنی کۆمەڵێک "ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاتی" دابڕێژرێ. یەکێک لەو ناوچانەش کە ئێستا داوای فیدراڵی دەکات دەسەڵاتی ڕۆژئاوای کوردستانە. لە هەمانکاتدا دەبێ چاودێریی وردی ئەو ناوچانە بکرێت کە ئۆپۆزیسیۆنی نزیک لە قاعیدە لێی جێگیرن، چونکە ئەو هێزانە مەترسی لەسەر وڵاتانی دراوسێی سووریا دروست دەکەن.

## یەمەن

زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر هێرشەکانی هاوپەیمانیی عەرەبی بەسەرکردایەتی سعودیە بۆ سەر یەمەن تێدەپەڕێت. لەو ماوەیەدا جگە لە ئاوارەبوونی نیوەی دانیشتووانی یەمەن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆلێرا و قاتوقڕی، هیچ دەستکەوتێک لەو جەنگە نەکەوتووەتەوە. جگە لەوەی شەڕی یەمەن دەرفەتی بۆ ئێران و قاعیدە و داعشیش خولقاندووە کە شوێنی خۆیان لە وڵاتێکی سەر دەریای سوور قایم بکەن.

بەبۆچوونی هەردوو لێکۆڵەر، ئەمریکا و سعودیە دەتوانن لەسەر پرۆسەیەکی ئاشتیی درێژخایەن ڕێکبکەون کە تێیدا فۆکەس لەسەر سازش بێت نەک سەرکەوتنی سەربازیی یەکلاکەرەوە، چونکە ئەزموونی دوو ساڵی ڕابردوو سەلماندوویەتی سەرکەوتنێکی لەو جۆرە لە یەمەن بەدەست نایەت.

مالۆنی و ئۆهانلۆن پێشنیاز دەکەن ئامانجی پرۆسە سیاسییەکە دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی بێت کە لەلایەکەوە کۆتایی بە کوشتار دێنێ و لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانێت ئەرکی دابەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکان و ئاوەدانکردنەوەی یەمەن بگرێتە ئەستۆ.

## ململانێی ئێران و سعودیە

دوو وڵات کە هەوڵ دەدەن لە دوای داعش بۆشاییەکان لە عێراق و ناوچەکە پڕبکەنەوە، ئێران و سعودیەن. ئێران هەر ئێستاش خەریکی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێڕەوی شیعەیە کە لە سنووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە بۆ سەر دەریای نێوەڕاست درێژ دەبێتەوە. سعودیە کە خۆی بە سەرکردەی عەرەبە سوننەکانی جیهان دەزانێت، دەیەوێت نفوزی ئێران لە سووریا و عێراق کەم بکاتەوە.

سعودیە خەریکە جارێکی دیکە پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی لەگەڵ عێراق ئاسایی دەکاتەوە، بەڵام دەزانێت ئێران و هێزە شیعەکانی عێراق دەیانەوێت خۆیان خەڵاتی تێکشکاندنی داعش وەربگرن، ئاگاداری ئەوەشن بێ نێوبژیوانی ئەمریکا ناتوانن پەرە بەو ئاستە نزمەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا بدەن.

سیاسەت لە عێراق لەسەر بنەمای تایفی بەڕێوەدەچێت و فاکتەری تایفی زاڵە بەسەر فاکتەری قەومیدا. بۆیە سەرهەڵدانەوەی ململانێ و ناکۆکیی قورس لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعە لەهەموو کاتێکدا ئەگەرێکی بەهێزە.

کامەران بوخاری، توێژەر لە ناوەندی ئەمریکی جیۆپۆلیتیکاڵ فیوچەرز، پێیوایە فاکتەری تایفی لە ململانێدا لەسەر عێراق، لە قازانجی سعودییەکان نییە. بوخاری دەڵێت زۆربەی توێژەران ئەوەیان لەبەرچاو نەگرتووە کە بنچینەکانی سیاسەتی سعودیە لەسەر دژایەتی شیعە دامەزراوە و هەر ئەمەش بەشێوەیەکی سروشتی حکومەتی زۆرینە شیعەی عێراق لە ئێران نزیک دەکاتەوە.

ئێران بژارەکانی بەردەستی سعودیەی زۆر کەم کردووەتەوە، لە کاتێکدا لە عێراق، سووریا و لوبنان براوەی مەیدانەکە ئێرانە. ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵێکی ڕیشەیی نەدات بۆ سنووردارکردنی هەوڵەکانی ئێران، ئەوە بچووکبوونەوەی بواری کارکردنی سعودییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەشێت کاردانەوەی زۆر توندی سعودییەکانی لێ بکەوێتەوە، بۆ ئەوەش سعودیە چاوی لەسەر عەرەبە سوننەکانی ناوچەکە دەبێت. ڕووداوەکانی چەند هەفتەی ڕابردووی عێراق، سووریا و لوبنانیش دەریانخست کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەنیاز نین کارێکی ئەوتۆ بۆ ڕاگرتنی ئەو ئەگەرە بکەن.

# ڕووسیا لە سووریای پاش داعشدا چی پێ دەکرێت؟

**ڕووداو- هەولێر**

مانگی ڕابردوو حکومەتی ڕووسیا ڕایگەیاند گروپە جیاوازەکانی بەشدار لە قەیرانی سووریا لە چوارچێوەی کۆبوونەوەیەکی گشتی لە شاری سۆچیی ڕووسیا کۆدەبنەوە. بڕیاربوو کۆبوونەوەکە ڕۆژی 18ی تشرینی دووەم بەڕێوەبچێت، بەڵام بۆ کاتێکی نادیار دواخرا. ڕووسیا پێشتر توانیبووی لە ڕێگەی تورکیاوە قەناعەت بە ئۆپۆزیسیۆن بهێنێ بەشداری کۆبوونەوەکانی ئاستانە بن، بەڵام ئەمجارەیان تورکیا لەپاڵ ئۆپۆزیسیۆن ڕێگرە لە بەڕێوەچوونی ئەو کۆنگرەیە.

لەدوایین دانیشتنی ئاستانە بڕیار درا "کۆنگرەی سووریا بۆ دیالۆگی نیشتمانی" بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سۆچی بەڕێوەبچێت. بڕیار بوو لەو کۆنگرەیەدا باس لە ئاشتەوایی نیشتمانی، چاکسازیی سیاسی و دەستووری نوێی سووریا بکرێت، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ڕایانگەیاند کە ئامادەنین لەو کۆنگرەیەدا بەشداری بکەن. سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووریا، حکومەتی ڕووسیا بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەیەوێت لە ڕێگەی گۆڕینی شوێنی دانوستاندنەکان لە جنێڤ و ئاستانەوە بۆ ناوەندێکی ڕووسی، ئاراستەی دانوستاندنەکان لە قازانجی دیمەشق بگۆڕێ.

کەریم ئەمیل بەیتار، توێژەر لە پەیمانگای پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ستراتیژییەکان لە فەرەنسا، پێیوایە ڕووسیا ناتوانێت نێوبژیوانێکی بێلایەن و بڕواپێکراو بێت بۆ دانوستاندنەکانی سووریا، چونکە "پێشتر پشتگیری لە ئەسەد کردووە، بەشداریی سەربازیی ڕاستەوخۆی لە شەڕی سووریا هەبووە، چەندین بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەدژی ئەسەد ڤیتۆ کردووە".

بەیتار پێیوایە کۆنفرانسەکانی جنێڤ بە سەرپەرشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکوو تاکە ڕێگەی مەشروع بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتی دەمێنێتەوە، بەڵام سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی سۆچی دەڵێت: "ئەگەر بشکرێ ناتوانێت ئاشتەواییەکی نیشتمانیی ڕاستەقینە و هەمەلایەنە بخاتەوە".

فاتیح حەسون، نوێنەری ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی چەکداری سووریا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو هەوڵانە "فێڵی ڕووسیان، ئێمەش متمانەمان بە ڕووسیا نییە، چونکە ئەوان لە پێناوی پاراستنی ئەسەد شەڕ دەکەن".

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هێزی ئاسمانیی ڕووسیا بۆردومانی ناوچەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کردووە، هەزاران کەس لە خەڵکی مەدەنی و چەکداری ئۆپۆزیسیۆن لە گرتووخانەکانی ڕژێمی سووریادا دەستبەسەرن، لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا ڕووسیا نەیتوانیوە گەرەنتییەکی تەواو بە ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بدات کە دەتوانێت ئێران و حکومەتی سووریاش ناچار بکات پابەندی ڕێککەوتنەکان بن، لە کاتێکدا ئەزموونی دوو ساڵی ڕابردوو پیشانی داوە سووریا و ئێران هێندەش گوێ لەمستی ڕووسیا نین.

سارا لی ویتسن، بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقای ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، دەڵێت: "ئەگەر ڕووسیا بە جدی دەیەوێت پرۆسەی ئاشتی لە سووریا بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێ، ئەوە یەکەمجار دەبێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە هۆکاری سەرەکیی درێژبوونەوە و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی سووریان".

یەکێک لەو کێشانەی لە دوایین دانیشتنی ئاستانە لە کازاخستان کێشەی زۆری بۆ دانوستاندنەکان دروستکرد، ئاڵوگۆڕی بەندکراوەکان لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن و ڕژێم بوو. لەو مەلەفەدا نوێنەرانی ئەمریکا و فەرەنسا هەوڵێکی زۆریان دابوو ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بێت، بەڵام وەکو ئەیمەن ئەلعاسمی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەربازیی سوپای ئازادی سووریا، ئاشکرای کردووە "ئێران ڕێگری سەرەکی بوو، چونکە دەیویست بە هەموو شێوەیەک ڕێگە لەوە بگرێت دەرگای لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی خۆیان لە تاوانەکانی جەنگدا بکرێتەوە".

ڕووسیا لە 30ی ئەیلوولی 2015ەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕی سووریای کردووە. هەر لەو کاتەوە دەستی بە دوو هەوڵ بەشێوەیەکی هاوتەریب کردووە: لەلایەک لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەدات، لەولاشەوە هەوڵی سازدانی دیالۆگ لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و دیمەشق دەدات.

دیمیتری ترێنین، سەرۆکی بنکەی مۆسکۆی ناوەندی کارنیگی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووسیا هەر لە 2015ەوە دەیزانی سەردەمی ئەوە بەسەر چووە هەموو دەسەڵاتی سووریا لەدەستی خێزانی ئەسەددا بێت. بۆیەش لە کاتێکدا پشتگیری لە حکومەتی دیمەشق دەکرد، کۆمەڵێک کەناڵیشی دروستکرد بۆ ئەوەی پەیوەندیی مۆسکۆ بە ئۆپۆزیسیۆنەوە بەردەوام بێت، تەنانەت ڕووسیا بەزەبری بۆمب ژمارەیەک لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی هێنایە سەر مێزی دانوستاندن.

بەڵام شەڕی نێوخۆی سووریا هەر لە مانگەکانی یەکەمەوە سیمایەکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی وەرگرت، بۆیەش هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئاڵۆزی سووریا بە پایەتەختی زلهێزەکانی ناوچەدا تێدەپەڕێت، لەوانەش ئەنقەرە، تاران و ڕیاز. سەرکەوتنی هەمووهەوڵێکیش بۆ دروستکردنی سووریایەکی سەقامگیر لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی نێوخۆ پەیوەستە بە ڕێککەوتنی ئەو سێ وڵاتە.

لێکۆڵەرەکەی کارنیگی پێیوایە ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی ڕووسیا هەوڵێکی زۆر دەدات خۆی لێ بدزێتەوە، بۆ ئەوەی خۆی وەکوو نێوبژیوانی سەرەکی دەربکەوێت، بەڵام هەر ئەم خاڵە وای کردووە هەوڵەکانی ڕووسیا تووشی شکست ببن. نموونەی ئەو شکستەش لە کۆنگرەی نیشتمانیی سووریا لە سۆچی دەبینرێ.

تورکیا کە زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب و تورکمانی سوننەی سووریای لەژێردەستە، یەکێک لە بەربەستەکانی بەردەم گرێدانی کۆنگرەکە بوو. بڕیاربوو لە کۆنگرەکەدا یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (پەیەدە) بەشداری بکەن، بەڵام تورکیا ڕایگەیاند کە قبووڵ ناکات یەپەگە لەو کۆنگرەیەدا بەشداری بکات. تورکیا یەپەگە بە باڵێکی سەربازیی پەکەکە لە سووریا دەزانێت. سەرەتای ئەم مانگە ئیبراهیم کالن، گوتەبێژی سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند "حکومەتی ڕووسیا پێی ڕاگەیاندووین کە کۆنگرەکە دوادەخرێت و پەیەدەش بانگهێشت ناکرێ".

## ئەسەد دەسەڵاتی بنکەفراوانی ناوێت

لە تیۆری سیاسیدا شەڕ بە درێژکراوەی سیاسەت دەزانرێت، واتە ئامرازێکە بۆ دەستکەوتی سیاسی. پۆڵ سالم، لێکۆڵەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەمریکا پێیوایە "لە سووریا پێچەوانەی ئەمەش دروستە، چونکە ڕووسیا دەیەوێت سەرکەوتنەکانی مەیدانی جەنگ تەرجەمە بکاتە سەر چارەسەری سیاسی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕەزامەندی ئۆپۆزیسیۆنەوە شەرعییەت بە دەسەڵاتی ئەسەد بدات".

بەڵام سالم پێیوایە هەوڵەکانی ڕووسیا هیچ ئاکامێکیان نابێت "چونکە سووریا هەر لە حەفتاکانەوە هیچکات دەسەڵاتێکی بنکەفراوان نەبووە کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات دامەزرابێت". ئەو مێژووە خوێناوییەی شەش ساڵی ڕابردوو و مێژووی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی سووریا تەنیا ڕێگر نین لەوەی کۆنگرەی سۆچی بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت، بەڵکو ڕێگریشن لەوەی چارەسەرێکی سیاسیی بێتە ئاراوە، چونکە ئەسەد و ئێران دەسەڵاتی بنکە فراوانیان ناوێت و دانوستاندن هیچ ئاکامێکی درێژخایەنی نابێت کە مۆری ئۆپۆزیسیۆنی پێوەبێت.




ڕووسیا نەیتوانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە سۆچی کۆبکاتەوە



هونەر ڕێبوار

## "لێمگەڕێن با بخنکێم"

کە خۆڵبارینەکە دەستیپێکرد، نەخۆشخانەکە بەرەبەرە قەرەباڵغ دەبوو. هەموویان هاواریان دەکرد بۆ ئۆکسجین، بە گەنج و پیرەوە هەناسەیان تەنگ بووبوو، بەڵام لە هەموویان خراپتر دۆخی بەساڵاچوویەک بوو کە دەیگوت لێمگەڕێن با بخنکێم.

ئێوارەی هەینی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات بووم، بەڵام لە ڕۆژانی هەینی نەدەچوو، کاژێر گەیشتە دەوروبەری 8ی شەو، بەرەبەرە خەڵکی بە هەناسەتەنگییەوە دەهاتنە نەخۆشخانە. کە سەیری دەرەوەم کرد، ئاسمان سوور هەڵگەڕابوو، زۆری نەبرد تەپوتۆز نەخۆشخانەکەشی گرتەوە.

بەگوێرەی سەختیی نەخۆشییەکەیان، منداڵ و پیر لەوانەی تووشبووی نەخۆشییەکانی دڵ، ڕەبۆ، هەوکردنی درێژخایەنی سییەکانن، بەهۆی خۆڵبارین تووشی هەناسەتەنگی دەبن و مەترسییان لەسەر دروست دەبێت، لەو کاتەش لە نەخۆشخانە بەگوێرەی حاڵەتەکانیان چارەسەری پێویستیان بۆ دەکرێت و باشترین ڕێگەچارە خۆپاراستنە لە خۆڵبارین.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، بەهۆی خۆڵبارینەوە زیاتر لە 450 کەس سەردانی نەخۆشخانەیان کرد، هەموویان هەناسەیان تەنگ بوو، داوای ئۆکسجینیان دەکرد، بەڵام کەیسێک لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر بوو.

لەگەڵ هاوکارەکانم خەریکی چارەسەری نەخۆشەکان بووین. هەوڵمان دەدا بە زووترین کات کەسێک لە نەخۆشخانە بنێرینەوە تاوەکو شوێن بۆ نەخۆشی نوێ هەبێت. لەوکاتەدا پاککەرەوەکانی نەخۆشخانە مامەپیرەیەکیان هێنایە ژوورەوە کە هەناسەی تەواو تەنگ بوو، دوای ئەوەی زانیم کە نەخۆشیی دڵی هەیە و پێشتر جەڵتەی دڵ لێیداوە، هەروەها پاش ئەوەی پشکنینم بۆ کرد و بە سەماعە پزیشکییەکەم گوێم لە هەناسەی گرت، زانیم کە ئاو لە سنگیدا کۆبووەتەوە و حاڵەتەکەی ئەو جیاوازە لەوانی دیکە. پرسیم کێ هاوەڵی ئەم نەخۆشەیە؟ کەس وەڵامی نەدایەوە. بە دەم چارەسەر و ئامادەکردنی ئۆکسجین و گواستنەوەی نەخۆشەکە بۆ قاوشەکە، دووبارە پرسیم پێویستە کەسێک دەرمانەکانت بۆ بێنێت، کەست لەگەڵە؟

گوتی دکتۆر کەسم نییە! بە ناچاری خۆم چوومە دەرمانخانە و ئەو دەرمانەی کە ڕزگارکەری ژیانی نەخۆشەکەیە، لە دەرمانخانە نەبوو، مامە پیرەی بێکەس و منی بێ دەرمان، چارەیەکمان لەبەردەست نەبوو! ناچار چووم دانە دانەی ئامێرەکانی نێو نەخۆشخانە کە بۆ لێدانی کارەبا لە دڵ و چاودێریکردنی نەخۆش دانراون، گەڕام، لە کۆتاییدا یەک دەرزیم دەستکەوت و دوای لێدانی دەرزییەکە و وەرگرتنی چارەسەرەکان، هێندەی پێنەچوو هەناسەی هاتەوەبەر و حاڵی باشتر بوو.

ئەو نەخۆشانەی کە ئاو لە سنگیاندا کۆدەبێتەوە، هەناسەیان زۆر تەنگ دەبێ و ئەگەر چارەسەری پێویستیان بە زووترین کات بۆ نەکرێت، مەترسیی لەسەر ژیانیان دروستدەبێ، باشترین چارەسەریش لەم کاتەدا ئۆکسجینە، ئەگەرگونجاوبوو لەڕووی جێگیریی نیشانە زیندەگییەکانی، دەرزیی میزکردنی لێدەدرێت و دواتر هەریەکە لە ئازارشکێن و دەرمانە پێویستەکانی دیکەی پێدەدرێ.

مامەپیرەکە بەرەبەرە هەناسەی باشتر بوو، دواتر کە چوومەوە لای، گوتی: "دکتۆر من حەوت کوڕم هەیە، بەڵام لەگەڵم نایەن و بێزاربوون لێم، هەر هێندەی ئەو دەرمانە سوودیان هەیە کە لە دەرمانخانەی حکومی نییە و لە دەرمانخانەی تایبەت بە من چی کە ناتوانم بیکڕم، ئەوانیش بە من چی کە لەگەڵم نایەن؟".

بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی "هەمووان بۆ ژیان و بۆ هەوا هاوار دەکەن، بەڵام من دەمەوێ بمرم، هەر جارە و کەسێک دەبێتە فریادڕەسی من، ئەمجارە دراوسێیەکمان منی هێنایە نەخۆشخانە و جارەکەی پێشووتریش شۆفێری تەکسییەک. ڕۆژێک دێت لە بێکەسیدا سەر دەنێمەوە".

# قڕکەرە کشتوکاڵییەکان هەڕەشە لە تەندروستیی مرۆڤ دەکەن

### قڕکەرەکان بۆ مرۆڤیش ژەهرن

تەندروستیی جیهانی

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

قڕکەرە کشتوکاڵییەکان بوونەتە باس و خواسی نێوەندە ئەکادیمی و تەندروستییە جیهانییەکان و ساڵانە توێژینەوەی نوێ لەبارەی مەترسییەکانیان دەکرێ، کەچی لە کوردستان نەبووەتە مژاری خەڵک و تەنانەت دەزگا تەندروستییەکانیش. ئەوە لەکاتێکدا بەشێکی زۆری جووتیاران بەشێوەیەکی نازانستی مامەڵە لەگەڵ ئەم ماددانە دەکەن.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ماڵپەڕی فەرمیی خۆیدا دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەی قڕکەرە کشتوکاڵییەکان دەبنە هۆی لەنێوبردنی دڕکوداڵ و کرم و مێرووە زیانبەخشەکان، لە هەمانکاتدا بەرهەم زیاد دەکەن، بەڵام نابێ بیرمان بچێ هەر ئەم مادانە بۆ مرۆڤیش ژەهرن". بۆیە ئەگەر هاوسەنگییەک لەنێوان سوود و زیانەکانیان بۆ مرۆڤ نەبێ، ئەوە لە بری قازانج، بە زیان بەسەر مرۆڤدا دەشکێنەوە.

قڕکەرەکان جێگەی مشتومڕی زۆرن لەسەر ئاستی جیهان. د.ساڵح نەجیب، پسپۆڕی ژینگە و مامۆستای زانکۆی سلێمانی دەڵێت: "ئەمانە قڕکەری ژیانن، جا ژیانی ڕووەک بێ یان گیانەوەر، ڕاستە تۆ مەبەستتە کۆمەڵە ژیانێکی دیاریکراوی پێ لەناو ببەی، بەڵام ژیانەکانی دیکەش بەو ماددانە دەخەیتە مەترسییەوە، بە مرۆڤیشەوە".

پسپۆڕەکەی ژینگە هۆشداری دەدات لەوەی بەشێک لەم ماددانە لەنێو خاک و لەنێو جەستەی زیندەوەرانیش (بە مرۆڤیشەوە) بۆ چەندین ساڵ دەمێننەوە و تاوەکو زیاتر کەڵەکە ببن، مەترسییەکانیان زیاتر دەبێ.

توێژینەوەیەک کە ساڵی 2009 لەسەر هاووڵاتیانی ئەمریکا کرا، دەریخست 50 ماددەی قڕکەر بە ڕاددەی جیاواز لەنێو جەستەی بەشداربووواندا هەبوو.

کاتێک ماددەی (DDT) وەک قڕکەرێکی مێرووە زیانبەخشەکان دۆزرایەوە، خەڵاتی نۆبڵ بە دۆزەرەوەکەی درا. ساڵانێکی زۆر بۆ لەنێوبردنی کێچ و ئەسپێ و مێش و مەگەز بەکاردەهات. پاشان بۆ قەلاچۆکردنی مەلاریا سوودی لێ بینرا و دواتر بۆ لەنێوبردنی مێرووەکان. بەڵام ڕێککەوتننامەی ستۆکهۆڵم تایبەت بە پیسکەرە ئۆرگانییەکان ساڵی 2001 ئاشکرای کرد کە لە کۆی 12 ماددەی مەترسیداری بەردەوام بۆ سەر ژیان و تەندروستی، نۆ دانەیان قڕکەرەکانن، لەوانەش (DDT ). بۆیە داوای لە وڵاتان کرد خۆیان لەو ماددانە ببوێرن.

ئایا ئەو ماددە مەترسیدارانە لە کوردستان هەن؟ د.ساڵح نەجیب دەڵێت: "بێگومان. یەکێک لە کێشەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئەم ماددانە کاتێک هاوردە دەکرێن، هیچ بڕوانامەیەکی لایەنی دروستکەری ماددەکانی لەگەڵ نییە. کەتەلۆگێکیان لەگەڵ نییە کە پێکهاتە کیمیاییەکانیان بە وردی دەربخات".

لە کوردستان نێوەندێکی نیشتمانی نییە بۆ بەخشینی زانیاری لەبارەی ماددە قڕکەرەکان بۆ خەڵک بەگشتی و جووتیاران بە تایبەتی. پسپۆڕەکەی ژینگە دەڵێت: "ئەمانە ماددەیەک نین بە سرنج لە یەک دوو ڕووەک بدرێن، ئەمانە ژەهرگەلێکن کە دەپرژێندرێن و تێکەڵ دەبن لەگەڵ ڕووەکەکان، خاک، هەوا و ئاو و هەندێکیان تەمەنیان ئێجگار درێژە، بۆیە بەکارهێنانیان بەرپرسیارێتییەکی مرۆییە و دەبێ بە وریایی و شارەزاییەکی تەواو و تەنیا لەکاتی پێویست بەکاربهێنرێن".

بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئێستا دەوروبەری هەزار ماددەی قڕکەر لە جیهاندا هەن کە ڕاددەی مەترسییەکان و تەمەنی مانەوەیان لە ژینگەدا جیاوازە.

### دەتوانین واز لە قڕکەرەکان بهێنین؟

پسپۆڕێکی کشتوکاڵ دەڵێ هەرچەندە ڕێگەی جێگرەوەی بایۆلۆژی و میکانیکی هەن بۆ لەنێوبردنی ڕووەک و کرمە زیانبەخشەکان، بەڵام ئاسان نییە ئێستا دەست لە قڕکەرە کیمیاییەکان بەردەین!

د.فەرەیدوون محەممەد حەمەفەرەج، مامۆستای کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سلێمانی و خاوەن پسپۆڕیی ورد لە زانستی مێروولەزانی، بە (ڕووداو)ی گوت: "دەرمانی کیمیایی قڕکەر بەشێوەی جیاواز لە دوو هەزار ساڵ پێش زایینەوە هاوڕێی مرۆڤە، وەکوو گۆگرد و هەندێک پێکهاتەی ژەهریی تووتن تاوەکو دەگاتە ئەو هەموو ماددەیەی ئێستا بەردەستن".

پسپۆڕەکە دەڵێ مرۆڤ بەردەوام لە زۆربووندان و خاکیش هەر هەمان خاکە، بۆیە دەبێ بەرهەم زیاد بکرێ، ڕێگەیەکی کاریگەریش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەو ڕووەک و زیندەوەرانە قەلاچۆ بکەین کە بڕ و کواڵیتی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کەمدەکەنەوە.

بەڵام وەک ئەو دەڵێ، دەبێ بەکارهێنانی ئەم ماددە کیمیاییانە بەپێی ستانداردی زانستی بێ نەک هەڕەمەکی "دەبێ تاوەکو دەتوانرێ بە ڕێگەیەکی تەندروست و سەلامەت سوودیان لێ ببینرێ، تەنیا بڕی پێویست، لە شوێنی پێویست و لە جۆری پێویستیش بەکاربهێنرێ. هەمیشە دەبێ قڕکەری کیمیایی دوا چەک و چەکی ناچاری بن".

دکتۆر فەرەیدوون دەڵێ ئامرازی تایبەتی هەن پێوانەی بڕی ماددە قڕکەرەکان دەکەن و دەبێ دەزگایەکی حکومی هەبێ نموونە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی جووتیاران وەربگرێ. هەربەرهەمێک لە ستانداردی ڕێگەپێدراو زۆرتری تێدابوو لەنێوببرێ و جووتیارەکەش بخرێتە لیستی ڕەشەوە "ئەگەر ئەم ستراتیژە بەکاربهێنرێ، ئەوە جووتیارەکان ڕاوێژ بە پسپۆڕان دەکەن لەبارەی ڕێوشوێنە زانستییەکانی بەکارهێنانی قڕکەرەکان".

> **ڕێگاکانی وەرگرتنی قڕکەرەکان:**
> - بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی ماددەکە
> - وەرگرتن لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە
> - وەرگرتن لە بەرهەمە ئاژەڵییەکانەوە

> **ئاماری مەترسیدارەکان**
> - ساڵانە 25 ملیۆن کەس بەم ماددانە ژەهراوی دەبن
> - ساڵانە سێ ملیۆن کرێکار و جووتیار بەم ماددانە بە توندی ژەهراوی دەبن
> - ساڵانە 18 هەزار کەس تەنیا بە لێکەوتە کورتخایەنەکانی ئەم ماددانە دەمرن
> - تەنیا لە چین ساڵانە نیو ملیۆن کەس بەم ماددانە ژەهراوی دەبن کە 500 یان دەمرن.

### قڕکەری ناکیمیاییش هەن

د.ساڵح دەڵێ لە هەندێک ناوچەی جیهان کاتێک مێروو یان کرمێکی تایبەت لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان دەدات، ئەو زیندەوەرەی بۆ دەهێنن کە لەسەری دەژی. بۆ نموونە قازێکی تایبەت کە لەسەر ئەو مێرووە دەژی. قازەکە مێرووەکان قەلاچۆ دەکات، قازەکان زۆر دەبن، ڕیقنەکەشیان دەبێتە پەیینی کیمیایی بۆ زەوییەکە.

بەڵام دکتۆر فەرەیدوون باس لە ئەزموونێکی دیکە دەکات، ئەویش نەزۆککردنی مێرووەکانە بە تیشکی گاما کە زۆر نابن و بێئەوەی ماددەی کیمیایی بەکاربێت، بەرهەمە کشتوکاڵییەکە و زەوی و هەواکە خاوێن دەمێننەوە. هەندێکجاریش وردەزیندەوەری وەک بەکتریا بەکاردێنن بۆ لەنیوبردنی مێرووەکان، بێ بەکارهێنانی قڕکەری کیمیایی.




# بەبێ ڕێجیم کێشت دابەزێنە



ڕووداو- وێبمد

دابەزاندنی کێش بەبێ خۆبرسیکردنێکی زۆریش دەکرێ، ئەویش بە ڕێککردنەوەی چەند نەریتێکی سادەی ژیانی ڕۆژانە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

**1 بە هێواشی بخۆ:**

لانیکەم 20 خولەک لەسەر سفرە بمێنەوە و بە هێواشی چێژ لە هەموو تیکەیەک وەرگرە، تاوەکو تیکەیەک تەواو قووت نەدەی، یەکێکی دی بەدەستەوە مەگرە. گەدە کاتێکی دیاریکراوی دەوێ بۆ ئەوەی پەیام بە مێشک بدات کە ئیدی بەسە. کە مێشک پەیامەکەی وەرگرت، هۆرمۆنی تێربوون دەردەدرێ و ئیدی زۆر ناخۆی، بەڵام خواردن بە پەلە وادەکات بڕێکی زۆر بخۆی بەر لەوەی پەیامەکە بە مێشک بگات.

**2 زۆر بنوو:**

ئەگەر شەوانە کەمتر لە حەوت کاژێر بخەوی، هۆرمۆنەکانی گوشار زیاد دەبن کە هانی زۆرخۆری دەدەن. هەروەک بێدارمانەوەی شەوان هانی خواردن دەدات لە کاتێکدا کە کاتی نووستن و پشووە. توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە ئەگەر شەوانە کاژێرێک خەو زیاد بکەی بۆ ماوەی ساڵێک، ئەوە کێشت شەش کیلۆگرام کەم دەکات.

**3 سەوزە و میوە زۆرتر بخۆ:**

سەوزە و میوە بە ئاو و ریشاڵی خۆراکی دەوڵەمەندن کە گەدە پڕدەکەن و وا دەکەن هەست بە تێری بکەیت و کەمتر بخۆی، لەنێوان ژەمەکانیش برسیت نەبێ.

**4 شۆربات بیرنەچێ:**

بەر لە ژەمی سەرەکی شۆربای کەم وزە بخۆ، بە تایبەت شۆربای سەوزە. ئەمە وادەکات ئارەزووی خواردنی ژەمە قورسەکەت کەمتر ببێتەوە و کەمتر بخۆی.

**5 دانەوێڵە توێکڵدارەکان بخۆ:**

نانی بۆر، برنجی بۆر، نانی جۆ، شوفان و گەنمی توێکڵدار. ئەمانە ریشاڵی خۆراکییان تێدایە و هەستی تێرییەکی درێژخایەن دروستدەکەن. وادەکەن کەمتر پەنا ببەیتە بەر سووکەژەمی ناتەندروستی وەک شیرینی دەستکرد.

**6 شەکری دەستکرد کەم بکەوە:**

ئەوکاتەی لە بری قوتوویەک کۆلا پەنا دەبەیتە بەر پەرداخێک ئاو، وەکوو ئەوەیە 10 کەوچکە چا کەمتر شەکر بخۆی لەو ڕۆژەدا. ئەگەر بۆ تامیش دەگەڕێی، ئەوە پەنا ببە بەر لیمۆ، نەعنا و تووی فەڕەنگی و هاوشێوەکانیان.

**7 لە کحول دووربە:**

بۆچی؟ یەکەم: سەرچاوەیەکی وزەی زیادەیە، دووەم: هەستی خۆکۆنترۆڵکردن لەبارەی زۆرخۆری کەم دەکاتەوە.

**8 چای سەوز لەبیر مەکە:**

ماددەی کاتێچین لە پێکهاتەیدا هەیە کە هانی جەستە دەدات وزەی زیادە بسووتێنێ، بەڵام بێ شەکر بیخۆوە

**9 یۆگا و خاوبوونەوە گرنگن:**

ئەو هێمنییەی لە یۆگا دەکەوێتەوە، هەم هۆرمۆنی گوشار دادەبەزێنێ، هەم کەسی هێمن زۆرتر ئاگای لە ژەمەکانیەتی و کەمتر ڕوودەکاتە زۆرخۆری.

**10 لە ماڵەوە نان بخۆ:**

بە گشتی کالۆریی ژەمەکانی ماڵەوە کەمترە لە خواردنەکانی بازاڕ، بە تایبەت ئەگەر بژارەکەت لە دەرەوە خواردنە خێراکان بێ.

**11 گۆشت کەمتر بخۆ:**

ڕووەکەکان کالۆرییان کەمترە لە خواردنە ئاژەڵییەکان. ئەوانەی لە بری گۆشت ڕوودەکەنە خواردنی پاقلەمەنییەکان وەک سەرچاوەی پرۆتین، بڕێکی زۆرتر ریشاڵی خۆراکیی وەردەگرن کە هەستی تێرییەکی درێژخایەن دەبەخشێ.

**12 نەریتێکی سادە زیادبکە:**

دەتوانی لە ساڵێکدا شەش کیلۆگرام کێشی جەستەت دابەزێنی، ئەویش بە سووتاندنی ڕۆژانە 100 کالۆری بە جێبەجێکردنی یەکێک لەم نەریتە سادانە:

- ڕۆیشتن بە پێ بۆ ماوەی 20 خولەک یان دووریی یەک میل
- باخەوانی بکە بۆ ماوەی 20 خولەک
- ماڵ خاوێن بکەوە بۆ ماوەی 30 خولەک
- ڕابکە بۆ ماوەی 10 خولەک





(فۆتۆ: AFP)

# داهاتووی سعودیە پاش هەڵمەتەکەی بن سەلمان

**رووداو- هەولێر**

لێکدانەوەی جیاواز بۆ هەڵمەتەکەی هەفتەی رابردووی شازادەی جێنشینی سعودیە لەدژی شازادە و بەرپرس و کۆنەبەرپرسانی ئەو وڵاتە دەکرێت، بەڵام هەموو لێکدانەوەکان لەسەر یەک خاڵ کۆکن، ئەویش ئەوەیە کە هەڵمەتەکەی بن سەلمان سەربگرێت یان نەگرێت، لە هەموو حاڵەتەکاندا سعودیە لەڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لەبەردەم قۆناغێکی نوێدایە.

سەرەتای هەفتەی رابردوو، شا سەلمان، پاشای سعودیە، کۆمیسیۆنی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پێکهێنا و محەممەد بن سەلمانی کوڕ و جێنشینی خۆی بە بەرپرسی کۆمیسیۆنەکە دەستنیشان کرد. بن سەلمان تەنانەت یەک رۆژیش چاوەڕێی نەکرد بۆ ئەوەی فەرمانی دەستبەسەرکردنی زیاتر لە 200 شازادە، وەزیر و کۆنەوەزیر و بەرپرسی سعودیە دەربکات. بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، قەدەغەی گەشتی دەرەوەی وڵات لەسەر هەموو ئەندامانی خێزانی شاهانە دانراوە.

لەناو دەستبەسەرکراوەکاندا شازادەی یەکجار دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەند هەیە. بۆیە یەکێک لە ئاماژەکانی ئەو هەڵمەتە ئەوەیە کە هیچ کەسێک لە سعودیە لەسەرووی یاساوە نییە و چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کەسانی سەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییەوە دەستپێدەکات.

بەڵام یەکێک لەو رەخنانەی لە هەڵمەتەکە دەگیرێت، ئەوەیە کە هەوڵەکانی بن سەلمان هەوڵێکی سیستەماتیک نین بۆ ئەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی دامەزراوەیی بنبڕ بکرێت و یاسا سەروەر بێت، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا کۆمیسیۆنێکی لەو جۆرە لەلایەن دادوەر یان بیرۆکراتێکەوە سەرپەرشتی دەکرێت کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە سیاسەت و دەسەڵاتەوە نییە، نەک سەرکردەیەکی سیاسی کە زۆرینەی دامەزراوە فەرمییەکانی سعودیەی لەژێردەستە.

هەر بۆیە یەکێک لە لێکدانەوە زاڵەکان ئەوەیە کە ئامانج لەو هەڵمەتەی بە بەشێک لە پڕۆژەی نوێکردنەوەی سعودیە لەقەڵەم دەدرێت، پاوانکردنی دەسەڵات بێت لەدەستی بن سەلماندا کە لە مانگی شەشی ئەمساڵەوە لەگەڵ لادانی محەممەد بن نایف، شازادەی جێنشین و وەزیری نێوخۆی پێشووی سعودیە دەستی پێکرد و بە لادانی متعەب بن عەبدوڵڵا، وەزیری گاردی نیشتمانیی سعودیە و لەکار دوورخستنەوەی بەرپرسی هێزی دەریایی سعودیە تەواو بوو.

ئێستا بن سەلمانی تەمەن 32 ساڵ، هەر سێ جومگە سەربازییە سەرەکییەکەی سعودیەی لەژێر دەستە: وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی نێوخۆ و گاردی نیشتمانی. پێشتر ئەو سێ دەسەڵاتە لەدەستی خێزانە جیاوازەکانی ئال سعوددا بوون، بۆ ئەوەی باڵانسی دەسەڵات لەنێوان خێزانەکانی ناو کۆشکدا پارێزراو بێت. بۆیەش پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هەڵمەتەکەی چ کاریگەرییەک لەسەر دابەشبوونی دەسەڵات لەناو کۆشک و ململانێکانی ناو کۆشک دادەنێت کە لە ساڵی 1932ـەوە بە دابەشکردنی پۆستە گرنگەکان جۆرێک لە یەکڕیزیی نێوخۆیی کۆشکیان پاراستووە.

لەناو دەستبەسەرکراوەکاندا ناوی شازادە وەلید بن تەلال، دەوڵەمەندترین پیاوی سعودیە، زۆرترین سەرنجی میدیا جیهانییەکانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. تەلال خاوەنی نزیکەی 18 ملیار دۆلارە. یەکێک لە کراوەترین شازادەکانی سعودیەیە و پشتگیرییەکی سەختی لە پلانی محەممەد بن سەلمان بۆ چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکرد، بە تایبەتیش ئەو بەشە لە پلانەکە کە پەیوەندی بە راکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و رزگارکردنی ئابووریی سعودیە لە کەلەپچەی نەوت هەیە. بۆیە یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەیە هۆکاری دەستبەسەرکردنی بن وەلید چییە؟

کەسانی نزیک لە ئالی سعود بە (تایمز)ی ئەمریکییان راگەیاندووە، کاتێک لە مانگی حوزەیراندا ئەنجوومەنی بەیعەت بڕیاری دا پلەی محەممەد بن سەلمان بۆ شازادەی جێنشین بەرز بکاتەوە، خێزانی تەلال ئامادە نەبوون پشتگیری لەو بڕیارە بکەن.

سیستەمی داخراو و ناڕوونی ئابووریی سعودیە یەکێک لەو رێگرانە بوو کە وای دەکرد کۆمپانیا بیانییەکان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ سعودیەدا بکەن، چونکە زۆربەی جومگە ئابووری و بازرگانییەکانی سعودیە یان لەدەست حکومەتدا بوون، یان لەلایەن ئەندامانی خێزانی ئالی سعودەوە پاوان کرابوون. بۆیەش هەنگاوەکانی هەفتەی رابردووی بن سەلمان و کۆمیسیۆنەکەی ئاماژەیەکیشن بۆ کۆمپانیا بیانییەکان کە سعودیە خەریکە ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێ.

بن سەلمان کە سەرپەرشتی پلانی زەبەلاحی رۆئیای سعودیە 2030 دەکات، دەزانێت قۆناغی ئینتیقالیی چاکسازییە ئابوورییەکان پێویستی بە داڕشتنەوەی پەیمانی کۆمەڵایەتیی نوێیە لە شانشین. چونکە بەپێی پلانە نوێیەکە حکومەتی سعودیە چیدی ئامادە نییە وەکوو جاران لەئاستی خەڵکی وڵاتەکەیدا دەستبڵاو بێت، ئەمەش دەکرێت درزی گەورە لە کۆمەڵگای سعودیەدا دروستبکات کە راهاتوون لەسەر ئەوەی حکومەت بەشی زۆری قورساییەکانی ژیانی رۆژانەیان لەسەر سووک بکات. کوڕەکەی شا سەلمان بۆ دروستکردنی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە نوێیە، پێویستی بە پشتگیریی نەوەی گەنج و کاسبکاری سعودیەیە.

بن سەلمان خۆی سەر بەو نەوەیەیە کە نزیکەی 65%ی دانیشتووانی وڵاتەکەی پێکدەهێنن (واتە خەڵکانی تەمەن 15 بۆ 54 ساڵ). ژمارەی دانیشتووانی سعودیەش بە خێراییەکی بەرچاو رووی لە بەرزبوونەوەیە. بن سەلمان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی خۆی دەیەوێ پشت بە هەست و سۆزی ئەو توێژەی سعودیە ببەستێت، نەک شازادەکان، کەسایەتییە ئایینییەکان و بازرگانە زەبەلاحەکان. بۆیەش لە هەناوی پلانەکەی بن سەلماندا ئەجێندایەکی پۆپۆلیستیش دەبینرێت کە بەهۆیەوە نیشانی خەڵکی وڵاتەکەی دەدات ئەوە تەنیا ئەوان نین دەبێ گوشارە داراییەکانی قۆناغی ئینتیقالی هەڵبگرن، بەڵکو ئال سعودیش دەبێ دەستی پێوەبگرن.

راپۆرتێکی (وۆڵ ستریت جورناڵ) لە زاری بەرپرسانی حکومەتەوە ئاشکرای کردووە هەژماری بانکیی هەموو دەستبەسەرکراوەکان راگیراوە و حکومەت بەنیازە دەست بەسەر دارایی ئەو کەسانەدا بگرێت کە لە هۆتێلی ریتز کارڵتن دەستبەسەرن. بەرپرسانی سعودیە مەزەندە دەکەن کۆی سەرمایەی ئەو کەسانە نزیکەی 800 ملیار دۆلار بێت کە بەشێکی زۆری لە دەرەوەی سعودیە وەبەرهێنانی پێکراوە و هێنانەوەی کارێکی ئاسان نابێت. بەرپرسانی ئاگادار لە دۆسیەکە دەڵێن بن سەلمان دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە سندوقی یەدەگی سعودیەدا دروستبووە و لە 730 ملیار دۆلارەوە بۆ 487 ملیار دۆلار کەمی کردووە.

سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سعودیە بە یەکێک لە کۆنزەرڤاتیڤترین سیستەمەکانی جیهان دادەنرێت. هەفتەیەک پێش هەڵمەتەکە شازادەی جێنشین بە رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی راگەیاندبوو کە سعودیە دەگەڕێنێتەوە بۆ "ئیسلامێکی میانڕەو". بەبۆچوونی بن سەلمان ئەوەی لە 30 ساڵی رابردوودا روویداوە شتێکی "سعودی" نەبووە. سعودیە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی دیکەیە بۆ ئیسلام.

هەرچەندە ئەم بۆچوونە پێگەی بن سەلمان لەلای باڵی دەسەڵاتی ئایینی سعودیە لاواز دەکات، بەڵام لەنێو گەنجانی سعودیەدا پشتگیری دەکرێ. بە گوێرەی راپۆرتێکی (گاردیەن)، پۆلیسی ئایینی سعودیە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا دەسەڵاتەکانی کەم بوونەتەوە، هەفتەی پێشووش بڕیار درا ئەو پۆلیسە بهێنرێتە ژێر فەرمانی وەزارەتی نێوخۆی سعودیە. پێشتر ئەو هێزە لەژێر چاودێریی هەیئەی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە کاریان دەکرد کە راستەوخۆ لەژێر فەرمانی شای سعودیەدا بوو.

بن سەلمان چاوەڕێی تەختی شاهانە دەکات. پرسیارێک کە داهاتوو وەڵامی دەداتەوە، ئەوەیە هەنگاوەکانی ئێستای کوڕی شەشەمی شا سەلمان چ کاریگەرییەک لەسەر ئالی سعود و داهاتووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی سعودیە دادەنێت؟ حاڵی حازر شازادە هەشبینە و کۆمەڵگای سعودیش نیگەران.

# سعودیە و ئێران، لوبنان بەرەو کام چارەنووس دەبەن؟




(فۆتۆ: AFP)

**رووداو- هەولێر**

سەرەتای هەفتەی رابردوو سەعد حەریری سەرۆکوەزیرانی لوبنان، دەستکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی راگەیاند. ئەوەی لەو رووداوەدا سەرنجی چاودێرانی راکێشاوە و پێیانوایە دەکرێت ئاماژەی مەترسیداری بۆ دۆخی داهاتووی لوبنان تێدا بێت، شوێنی راگەیاندنی بڕیارەکەی حەریری، هۆکارەکانی دەستکێشانەوە و کاتی راگەیاندنەکەی بوو.

رۆژی چواری تشرینی دووەمی ئەمساڵ، سەعد حەریری لە راگەیەندراوێکی تەلەفزیۆنیدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستکێشانەوەی خۆی راگەیاند. حەریری لە گوتارەکەیدا گوتی کە پیلانێک بۆ کوشتنی هەبووە و ئێران و گرووپەکانی سەر بەو وڵاتە بە هۆکاری ناسەقامگیریی لوبنان و ناوچەکە تۆمەتبار کرد. یەکێک لەو پرسیارانەی تاوەکو ئێستاش لێدوانی جیاواز لەبارەیەوە دەدرێت، پەیوەندی بە شوێنی راگەیاندنی بڕیارەکەوە هەیە، واتە سعودیە.

دوو بەرپرسی حکومەتی لوبنان بە ئاژانسی (رۆیتەرز) یان راگەیاندووە کە حکومەتی لوبنان بڕوای وایە حەریری لە سعودیە دەستبەسەر کراوە. سەرچاوەیەکی نزیک لە سەرۆکوەزیرانی لوبنانیش رایگەیاند کە سعودیە فەرمانی بە حەریری کردووە دەست لە پۆستەکەی بکێشێتەوە و دواتریش دەستبەسەری کردووە.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی، سەعد حەریری رۆژی سێی تشرینی دووەم کە گەیشتووەتە فڕۆکەخانەی ریاز، لەوێ یەکەم شت کە بینیویەتی ژمارەیەک پاسەوان و پۆلیسی سعودی بوونە کە دەوری فڕۆکەکەیان داوە و دواتر دەستیان بەسەر مۆبایلی حەریری و پاسەوانەکانیدا گرتووە.

تاوەکو ئێستا نە حکومەتی سعودیە و نە سەعد حەریری هیچ لێدوانێکیان بۆ پشتڕاستکردنەوە یان رەتکردنەوەی ئەو زانیاریانە نەداوە، بەڵام بەرپرسێکی باڵای حکومەتی لوبنان بە (رۆیتەرز)ی راگەیاند کە دەستبەسەرکردنی حەریری "هێرشێکە بۆ سەر سەروەری و کەرامەتی لوبنان، بۆیە لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە پەیوەندیداین بۆ ئەوەی بتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ لوبنان". حکومەتی لوبنان تاوەکو ئێستا دەستکێشانەوەی حەریری قبووڵ نەکردووە و بە سەرۆکوەزیرانی "یاسایی" لوبنانی دەزانن.

ناڕەزایەتی تەنیا لەناو کوتلە جیاجیاکانی حکومەت و پەرلەمانی لوبناندا نەماوەتەوە، بەڵکو بزووتنەوەکەی حەریری، (رەوتی موستەقبەل)یشی گرتووەتەوە. رۆژی پێنجشەممەی رابردوو سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکە فوئاد سەنیورە، سەرۆکوەزیرانی پێشووی لوبنان، راگەیەندراوێکی خوێندەوە کە تێیدا جەختی کردە سەر ئەوەی "پێویستە رێز لە هاوسەنگیی نێوخۆیی و دەرەکیی لوبنان بگیرێت".

ساڵی رابردوو لەدوای رێککەوتنێکی نێوان رەوتی موستەقبەل، حیزبوڵڵا و مەسیحییەکانی لوبنان، سەعد حەریری وەکو سەرۆکوەزیرانی لوبنان دەستبەکار بوو. سەرەتا سعودیە ستایشی حکومەتە تازە دامەزراوەکەی کرد، بەڵام لە پاش دەستکێشانەوەی حەریری هەڵوێستی سعودیەش توندتر بوو.

بەرپرسێکی باڵای حکومەتی لوبنان دەڵێت کە ریاز دەیویست حەریری سنوورێک بۆ حیزبوڵڵا دابنێت "بەڵام حەریری وەکوو هەمیشە کاری خۆی دەکرد، بۆیە سعودییەکان هەستیان کرد دەبێت گوشارەکانیان زیاتر بکەن و ناچار بە دەستلەکارکێشانەوەی بکەن". حەریری بەدەر لە ململانێی سیاسی، کێشەی قووڵی بنەماڵەییان لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنانیدا هەیە، ئەوان حیزبوڵڵا بە بکوژی رەفیق حەریری، باوکی سەعد حەریری دەزانن.

بنەماڵەی حەریری پەیوەندییەکی لەمێژینەی بازرگانییان لەگەڵ سعودیەکاندا هەیە. سەعد حەریری خۆی لەو وڵاتە لەدایکبووە، لە هەردوو قۆناغی سەرۆکایەتی حکومەتی خۆیدا لەژێر گوشاری ململانێی سعودیە و حیزبوڵڵای هاوپەیمانی ئێراندا بووە. سەعد حەریری یەکەمجار لە 2009 تاوەکو سەرەتای 2011 سەرۆکوەزیرانی لوبنان بوو، ئەوکاتیش لای بەرپرسانی ئەمریکی گازندەی ئەوەی کردبوو کە سعودییەکان گوشارێکی زۆریان بۆ هێناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی سووریا رێککەوتنی ئاشتی واژۆ بکات. لە کانوونی دووەمی 2011 چەند کاژێرێک دوای وێنەگرتن لەگەڵ باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، سەعد حەریری ناچار بوو کۆتایی بە قۆناغی یەکەمی سەرۆکایەتی حکومەت بهێنێ، دوای ئەوەی حیزبوڵڵا و هاوپەیمانەکانی لە حکومەت کشانەوە و حکومەت بە کردەوە لە کارکەوت.

کاتی دەستکێشانەوەکەی حەریریش سەرنجڕاکێشە. رۆژێک پێش راگەیاندنی بڕیارەکەی، حەریری لە بەیروت لەگەڵ عەلی ئەکبەر ویلایەتی، راوێژکاری کاروباری دەرەوەی رابەری ئێران کۆبووەتەوە. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە تێیدا جەخت لەسەر "بەرژەوەندییەکانی لوبنان" کرابووەوە. حەنین غەدار، توێژەر لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە سعودیە دەشێت دوای کۆبوونەوەکەی ویلایەتی و حەریری بڕیاری دابێت گوشارەکان لەسەر سەرۆکوەزیرانی لوبنان زیاتر بکات.

هەمان رۆژ کە سەرۆکوەزیرانی لوبنان بڕیارەکەی خۆی راگەیاند، حەسەن نەسروڵڵا، رابەری بزووتنەوەی حیزبوڵڵاش پەیامێکی تەلەفزیۆنی بڵاوکردەوە کە تێیدا سعودیەی بەوە تۆمەتبار کرد "حەرییریان ناچار کردووە دەست لەکار بکێشێتەوە". بەڵام پەیامەکەی نەسروڵڵا بە پێچەوانەی زۆربەی جاران، نەرمتر و داوای لە خەڵکی لوبنان کرد "بە سەبر و خۆڕاگرییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن". غەدار پێیوایە گوتارەکەی نەسروڵڵا ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی بڕیارەکەی حەریری حیزبوڵڵای تووشی شۆک کردووە.

بیلال سەعب، توێژەر لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دەڵێت حەریری، سەرەڕای کێشە بنەماڵەییەکانی لەگەڵ حیزبوڵڵا، هەموو کات هەوڵی داوە وەکوو سیاسییەکی پراگماتیست مامەڵە لەگەڵ حیزبوڵڵا بکات، بۆیەش لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا چەندین جار سازشی لەگەڵ کردوون.

جیا لەمە، حیزبوڵڵا دەزانێت ئەمریکا و وڵاتانی سوننەی ناوچەکە بەنیازی دروستکردنی گوشاری سیاسی و دارایین لەسەر بزووتنەوەکە، بۆیە هەڵوەشانەوەی حکومەت لەو قۆناغەدا نیگەرانی کردوون. ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە لە دەرەوەی حکومەت بێت، ئەوە ئەمریکا و سعودیە دەستیان کراوەتر دەبێت لەوەی گوشاری بخەنە سەر. لەو حاڵەتەشدا پێگەی جەماوەری و متمانەی خەڵک بە رێکخراوەکە کەم دەکات، ئەمەش لە کاتێکدا نزیکەی شەش مانگ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی لوبنان ماوە. حیزبوڵڵا پێویستی بە حکومەتی ئێستای لوبنانە بۆ ئەوەی سزاکانی سەریان سنووردار بن.

بیلا سەعب بە دووری دەزانێت دۆخی ئێستا بتوانێت لوبنان بخاتە نێو شەڕی نێوخۆیی سوننە و شیعەوە، لەبەر ئەوەی سوننەی لوبنان و تەنانەت سوپای لوبنانیش دەزانن لەو شەڕەدا حیزبوڵڵا براوە دەبێت. بەڵام دەکرێت سەرەتای "ململانێیەکی سیاسیی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بێت" کە تێیدا ئێران و سعودیە کارتەکانی خۆیان دەخەنەکار.

نەچووە بچێ

# ئەرک و ئەولەویەتەکانی هەرێمی کوردستان لێرە بەدواوە

> شکستی ئەوجارە وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراو مەسەلەیەکی حەتمی و چاوەڕوانکراو بوو



دلاوەر عەلائەدین*

هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدای سیاسی و عەسکەری و دارایی و ئیداری بووەتەوە. خەریکە دەسەڵاتدارانی بەغدا، بە هاوکاری، وەیان چاوپۆشیی هێزە ئیقلیمی و جیهانییەکان، لە سەرجەم بوارەکاندا بە زیادەوە سزای هەرێمی کوردستان دەدەن و سنوورە دەستووری و ڕێککەوتنە سیاسیەکانی پێشوو بنکۆڵ دەکەن. دیارە ئامانجی ستراتیژییان ئەوەیە کە جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان توانای سەربەرزکردنەوەی نەمێنێ و سەربەخۆییەکەی لە ئاستی هەرێمێکی ملکەچ و سنوورداری ناو عێراق تێنەپەڕێ. بەوەش خەونی بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان بەیەکجاری بسڕنەوە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا چی دەکرێ و چی بکرێ بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە کەمترین زیان لەو دۆخە دەربازببێ؟

## بۆمبی تەوقیتکراو

دۆخی ئیمڕۆی هەرێم بە شەو و ڕۆژێک نەهاتووەتە دی، بەڵکو لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک کێشەی ریشەیی هەڵپەسێردراو و ئەرکی پشتگوێخراو پەیدابوونە کە پێشتر کاریان بەپێی پێویست لەسەر نەکراوە و ئێستا کاتی هاتووە چارەسەر بکرێن.

هەمیشە بیرمەند و خەمخۆران جەختیان لە بەدیهێنانی کۆمەڵێک مەرجی بنەڕەتی بۆ سەرخستنی پرۆسەی بەدەوڵەتبوون کردووەتەوە، گرنگترینیان بریتین لە ڕێکخستنی ناوماڵ و هێنانەدي یەکڕیزیی سیاسی و تەبایی کۆمەڵایەتی. نهێنی نییە کە لەو ڕووەوە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، لە هەردوو زۆنی سەوز و زەرد، کەمتەرخەم بوونە. بەپێی پێویست ئەولەویەتیان بە پرۆسەی نیشتیمانسازی و دەوڵەتسازي و تۆکمەکردنی سیستەمی حوکمڕانی نەداوە، یان لە گرنگیی ئەمەیان کەمکردووەتەوە. هەندێک وایان دادەنا کە دەکرێ بارە ناوەکیە شڵۆقەکەی هەرێم لەدوای دامەزراندنی دەوڵەت چاک بکرێ، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کە سیستەمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی بونیاد و پەیکەرەوە ئەوەندە لاواز و لەرزۆکە، خۆی لەخۆیدا هۆکاری سەرەکی بووە بۆ دروستبوونی قەیرانە نەپچڕاوەکانی، لە یەکەمین تاقیکردنەوەی چارەنووسسازیشدا بەرگەی نەگرت و شکستی هێنا.

بە واتایەکی دیکە، شکستی ئەوجارە لە دەرئەنجامی تەنیا هەڵەیەک یان هیچ جۆرە خیانەتێک نەبوو، بەڵکو وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراو مەسەلەیەکی حەتمی و چاوەڕوانکراو بوو. خۆ ئەگەر هەرێمی کوردستان پێشوەختە و بەبێ یەکڕیزیی دەوڵەتی ڕابگەیاندایە، دوورنییە هەر هەمان ئەو لاوازیە بنەڕەتیانە، زوو یان درەنگ، دەببوونە هۆی شکستی دەوڵەتەکە و دووپاتبوونەوەی ئەزموونی باشووری سوودان. ڕاستە، هەڕەشە دەرەکییەکان و هێزە نەیارەکان ڕۆڵیان کاریگەر بوو، بەڵام گلەیی لە نەیار و دوژمنان ناکرێ، چونکە ئەوانە بە سروشت ئامانجیان شکستپێهێنانی پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانە. دەبێ هەرێم بارودۆخ هەڵسەنگێنێ، خوێندنەوە بۆ مەرج و پێشهاتەکان بکات و خۆی بۆ هەنگاوەکان ئامادە بکات و حیساب بۆ پەرتەوازەیی بڕیاری سیاسی ناوەکیش بکات. ئەگەر حوکمی هەرێمی کوردستان دروست بووایە، پەرلەمان کارا بووایە، حکومەت تۆکمە بووایە، هێزی چەکدار نیزامی بووایە، گەندەڵی کۆنترۆڵ بکرایە، خەڵکی هەرێم هەستی هاووڵاتیبوون و سەروەریی یاسا و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبووایە، درزی وا گەورە نەدەکەوتە نێو هێزەکانی هەرێم و چانسی سەرکەوتن زۆر لەوە زیاتر دەبوو.

## لاوازیی سترەکچەری بڕیاردان

دەمێکە قڵیشی گەورە لە نێوان سەرجەم هێزە سیاسییە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەکان پەیدا بووە، بەڵام ئێستا کار لەوە تێپەڕیوە. قڵیشی ناوەکیش لە هەناوی زۆربەی هێزەکاندا سەری هەڵداوە و لە پرۆسەی حوکمڕانی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیشدا ڕەنگیانداوەتەوە. لە زۆنی سەوزدا سترەکچەری (پەیکەر و پرۆسەی) بڕیاردان لەبنەڕەتەوە شڵەقاوە و لە ئاستی لوتکەوە بە شێوازێکی مەترسیدار پەرتەوازە بووە کە هیچ جۆرە مەرکەزیەتێک لە بڕیارداندا بەدی ناکرێ. لە زۆنی زەردیشدا کێشەکە بە پێچەوانەیە، پەیکەری بڕیاردان بە زیادەوە تۆکمە و بە زیادەوە مەرکەزیانەیە، بە جۆرێک کە نەک تەنیا لە ڕەخنەی ئۆپۆزیسیۆن پارێزراوە، بەڵکو لەوە دەچێ لە داواکاریی خەڵک و ڕاوێژی کۆمەڵگای مەدەنی و توێژی بیرمەندانیش دابڕابێ. ئەو دیاردە دوو جەمسەریە لە هەرێمێکی بندەستەدا کە چاوی لەوەیە ببێتە دەوڵەت، بە کێشەی بنەڕەتیی کەمەرشکێن دادەنرێ، چونکە بەهۆیەوە هەمیشە لە ئاستی تەحەداکاندا قابیلی لێکترازان دەبێ.

دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی، دارایی، عەسکەری یان ئیداری لە هیچکام لەو دوو زۆنەدا بە تەواوی نەگوازراوەتەوە ناو پەرلەمان و حکومەت و دادگا. بە پێچەوانەوە، هەژموونی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە لاوازکردن و بنکۆڵکردنی، وەیان هەندێ جار ئیفلیجکردنی هەریەک لەو کۆڵەگانەی دیموکراسیدا بەردەوامە. مەسەلەی حوکمڕانی بەپێی یاسا، وەیان مەسەلەی شەرعیەتدان بە بڕیارەکانی حوکمڕاني، مەرجی بنەڕەتین بۆ بەدەستهێنانی متمانەی میللەت و متمانەی نێودەوڵەتی، کەچی لە هەرێمی کوردستاندا کراونەتە مەسەلەی لاوەکی. ئەو جۆرە پشتگوێخستنەی یاسا و شەرعیەت لە سەردەمی شەڕی ساردی سەدەی ڕابردوو بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە دەچووە سەر، بەڵام لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا و لە هەرێمێکی فیدراڵی بندەستەدا نەفەسیان درێژ نییە.

## نەچووە بچێ

شکستی ئەوجارە بەو ئاستەی ڕووخان نییە کە چاودێران وەسفی دەکەن. بەڵکو پاشەکشەیەکە بە مانای گەڕانەوەی زەمەن بۆ دواوە، چونکە دۆخی هەمیشە شڵەقاوی عێراق بەردەوامە و پارسەنگی هێزە ململانێکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێشتا لە گۆڕاندایە. بەغدا بەبێ هاوکاریی دەرەکی توانای چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتی و درێژخایەنەکانی نەماوە و نایبێ. جا بەهۆی داڕزانی ناوەکی و هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکانی عێراق بێ یان لە ئەنجامی ململانێی هێزە جولێنەرەکان، دەرفەتی نوێ دێنە پێشەوە. خۆ ئەگەر عێراق تۆکمەش بووەوە و لایەنی کوردي وەک شەریکێک بەشدار بوو لە هەڵسانەوە و بەدیموکراسیکردنی، ئەوا دیسانەوە هەرێمی کوردستان براوە دەبێ. ئەگەر هێزە سیاسییەکان بەخۆکەوتن و تەرکیزیان خستەوە سەر تۆکمەکردنی کۆڵەگەکانی حوکمڕانیی دروست لە هەرێمدا، ئەوا شکستی ئەو دواییە دەبێتە دەرسی مێژوو و هەڵسانەوەی بە گوڕوتینەوە بەدوادا دێ. بەڵام ئەگەر سەرکردە سیاسیەکان لە ئینکاردا بمێنن و لاوازییەکانی سیستەمی ئێستا بەردەوام بکەن، ئەوا شکست دەبێتە کارەسات و ئومێدی بەدەوڵەتبوونیش لە خەونەوە دەبێتە خەیاڵ.

## ئەرکی دادێ لە ناوەوە

ئیمڕۆ کاتی دیراسەتکردنی ئەرکە هەنووکەییەکانە بۆ فریاکەوتن و ڕاستکردنەوەی باری لاری سیستەمی حوکمڕانی. پێویستە سەرکردەکان ڕێگە لە موزایەدە و گوتاری ئاگرین و ئاڵوگۆڕی تۆمەت و ڕەفتاری تێکدەرانە بگرن کە ڕەنگە ببنە مایەی زیاتر لێکترازان و گەڕانەوە بۆ کارەساتی دوو ئیدارەیی. لەجیاتیان با پەرلەمان و حکومەت کاراتر بکرێن و ببنە سەرچاوەی سەرەکی بڕیاردان. بەزووترین کات سەرکردەکان بەرچاوڕوونی بدەنە خەڵک و بەرنامەی سیاسی و حوکمڕانییان ئاشکرا بکەن. لەوانە پلانی: ئارامکردنەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکان، گێڕانەوەی ئاوارەکان، دارشتنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق، هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، یەکلاکردنەوەی سیستەمی حوکمڕانی (پەرلەمانی یان سەرۆکایەتی)، بەرنامەی دارایی و مووچە، زیندووکردنەوەی پرۆژە ژێرخانییەکان، بەدامەزراوەییکردنی هێزە چەکدارەکان، کۆنترۆڵکردنی گەندەڵي، ریفۆرمی سیستەمی بەڕێوەبردن، سەربەخۆکردنی سیستەمی دادوەري، جۆشدانەوە بە کۆمەڵگای مەدەنی. ئەوانە و دەیان پرۆژەی ستراتیژیی دیکە کە دەکرێ پسپۆڕان کاری لەسەر بکەن بۆ جێبەجێکردن.

## ئەرکی دادێ لە دەرەوە

هەڕەشەی سەرەکی لە ماوەی نزیکدا بە پلەی یەکەم لە بەغداوە دێ، ئەوجا لە ئەنکەرە و تاران بە پلەی دووەم، ئەگەرچی لە ڕووی هاندان و پلاندانانەوە ڕیزبەندییەکە بە پێچەوانەیە. پێویستە ڕووی هەڵمەتی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان لەو سێ پایتەختە بێ و سەرجەم کەناڵەکانی پەیوەندی و کارتێکردن لەناو سیستەمی بڕیاردانی ئەو وڵاتانە بەگەڕبهێندرێن بۆ ئەوەی لە ئاستێکی بەرزی سیادیەوە پردی متمانە لەگەڵ بڕیاردەرانیان دروست بکرێتەوە و کرژییەکان و توندیی تەوژمەکان خاوبکرێنەوە.

ئەو سێ پایتەختە لە دژی ریفراندۆم و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆن، لە زێدە متمانەبەخۆبوونەکەی هەرێمی کوردستانیش نیگەرانن و دەیانەوێ دەرسێکی مێژوویی بدەنە سەرکردەکانی هەرێم بۆ ئەوەی ئەزموونی هاوشێوە دووبارە نەبێتەوە، بەڵام خوازیاری ئەوەش نین کە سەرجەم هاوکێشەکان ئەوەندە ئاوەژوو ببنەوە، ناوچەکە بەزیادەوە گێرۆدەی ململانێی خوێنینی نوێ بێت و خۆیشیان تێیدا زەرەرمەند ببن. دەشزانن کە گوڕوتینی هەرێم و خواستی میللەتی کورد بەوە کۆتایی نایەت، ئەگەر کێشە بنەڕەتیەکان چارەسەر نەکرێن ئەوا لە دەرفەتێکی دیکەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دێتەوە مەیدان. بۆیە زۆرینەی دراوسێیەکان مەبەستیانە لە ئایندەدا هەرێم لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوێ و کێشەکان لە چوارچێوەی عێراقدا بە میکانیزمی سیاسی و دەستووری، نەک بە فەرزی ئەمری واقیع، چارەسەر بکرێن. لەوەشدا هێزە جیهانییە دۆستەکانیش هاوکار دەبن.

## لە بەغدا

بۆ هەرێمی کوردستان، بەغدا لە هەموو پایتەختێکی دیکەی جیهان گرنگترە و پێویستە بکرێتە چەقی تەرکیزی سەرکردەکان. ئەگەر کورد هەرچی زووە هەوڵ نەدات ببێتەوە شەریکی ڕاستەقینەی حوکمڕانی لە بەغدا، ئەوا دوور نییە دووچاری هەمان دەردی عەرەبی سوننە بێ کە لە ساڵانی دوای ڕووخانی ڕژێمدا بەسەر خۆیاندا هێنا. دەمێکە حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەرکیزیان لەسەر بەغدا کاڵ کردووەتەوە و ئەولەویەتیان بە ڕاکێشانی دۆستان و پڕکردنەوەی پۆستەکان و بەشداریکردن لە دەسەڵاتی فیدراڵی نەداوە. دەکرێ بگوترێ کە بەگشتی لایەنی کوردی لە بەغدا تا ڕادەیەکی زۆر پێگە و سەنگی جارانی لەدەستداوە و کاریگەری لەسەر گۆڕینی بڕیار و وەرچەرخاندنی بارودۆخ و بگرە پوچەڵکردنەوەی پیلان زۆر کزبووە، باجی ئەو دیاردانەش لە ڕۆژگارێکی وەک ئێستادا زیاتریش دەبێ.

> ئەگەر کورد نەبێتەوە شەریکی ڕاستەقینەی حوکمڕانی لە بەغدا، دوور نییە دووچاری هەمان دەردی عەرەبی سوننە بێ کە لە ساڵانی دوای ڕووخانی ڕژێمدا بەسەر خۆیاندا هێنا

ئێستا حکومەتی بەغدا دەرفەتی دەستکەوتووە بۆ سزادانی لایەنی کوردی و دەرگاکانی گفتوگۆی بە تەواوی نەکردووەتەوە، بەڵام ئەوە کاتییە، زوو یان درەنگ دەبێ بیانکاتەوە، جا بە حیکمەت و سیاسەتی هەردوولا بێ وەیان فشاری دەرەکی. پێویستە بەبێ چاوەڕێکردن دەستەیەک لە سەرکردە بڕیاردەر و کاریگەرە باڵاکانی هەرێم، بە بەشداریی سەرجەم حیزبە سەرەکیەکان، بچنە بەغدا و بنکەیەکی هەمیشەیی لەوێ دابکوتن و بە پلانێکی گشتگیر کاری بێوچان لەسەر تەوەرەکانی پرۆسەی بڕیاری سیاسی و حوکمڕانی عێراقی بکەن، بۆ ئەوەی کەشی ناهەمواری ئێستا ئاوەژوو بکەن و دواتر کورد بکەنە شەریکی بڕیاردانی حوکمڕانی. گرنگە ئەو سەرکردانە خەڵکانێک بن کە لە بڕیاری لوتکەیی نزیک بن، میانڕەو و پراگماتیک بن و توانای ڕاکێشانەوەی دۆستە کۆنەکان و دروستکردنی پەیوەندیی نوێیان هەبێ. پێویستە پەیوەندی لوتکەیی لەگەڵ مەرجەعەکانی نەجەف و سەرکردەی حیزبە شیعە و سوننەکان و نێردەی دیپلۆماتی هێزە جیهانیەکان بکەن و کاری نوێنەرانی هەرێم لە پەرلەمان و حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنیدا ڕێکبخەنەوە. وەک خاوەنێکی پرۆسەی حوکمڕانی عێراقی، کار لەسەر بەدیموکراسیکردن و بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت بکەن کە ئەوەش خێری بۆ هەمووان دەبێ. واتە، چیتر کورد خۆی بە میوان نەزانێت و بەغدا بۆ خەڵکی دیکە لێنەگەڕێ.

> پێویستە سەرکردەکان ڕێ لە موزایەدە و گوتاری ئاگرین و ئاڵوگۆڕی تۆمەت و ڕەفتاری تێکدەرانە بگرن کە ڕەنگە ببنە مایەی زیاتر لێکترازان

ئەو تیمە پێویستی بە هاوکاریی پەرلەمانتاران و خەڵکانی پسپۆڕ دەبێ بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵات و قەوارەی هەرێم وا دێتەدی. لەولاشەوە هاوپەیمانان لە زێدەڕۆیی حکومەتی عێراق نیگەرانن. هەڵبەتە ڕێگرتن لە هێزە نەیارەکان و ڕاکێشانەوەی دۆستانی هاوپەیمان بە خۆڕسکی نایەنەدی، بەڵکو پێویستیان بە هیمەتی نوێ دەبێ لە ئاستی لۆبیکردنی سەرتاسەریی بۆ کارکردنە سەر بڕیاری هێزە ئیقلیمی و جیهانیەکان لەسەرجەم پایتەختە گرنگەکان.

بێگومان ئەرکی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەمەودوا لەجاران قورستر دەبێ. ئەوانە چەندین لێژنەی هونەریی تایبەتمەند تاوەکو لە تەوەری جیاوازدا پشکی هەرێم لە سەرجەم بوارەکاندا بپارێزن. ڕۆڵی ئۆفیسی هەماهەنگیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ گرنگە و پێویستە بە ستاف و سەرکردەی بەگوڕ و لێهاتوو کارا بکرێتەوە هەتا بەردەوام بە داتا و بەڵگە ئەرکی چاودێری و بەدواداچوون لەئەستۆ بگرن.

## پەرلەمانتارانی بەغدا

ئەرکی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا زۆر قورس بووە، بەهۆی کاڵبوونەوەی تەرکیزی حیزبەکانیان کاریگەرییان لەسەر بڕیار و ڕووداوەکان کەم بووەتەوە. پەرلەمانتاران شارەزایي زۆریان لە بنجوبنەوانی سیستەم و دەرفەت و هەڕەشەکان هەیە و دەتوانن پیلان و بڕیاری نابەجێی دژ بەهەرێم لە پەرلەمان هەڵبوەشێننەوە، بەڵام بۆ ئەوە پێویستیان بە گوێلێگرتن و پشتگیریکردن و ڕێنماییە.

پێویستە حیزبەکانی هەرێمی کوردستان ئامادەباشیی تەواو بۆ هەڵبژاردنی گشتی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بکەن. بۆ ئەوەش، کار بۆ دەستنیشانکردنی کاندیدەکان لەنێو سەرکردەی باڵا، بڕیاردەر، لێهاتوو، عەرەبیزان و خاوەن بەهرەی پێشڕەویی بکەن، چونکە لەمەودوا بەغدا بەرەی شەڕی چارەنووسساز دەبێ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەو شەڕەش پێویستی بە بەکارهێنانی بەرزترین ئاستی زانست و هونەری لۆبیکردن و خەباتی سیاسی دەبێ.

> لەمەودوا بەغدا بەرەی شەڕی چارەنووسساز دەبێ بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان

پێویستە بە زووترین کات ئەو کۆمەڵە پۆستە هەستیار و گرنگەی حکومەتی فیدراڵ کە بەپێی ڕێککەوتنی سیاسی بە کورد دراون، بە کاندیدی گونجاو پڕبکرێنەوە. ساڵانێکە پڕکردنەوەی زۆرێک لەو پۆستانە پشتگوێ خراون یان کاندیدی گونجاویان بۆ دیاری نەکراوە، ئەوانەی لە پۆستەکانیشدابوونە کێشەی ئاراستەکردنیان هەبووە یان لە زۆر حاڵەتدا لەجیاتی بەرگریکردن لە خواست و مافەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ دەستکەوتی حیزبیی تایبەت ئاراستە کراون.

## لە دەرەوەی وڵات

لەو چەند هەفتەی دوای ریفراندۆمەوە، فەزای هەرێم تەسک بووەتەوە. کەشێکی نێودەوڵەتی خنکێنەر داهێنراوە، وەک بڵێی سەرجەم دەورودراوسێکان لەگەڵ هاوپەیمانە دۆستەکان خەریکی داخستنی بۆڕیی هەناسەکەین. بەڵام ئەو دۆخە کاتییە و خەریکە کاتەکەشی بەسەردەچێ، چونکە ئامانجەکانیان بۆ بچووککردنەوەی زیاتر دەکەونە بەر هەڕەشەی لۆبی عێراقی کە هەوڵی داخستنی نوێنەرایەتیەکان دەدەن. نوێنەران پێویستیان بە ستراتیژی نوێ دەبێ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ واقیع و ئەولەویاتی نوێی حکومەتی هەرێم، نەک هی دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم.

هەڵبەتە نوێنەران لەو میانەدا تەنیا نین، دۆست و پاڵپشتیان هەن. یەکێک لە پاڵپشتە هەرە مەزنەکان بریتییە لە ڕەوەندی کورد لە هەندەران کە لە سەرتاپای جیهاندا بەربڵاون و توانای فشاریان لەسەر دامەزراوەکانی بڕیار هەیە. ئەوانە دڵیان بۆ کوردستان لێدەدا و ئامادەن بەبێ چاوەڕوانکردنی پاداشت کاری پێشمەرگانە بۆ دۆزی هاوبەش بکەن. دیارە ئەو ڕەوەندە لە لاوازبوونی سیستەمی حوکمڕانی هەرێم و تەشەنەکردنی پەتای گەندەڵی نیگەرانن، بەگلەیین لەوەی کە دەنگیان نابیسترێ و دەسەڵاتدارانی هەرێم پشتگوێیان خستوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان وەک شەریکی هەمیشەیی دەبینن و ئەو شکستەی دوایی بە هی خۆیان و دۆزەکەیان دادەنێن و ئامادەن بۆ زیندووکردنەوەی هیواکان بێنە فریا. کاتی هاتووە حکومەت بە هەڵمەتێکی نوێوە پردی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ڕەوەندی کوردەواری دروست بکاتەوە و بیانکاتە شەریکی ڕوانگە و بەرنامەی نوێی لۆبیکردن.

بێگومان تەحەداکان مەزنن و چاککردنی سیستەم کارێکی قورس و درێژخایەنە، بەڵام خەڵک پشووی درێژە. لەو ساتەوەختەوە کە حکومەت قۆڵی لێ هەڵدەکات و بەڵگەی پێشوەچوون پێشکەش دەکات، خەڵک نیەتچاکیی سەرکردەکانی قەبوڵ دەبێ و بەشێکی بەرپرسیارێتییەکەش دەگرێتە ئەستۆ، چونکە ئەو نیشتیمانە، بە کێشەکانیەوە، هی هەموانە و بەرپرسیارێتی چاککردن و سەرخستنیشی لە ئەستۆی هەمووانداية.

* سەرۆکی ئینستیتیوتی مێری



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# خورماتوو وەک پشکۆی ئاگرێک بۆ تورکیا

دوای 16ی ئۆکتۆبەر و ئەو تاوان و وێرانکارییەی بەسەر کەرکووک و خورماتوودا هێنران، وەفدێکی تورکمانەکانی عێراق سەردانی تورکیایان کرد و لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە کۆبوونەوە، ئەوەی بەشێوەی نافەرمی وەک زانیاریی دزەپێکراو لە کۆبوونەوەکەوە گەیشتە میدیاکان، یەکێک لە بەڵێنەکانی ئەردۆغان بۆ وەفدەکە ئەوە بووە کە لەگەڵ عەبادیی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێککەوتوون (خورماتوو بکرێتە پارێزگایەکی تورکمانی).

هەرچەندە هیچ بەدواداچوونێک بۆ ئەم زانیاریانە نەکران و کورد بەهۆی ئەو شکستانەی بەسەریدا هاتوون و بەهۆی ئەو فشارە سەربازی و سیاسی و دەروونیانەی لەبەغداوە بەردەوامن لەسەری، نەپەرژاوەتە سەر ئەوەی بیر لە مەترسییەکانی ئەو قسانەی ئەردۆغان بکاتەوە.

پێدەچێت تورکیا بەڵێنی شیرینی زۆری پێدرابێت کە لە عێراق کێرڤی تورکمانی بۆ بگەیەننە کەشکەلانی فەلەک، لە سووریا چارەنووسی پەیەدە و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری بە دەردی ئیدارەی کەرکووک و خورماتوو بەرن و وەک ئەردۆغان باسی کرد، لە شنگال و قەندیل ڕیشەی پەکەکەی بۆ هەڵبکێشن. لەوە دەچێت بە هەوای ئەم بەڵێنانەوە تورکیا پەلکێشی ناو ئەو پیلانە هەرێمایەتییە کرابێت کە سەرەتاکەی بەشکستی کورد لە کەرکووک و خورماتوو دەستپێکرد و کۆتاییەکەشی ئەو خەون و خەیاڵانەی تورکیا بێت. ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرێ ئەگەر لە ڕووکەشیشدا ئێستا وێناکە بەو جۆرە بێت، بەڵام جەوهەری ململانێکانی داهاتوو بە ئاقارێکی تردا دەبەن کە زەرەرمەندی گەورە تێیدا تورکیا دەبێت، وەک چۆن شکستی کورد لەم قۆناغەدا لە خورماتووەوە دەستپێکرد، هەڵگەڕانەوەی مەترسییەکانیش بۆ تورکیا لە گەشانەوەی پشکۆی خورماتووەوە دەستپێدەکەن.

لەکاتی ئاڵۆزی و کێشەکانی چەند ساڵی پێشتری نێوان کورد و حەشدی شەعبی لە خورماتوو، هەروەها دوای بەقەزاکردنی ناحیەی ئامرلی، سەرەتاکانی ئەم مەترسیە دەرکەوتن کە بەشێک لە ستراتیژی شیعە لە عێراق پەیوەستە بە تورکمانەکانی ئەم ناوچەیەوە. ئامانجەکانیشی ڕوونن، لەلایەک دەیانەوێ تەشەیوع بگەیەننە قووڵایی کوردستان و دیواربەندێکی شیعی لە نێوان ناوچە سوننییەکانی دیالە و حەمرین و سەڵاحەدین و نەینەوا دروست بکەن، پشتێنەیەکی شیعەنشین بخەنە ئەمدیوی بەغداوە تا کەرکووک و تەلعەفەر.

هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچانە زۆنێکی دەوڵەمەندی پڕ لە نەوت و غازن و گەورەترین یەدەکی غازی کوردستان دەکەوێتە کێڵگەی کۆرمۆرەوە لە ناوچەی قادرکەرەم، سەرئەنجام ئەم کارتەش لە دەستی کورد دەردەهێنن و دەیخەنەوە دەستی بەغدا.

ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا بەواقیعیکردنی ئەو خوێندنەوە و بۆچوونانە بوو، ئەوەشی تورکمانەکان لەزاری ئەردۆغانەوە دەیڵێن، ڕەواییدان و ڕێکارە یاساییەکانی ئەو ستراتیژەی شیعەیە لە جۆری مامەڵەکردن بە تورکمانەوە کە ئەنجامەکەی پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی تورکیا و تورکمانە سوننەکان دەبێت. ئێستا بەهۆی دژایەتیکردنی کوردستان و بچووککردنەوەی هەژموون و هەیمەنەی کوردەوە لەو ناوچانە، تورکیا خۆشحاڵانە بەشێکە لە جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژەی ئێران، بەڵام نازانێ ئەوەی دەیکات باوەشێنکردنی پشکۆیەکە کە کڵپەی کرد ئاگرەکە خۆی دەسووتێنێ. بەتایبەتی ئەوەی لە خورماتوو ڕوویدا و لە داهاتوودا خورماتوو وەک چەقی سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکی تر لەناوچەکە بەڕووی تورکیاشدا دەتەقێتەوە. چونکە تاکتیکی شیعە لەم قۆناغەدا ئەوەیە بۆ ئەو ستراتیژەی خۆی تورکمان بەکاردەهێنێ. ئەگەر لە ڕووکەشدا بەرزکردنەوەی کێرڤی تورکمان بێت، لە جەوهەردا کارتی تورکمان لە دەستی تورکیا دەردێنێ و دەیخاتە دەستی ئێران، لە دوورمەوداشدا تورکمانی سوننە لەبۆتەی تورکمانی شیعەدا دەتوێنێتەوە. هەروەها ستراتیژی ئابووریی ئەو ناوچە نەوتیانەی کە پێشتر لەدەستی هەرێمی کوردستاندا بوون و وابەستەی کردبوون بە تورکیاوە، لە داهاتوودا دەبەسترێنەوە بە ئێرانەوە. وێنای ئاڵۆزی و ڕووداو و هەموو ناکۆکییەکانیش لە نێوان کورد و عەرەب و کورد و شیعە، دەگۆڕێت بۆ ناکۆکیی نێوان کورد و تورکمان و دوژمنایەتی نێوان کورد و تورک.

وەک چۆن ئەوەی لە ئابی 2014 لە شنگال ڕوویدا و ئەو کەشی نیگەرانییەی بۆ هێزەکانی باشوور دروستبوو، دەرفەتی ڕەخساند بۆئەوەی پەکەکە وەک هێزێکی سەرەکی بخزێتە ناوچەکە و ئێستا بەشێکە لە حوکمڕانیی شنگال، خورماتووش بەوشێوەیەی لێدێت، نیگەرانییەکانی کوردی خورماتوو لە هێزەکانی باشووری کوردستان دەرفەت بۆ پەکەکە دەڕەخسێنێ و دواجار پەکەکە دەبێتە هێزێکی سەرەکی لەو دەڤەرەش. ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کوردی خورماتووش هێنراون لە کوشتن و تاڵانکردنی ماڵ و تەقاندنەوەی خانووەکانیان، هەمووی بە تورکمانەکانی خورماتوو ئەنجامدراوە، ئەوەش زەمینەی دوژمنایەتییەکی خوێناوی لە نێوان کورد و تورکمان خۆش کردووە، بە چوونی پەکەکە بۆ ناوچەکە و ڕێکخستنەوەی کورد و کۆکردنەوەیان وەک گرووپی چەکدار، ڕۆحی تۆڵەکردنەوە خورماتوو بە ئاقارێکدا دەبات کە مەترسی ئەوە دەکرێت دوژمنایەتی قووڵی نێوان کورد و تورکمانی لێ بکەوێتەوە. حکومەتی بەغدا ئەوەی دەوێت کە دوژمنایەتی لە نێوان کورد و تورکمان دروستبێت، ئەمە دەرفەتی دەداتێ هەژموونی خۆی بەسەر هەردوولادا بسەپێنێ و ڕایەڵەکانی پەیوەندیی بازرگانی و بەتایبەتیش بەستنەوەی بۆڕیی غاز و نەوتی ناوچەکەش لە تورکیاوە دەگوازێتەوە بۆ ئێران. وەک چۆن ئێستا بەهۆی هەڵوێستی تورکیاوە لە هەرێمی کوردستان هەست بە نیگەرانیی کوردی تورکیا دەکرێت بەرامبەر دەسەڵاتی وڵاتەکەیان، لە داهاتووشدا ئەو پێشهاتانەی چاوەڕوان دەکرێن و وەکوو تەڵە لە عێراق بۆ تورکیا دانراون، لێکەوتەکانی بە جۆرێک دەبن کە کوردی باکوور بە فراوانی سەنگەر لە ئەردۆغان بگرن، بەمەش لەلایەک ئەردۆغان وەک پرۆژەیەکی سیاسی لە تورکیا کۆتایی دێت، ناسەقامگیریی زیاتر لەو وڵاتە دروست دەبێت و بەهۆی کێشەی عەلەوییەکان و کێشەی کوردیشەوە دەرفەتی دەستوەردان بۆ ئێران دەڕەخسێ و تورکیاش بە دەردی سووریا دەچێت.

ئایا تورکیا بەهۆی ئەو ڕک و کینەیەی لە کوردی گرتووە، مەستی بینینی کورد بە زەلیلی دەبیاتە خەوی غەفڵەتەوە تا ئەوکاتەی ئاگری ڕووداوەکان پێی دەسووتێنێ؟ یان بەئاگا دێتەوە لەوەی ئەوەی ڕوویدا پێش هەر مەبەستێکی تر پەلکێشکردنی تورکیا بوو بۆ ناو ڕووداوگەلێک کە دواتر دەرچوون لێی باجی قورسی دەوێت؟

---



کاوە ئەمین

# گۆڵەکەی بارزانی!

ساڵی 1987 لە گوندی ڕاژان لە بارەگاکەی خۆی کاک مەسعود بارزانیم بینی، لەگەڵ مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا و چەند کەسێکی دیکە لە ژوورێکی درێژکۆلەی سادە دانیشتبوون. بە بینینی من و خالید کە هەردووکمان باوکمان شەهید بوو، بەرزەپێ لە بەردەممان هەستایە سەرپێ و بەگەرمی بەخێریان هێنایین و بەرانبەر خۆی دانیشتین. ئەوە یەکەم جارم بوو لە نزیکەوە بارزانی ببینم، پێمخۆش بوو سەرۆکێکی کورد لە جێگایەکی وا سادەدا بژی. ئەوەی زیاتر سەرنجی منی ڕادەکێشا، دەمانجە سمسە بچکۆلەکەی قەدی بوو، شایەلێکیشی ڕاست و چەپ بەستبوو. باسی زۆرشتی بۆ کردین، ئەوەی لەبیرم بێت، ڕووی تێکردین و گوتی: "خۆزگە دەخوازم ڕۆژێک بێت بتوانین خزمەتی بنەماڵەی شەهیدان بکەین و کەمێک لە ئازار و خەمەکانیان کەمبکەینەوە."

دواجار کە کاک مەسعودم بینییەوە لە خواکورک بوو، پێشمەرگە بازنەیەکمان بەدەوریدا دروست کردبوو، ئەویش بە هێمنی بەڵام بە حەماسەتەوە دەیگوت ئەو ڕۆژە نزیکە کە کوردستان ئازاد دەبێت و دەگەڕێینەوە بۆ ناو ماڵ و حاڵی خۆمان. کات بەخێرایی ڕۆیشت و گۆڕانکاریی گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویدا، سەددام حوسێن، دوژمنە گەورەکەی کورد لە سێدارە درا، کورد هەستانەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و هەنگاوی گەورەی بەرەو سەربەخۆیی نا، بەڵام هەر کورد خۆی بە دەستی خۆی عێراقێکی کاول و وێران و بێچەکی هەستانەوە سەرپێ، ئەوکاتە زۆرمان هاوار کرد، بەڵام کەس گوێی لێنەگرتین، ئێستا کاک مەسعود گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە سەرکردایەتی کورد "هەڵەیان کرد و نەدەبوو بەو خێراییە بچنەوە بەغدا".

ئیدی من دوای خواکورک لە نزیکەوە کاک مەسعودم نەبینیوەتەوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا وەکو کوردێک زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام، بەتایبەتی کە زۆرجار باس و خواسی سەربەخۆیی دەهێنایە گۆڕێ و گوڕوتینێکی بە بیری نەتەوەیی دەدا، ئەوەش هیوایەکی گەورەبوو بۆ خەڵکانی نەتەوەیی کە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستانە.

ئەگەرچی زۆرشت هەبوون دەبوو کاک مەسعود بیکردنایە، بەتایبەتی ئەو سیستێمی یەکسانییە کە سەرۆک مستەفا بارزانی پەیڕەوی دەکرد، بەتایبەتی چوونە ناو خەڵک و بەشێکبوون لە خەڵک، ئاگاداری بژێوی خەڵک و کێشەکانی باشووری کوردستان و بەیەک مەسافە وەستان لەگەڵ هەموو دەڤەرەکانی کوردستان، هەروەک چۆن سەرۆک مستەفا بارزانی توانی لە زاخۆوە هەتا خانەقین لەژێر چەتری سەرکردایەتی خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام کاک مەسعود بەتەواوەتی ئەوەی بۆ نەکرا، دیارە بێ بەربەست نەبوو، بەڵام دەبێت بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە دەوروبەری خۆی بڕوانێت، بەتایبەتی لەشکری ڕاوێژکارانی کە دڵنیام ڕۆژێک لە ڕۆژان خەمی ئەو خەڵکەیان نەبردووەتە سەر مێزی کارکردنەکەی!

کاک مەسعود سەری ڕمی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بوو، لەم دوو ساڵەی دواییدا بە باشی ئەسپی خۆی تاودا، توانی خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و بەرەو سەربەخۆییان بەرێت، ئەگەرچی لەم یارییە چارەنووسسازەدا چەند گەمەکەرێکی باش هاوکاری بوون، گۆڵێکی گەورەی کرد بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەڵام حەکەمە نادادپەروەرەکانی جیهان گۆڵەکەیان حساب نەکرد، بەڵام بەدیوەکەی دیکەدا لە گێمی دووەمدا بەهۆی ژاوەژاوی ناوخۆوە، خۆمان گۆڵێکی گورچکبڕمان لە خۆمان کرد کە هەروا بە ئاسانی ناتوانین قەرەبووی بکەینەوە و ناشزانین کەی جارێکی دیکە نۆرەمان دێتەوە بۆ یارییەکی وا چارەنووسساز.

داگیرکردنەوەی کەرکووک، داخێکی گرانە بەسەر دڵی هەموو کوردێکەوە کە تۆزقاڵێک هەستی نەتەوەیی هەبێت! ئێستا کاک مەسعود بە چاوخشاندنەوە بە کەموکورتییەکان لە ئیشەکانیدا و بریاری ئازایانە و بەخشندەیی و دادپەروەری، بەتایبەتی چوونەوە بۆ نێو خەڵک، وەکو مام جەلال دەیگوت لە خانووە قوڕەکانەوە دەستپێدەکەینەوە، بەداخەوە مام جەلال بەو ئاواتەی نەگەیشت، بەڵام کاک مەسعود ئەگەر بیەوێت دەتوانێت لە خانووە قوڕەکانەوە دەستپێبکاتەوە، بەڵام خۆیشی لەناو خانووە قوڕەکاندا بێت، بۆئەوەش پێویستی بە وەستا و کرێکاری کارامە هەیە.

ئەوکاتە بە دڵنیاییەوە ئامانجەکەی ئەو و هەزاران خەڵکی ئەم کوردستانە دێتە دی، بەڵام دەبێت کوردستانێکی ئازاد و یەکسان بێت، ئەزموونی 26 ساڵی ڕابردوو بچێتە ناو لاپەڕەکانی مێژوو کە ڕەنگە نەوەی داهاتوو زۆر خۆشییان لێی نەیەت.

---



زریان ڕۆژهەڵاتی

# بومەلەرزەی دوای داعش لە کوردستان

خەریکە جوگرافیای داعش نامێنێ و ناوچەکە لە هەژانی بومەلەرزەی دوای ئەم ڕووداوە گرنگەدایە. ئایندەی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان لەم دۆخەدا، چارەنووسی کورد لە ناوچەکە دیاری دەکەن. دوای گشتپرسی، دۆخی ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی کلیلیتری پەیدا کردووە. ئەگەر لە سووریای داهاتوودا، کورد پێگەیەکی سیاسی – یاسایی بۆخۆی دەستەبەر بکا، پێچەوانەی ئەو هەوڵەی کە بۆ گرمۆڵەکردنی کورد لە ئارادایە، پرسی کورد لە ناوچەکەدا هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێش.

لەعێراق، قەیرانەکانی دوای گشتپرسی و هەوڵەکانی گرمۆڵەکردنی کوردستان، لە سووریا، دینامیزمە بەهێزەکانی ئەگەری جەنگی هەسەدە و سوپای سووریا، لە تورکیاش خورتبوونی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی پەکەکە، لە ڕیزی بومەلەرزەکانی دوای داعشدان لەسەر خاکی کوردستان. لە ئاستی ناوچەییشدا، دوای سەرکەوتنی ڕێژەیی ستراتیژی ئێران لە عێراق و سووریا، خەریکە لوبنان دەبێتە چەقی ململانێیەکی گەورەی ناوچەیی!

بومەلەرزەکانی دوای داعش، دۆخێکی ناهاوسەنگی سیاسی- سەربازییان دروستکردووە کە زەحمەتە بەم حاڵەوە بەردەوام بێت. ئەم ناهاوسەنگییە، دەرفەتی کەڵکوەرگرتنی لە دینامیزمە دەرەکییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی کورد ڕەخساندووە، بەڵام ئەوەی ئەژنۆی کوردی شکاندووە، نالەباریی دینامیزمی ناوخۆیە. پرسی گرنگیش ئەوەیە کە داخۆ دەتوانێت لە قۆناغی داهاتوودا باری لاری ناوخۆیی ڕێکبکاتەوە یان نا؟

## ناهاوسەنگییەکەی دوای داعش

هێنری کیسنجەر لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت: "ئەگەر مێژوو دەرسێکی پێدابین، ئەوەیە کە بەبێ هاوسەنگی، ئاشتی بەرقەرار نابێ..." و ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری دۆخی ئێستای ناوچەکە بکەین، دەتوانین پێشبینی بەردەوامیی دۆخی جەنگ بکەین. چونکە نەزمی سیاسی و ئەمنیی ناوچەکە ناهاوسەنگە و ئەمەش واتای درێژەکێشانی قەیرانەکان دەدات.

بەرەبەرە، ئاستەنگە لۆکاڵییەکانی بەردەم هەژموونی ئێران یان لەناودەچن یان لاواز دەبن. سوننەی عێراق پەراوێزخران و بە پاساوی شەڕی ئەلقاعیدە و داعش، باڵادەستیی شیعی زۆربەی ناوچە سوننەنشینەکانی گرتەوە. پلانی لاوازکردن و تەنانەت تەفروتوناکردنی دەسەڵاتی کوردیش هێشتا لەکاردایە. وەزعی هەرێمی کوردستان مەعلومی حاڵە و دەنگی ئەسەدیش بۆ شەڕی دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە جاران دلێرتر بووە. هەژموونی ئێرانی – شیعی خەریکە باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشێ و دەتوانین بێژین، لە جیاتی یەک ئێران، خەریکە سێ ئێرانی دیکە لە عێراق و سووریا و لوبنان پەیدا دەبن. ئەمەش دۆخێکی ناوهاوسەنگە کە ئاسان نییە لەلایەن جەمسەرەکانی دیکەی هێزی ناوچەکەوە تەحەمول بکرێت.

بۆ هێزە سەرووناوچەییەکانی وەک ئەمریکا و ڕووسیاش کە زیاتر لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە، بەدوای ئیدارەدانی قەیرانەوەن، ئەم دۆخە پەسەندکراو نییە. ئەمریکا بەدوای لەناوبردنی ئێرانەوە نییە، بەڵام دەیەوێ جڵەوی بکا و نەک ڕووسیا، بەڵکووهیچ دەوڵەتێک نایەوێت هاوپەیمانەکەی ئەوەندە بەهێزبێت کە دواتر نەتوانێت کۆنترۆڵی بکات. نەخوازە، ئەو هاوپەیمانە دەوڵەتێکی وەک ئێران بێت کە هەر کاتێک بۆی لوابێت توانیویەتی هەڕەشە بۆ ڕووسیا دروستبکات.

ئەم دۆخە ناوهاوسەنگە، بۆ کورد مەترسی و دەرفەتیشی تێدایە. عێراق هەلێکی بۆ ڕەخساوە، هەتا لە دوای داعش، بنیاتی دەوڵەتەکەی ڕێکبخاتەوە. بۆیە بەغدا سواری کەلی شەیتان بووە و نایەتە خوارەوە. دانوستان دوادەخات و دەستووری کردووەتە شمشێرەکەی دیمۆکلێس تا هەروەختێ ویستی بە کاریبێنێ. تەرجەمەی ئەم دواخستنی دانوستاندنە ئەوەیە کە، عێراق دەیەوێ زۆرترین قازانج لە دۆخی ناوچەیی و ناوخۆیی بکات بۆ بەهێزکردنەوەی بنیاتی دەوڵەت کە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان دەتوانێ گرفتی بۆ دروستبکات. بەشار ئەسەدیش بەکەڵک وەرگرتن لەم دۆخە تازەیە، دەیەوێ کورد جڵەو بکات. داوای خاک و سەرچاوە نەوتییەکان لە هەسەدە دەکاتەوە و لەمەشدا ڕووسیا و ئێران وتەنانەت تورکیاش لانیکەم لەم قۆناغەدا پشتی دەگرن. ئێستا هەسەدە نزیکەی 50 کیلۆمەتری دووجا خاکی لەدەستدایە کە تەقریبەن 20-25%ی سووریا دەکات. بەشێک لە سەرچاوەکانی وزەی دێرەزوور و حەسەکەی لەدەستدایە و دوو بەنداوی گرنگی لە کۆنترۆڵدایە کە زەحمەتە ئەسەد بەو دۆخە ڕازیبێت. ئەگەر هەسەدەش نەیداتەوە، بە ئەگەری زۆر شەڕی بۆ دەکات. تورکیاش خوازیارە بە کەڵکوەرگرتن لە قۆناغی تازە کێشەی خۆی لەگەڵ پەکەکە یەکلایی بکاتەوە و بۆ ئەوەش چاوی لە هاوکارییەکی ناوچەیی بڕیوە.

دەرفەتی ئەم قۆناغەی ئێستا بۆ کورد لەوەدایە کە هێشتا نەزمی سیاسی و ئەمنیی دوای داعش لە ناوچەکە جێگیرنەبووە و لە گۆڕاندایە. کورد دەتوانێت بە مەرجی دروستکردنی هاوسەنگییەک لە بەینی فاکتەری نێودەوڵەتی – ناوچەیی و ناوخۆییدا، بارە لارەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە و هەنگاو بۆ پێشەوە بنێ.

مەلەفی ناوخۆ.. گەورەترین تەگەرەی کورد

هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ئاڵۆز و بەرزەخیدا تێپەڕدەبێت. قەیرانی ئابووری و بێهیواییەکانی پاش کشانەوەی پێشمەرگە لە زۆرێک لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئاستی ناڕەزاییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرزکردووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە بەغدا وەک هێزی براوە، سەرمەست بووە و دەیەوێت پەیتا پەیتا مەرجەکانی بەسەر کورددا فەرزبکات و ئەو ناڕەزاییە ناوخۆییانە بەکاربێنێت. کوردیش لەلایەک هەست بە گۆشەگیربوونی سیاسی- نێودەوڵەتی دەکەن و لەلایەکی دیکەش وەک سروشتی هەر هێزێکی شکستخواردوو، زیاتر لە دەرەوە، خەریکی ناوخۆن و بەربوونەتە گیانی یەک!

ئەوەی دوای گشتپرسی ڕوویدا شکست بوو، بەڵام کۆتایی هەموو شتێک نییە. دۆخی ناوچەکە زۆر دینامیکە و گۆڕانکارییەکان بەردەوامن. ئەمەش دەرفەتی هەستانەوەی کوردی تێدایە. هەڵبەت، وەکوو مارانگەستە، کورد نابێ هەموو هیواکانی خۆی لەسەر فاکتەری نێودەوڵەتی هەڵبچنێت. نابێ ئەو هەڵەیەی گشتپرسی دووبارە بکاتەوە کە بەبێ ئیجماعی ناوخۆیی کردی. کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەبێ حکومەت ئیجماعێکی ناوخۆیی بۆ قۆناغی داهاتوو دروستبکات و دەست بە قۆناغێکی چاکسازیی ڕاستەقینەی سیاسی و ئیداری بکات. لەبیرمان نەچێت کە فاکتەری نێودەوڵەتی هەم بگۆڕە و هەم وەختێک کاریگەردەبێت کە دینامیزمی ناوخۆیی لەباربێت.

سەبارەت بە دۆخی داهاتوو لە ڕۆژئاواش دوو ئەگەری گرنگ لەئارادایە:

یان بە پاڵپشتی گریمانەیی ئەمریکا، هەسەدە، حەسانەیەک بۆخۆی وەردەگرێت و دوای جەنگێک، زیاتر لە بەشی ڕۆژهەڵاتی فوراتدا دەمێنێتەوە. لەم حاڵەتەدا ڕەنگە عەفرین لەدەست بدات، بەڵام لە ناوچەکانی دیکە بەشێوەیەکی دیفاکتۆ دەسەڵاتێک بۆ خۆی بنیات دەنێت. یان لەوانەیە، بەشێک لەو خاکانەی لە دەستیدایە وەک کەرەستەیەکی دانوستاندن بەکاربێنێ و ڕێگای ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا- ئەسەد تاقی بکاتەوە. بەمەش ڕەنگە بەناوی باکووری سووریاوە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی یان تەنانەت فیدراڵی دەستەبەربکەن. هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان، خواستە یان نەخواستە بەرپرسانی کوردی ڕۆژئاوایشی نیگەران کردووە. ئەوان دەزانن کە دوای جەنگی داعش، کەڵکی جارانیان بۆ واشنتن نامێنێ. ئاسانیش نییە ئەمریکا لەبەرخاتری هەسەدە، لەگەڵ هاوپەیمانێکی ناوچەیی خۆی لە شەڕێکەوە بگلێنێ. هەرچی سعودیەشە، خۆی لە یەمەن و لوبنان و بەحرەین هەڵەوگیری کێشەی دەستوەردانی ئێران بووەتەوە. ئەمە بە هیچ کلۆجێک واتای کەمبایەخکردنی فاکتەری نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەیەکلاکردنەوەی کێشەی خاک و چارەنووس لە بەینی کورد و دەسەڵاتی دیمەشق نادات، بەڵام ئەوە بە ڕوونی دەردەخات کە تەنها پشتبەستن بە یارمەتیی ئەمریکا و سعودیە لە جەنگی گریمانەییدا لەگەڵ ئەسەد، زۆر واقیعی نییە. لە باشترین حاڵدا، لە دوای جەنگێکی دەستەویەخەی سوپای ئەسەد و هەسەدە، ئەمریکا و تەنانەت ڕووسیاش دەتوانن لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دۆخێکی هاوشێوەی ساڵانی نەوەدەکانی هەرێمی کوردستان لەوێ بخوڵقێنن. بۆیە، لە کۆتاییدا هەسەدە، ناچارە لە بەینی فاکتەری نێودەوڵەتی، فاکتەری ناوچەیی و فاکتەری ناوخۆییدا هاوسەنگییەک دروستبکات.

---

**ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# براوە و دۆڕاو هەر بارزانییە

**1**

ئەگەر ئەمڕۆ باسی هەندێک لەدەستچوونە، ئەو دەستکەوتانە دەستکەوت! دەکرێت کە گوایە بەرهەمی ئەو مافە دەستووریانە نەبوونە کە کوردستان لە چوارچێوەی دروستکردنی وڵاتی بەناو عێراقدا دەستی کەوتوون، بگرە پێداگریی بارزانییەکان بووە بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی. سێ بارزانی (مەسعود، نێچیرڤان و مەسروور) بە سێ ئاراستەدا، کاریان بۆ دروستبوونی کیانی کوردستانی کردووە، تەنانەت ئەگەر ئەو کیانە پارچە زەوییەکی بچووکی وەک لیختنشتاین بێت، بە مەرجێک ناوی (کوردستان) بێت.

ئەوان شەڕیان بۆ تێکشکاندنی سایکۆلۆژییەتێک کردووە لە گۆڕینی دروشمە باق و بریقدارەکانەوە بۆ ئەمری واقیع. ئەمڕۆ بارزانییەکان باجی ئەوە دەدەن و بەرپرسیارێتییەکەشی لە ئەستۆ دەگرن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەرەی بەرامبەری بارزانییەکان لە شەستەکانەوە تا ئێستا، هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان بۆ خەباتی رزگاریی نیشتمانی و پرۆسەی بەدەوڵەتبوون نەبووە، جگە لە قسە و ئامادەش نەبوونە هیچ بەپرسیارێتییەک وەربگرن جگە لەوەی شکستەکانی خۆیان (وەک مەزلوومێکی لەخشتەبراو) وەکو کارەسات! پێناسە بکەن. کاردانەوەی سیاسی و رێکخراوی سلێمانی بەرامبەر بە پارتی، کاردانەوەکی ناوچەیی نییە، بگرە پەرچەکردارێکی مێژووییە بەرامبەر بە دروستبوونی کیانی کوردستان. ئەگەر مەتڵەب ئەوە بووبێت کە دەوڵەت لەسەر دەستی بارزانی و غەیرە سلێمانی دروست نەبێت، ئەدی بۆ پشتیوانیی دەوڵەتی مەلیک مەحموودیان نەکرد؟! بۆیە تەریب لەگەڵ دەوڵەتخوازی، سیاسەتی سلێمانیش دوا هەناسەکانی دەدات و دەکەوێتە بەردەم پرسیارێک کە ئایا بەڕاستی سلێمانی چی دەوێت؟

دەسەڵات و حوکمڕانیی کوردستان تا 10 ساڵی دیکەش بە گەرەنتی لای پارتی و بارزانییەکانە. ئەوان ئەو راستییە دەزانن کە چۆن لەسەر کەلاوە قەسر بونیاد بنێن. خاڵە لاوازەکانی بەرامبەر بکەن بە خاڵی بەهێزی خۆیان. ئەوەی ئەمڕۆ گەمارۆ دراوە پارتی و بارزانی نین، بگرە دەرکەوتنی ئەو راستییەیە کە نەیارەکانی پارتی لە چ ئاستێکی بیرکردنەوەدان! ئەڵبەتە دوای ماوەیەکی کەم، توفەیلی، هەرزە و کاڵفامەکان دەرکیان پێکرد کە چ کڵاوێکیان چووەتە سەر، بەڵام تازە درەنگە.

## گۆڕان جامی ژەهری خواردەوە

**2**

خاڵی یەکلاکەرەوە لە سیاسەت و ئیدارەی ناوخۆیی کوردستاندا، بەشداریی بزووتنەوەی گۆڕانە لە بڕیاردان و حوکمڕانیدا، بە مەرجێک ئەو بزووتنەوەیە توانا و جورئەتی بڕیاردانی هەبێت. رێک وەک ئەو جامی ژەهرەی کە نەوشیروان مستەفا لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان و دامەزراندنی بناغەکانی دامەزراوەییبوون نۆشی کرد. گەورەترین مەترسیی سیاسەتی سلێمانی ئەوە بوو کە گۆڕان و پارتی لەیەک بەرەدا بن، چونکە کارەکتەرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان بە کردەوە، بارزانی و نەوشیروان مستەفا بوون. مێژووش بۆ پارتیی سەلماند کە رکابەر، نەیار و دوژمنێکی وەک نەوشیروان مستەفا، زۆر لە هاوپەیمانی و رەفیقی نیوەی رێگا باشترە و تەنانەت لوتفی ئیلاهیشە.

گەڕانەوەی گۆڕان بۆ ناو بازنەی حوکمڕانی و بڕیاردان لە کوردستاندا، زەروورەتێکی مێژووییە. رەنگبێ گۆڕان وا هەست بکات کە هەر جۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ پارتیدا (وەک ئەوەی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردی) کێرڤی جەماوەری دابەزێنێ، بەڵام ئەوانیش باش دەزانن کە نەمانی پارتی و لاوازیی ئەو حیزبە بە مانای کۆتایی ئەوانیش دێت، بۆیە لە سۆنگەی ئەوەی کە پارتی راستییەکی نەگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، گەمژەیی ئەوەیە کە نەزانی چۆن حوکم لەگەڵ پارتیدا دابەش دەکەی! ئەگەرنا پارتی ئەو کێوە بەرزە نییە.

پارتی دەستی لە دۆخی یەکێتی شووشتووە، بەڵام ئەوەش دەزانێ کە دەبێ لە سلێمانی ناوەندێکی بڕیار هەبێت. هاوکات گومانی ئەوەشی هەیە کە سلێمانی بەشێک نییە لە پڕۆژەی بەدەوڵەتبوون. رەواندنەوەی ئەو گومانە و ئیسپاتی ئەوەی کە گۆڕان پڕۆژەیەکی ئاڵتەرناتیڤی نوێیە بۆ گەیشتن بە ئامانج، لەوەوە دەستپێدەکات کە گۆڕان لە جیاتی ئەوەی داوای حکومەتی رزگاریی نیشتمانی بکات، لە زیهنیەتی سیاسەتی سلێمانی رزگاری بێت. هەنگاوی یەکەمیش بە گەڕانەوەی وەزیرەکان بۆ کابینەی حکومەت دەستپێدەکات.

## دەرچەکانی پارتی زۆرن

**3**

پارتی حیزبێکی سیاسییە، بەو مانایەی کە لە خراپترین دۆخەکانیشدا توانای دۆزینەوە و هەڵبژاردنی دەرچە و مانەوەی هەیە. ئەگەرچی ئەمڕۆ گرەوی گەورە لەسەر سڕینەوەی پارتی و بارزانییەکان لەئارادایە، بەڵام رزگاربوونی بارزانی لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەمنەتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان (کە وەک مەکرەمەیەک سەیر دەکرا) دەستی پارتیی زۆر واڵا کرد. تا ئەو رادەیەی کە وەک دەڵێن: "ئەگەر خوا پشتیوانی نەبێت، هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتانیشدا دەکات".

لێدوانەکانی ئەم دواییەی بارزانی، زۆر ورد و حیساب بۆکراون، بێئەوەی دڵی هیچ لایەنێک بڕەنجێنێ، پەیامی بۆ هەموو لایەک تێدایە و ئەوەیش بریتییە لەوەی کە هاوپەیمانیی هەتا هەتایی نییە و دوژمنی هەتا هەتاییش نییە، ئەوە رێک مەنتقی دەوڵەتە و دەربازبوونە لە عەقڵییەتی حوکمڕانیی کاتی. ئەوە دەرسێکە کە پارتی و بارزانی لە رابردووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی وەریانگرتووە و سەلماندیان کە ئەگەر کورد دۆستێکی هەبێ کوردە و ئەگەر دوژمنێکیشی هەبێ هەر کوردە.

ئەوەی روویداوە، پیلانێکی گەورەترە لە نسکۆ مێژووییەکانی کوردستان، بەڵام ئەوجارەیان وەک شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ، ئاشبەتاڵ رووی نەدا، بگرە بەرخۆدانی پێشمەرگە دەستێکی گەورەی بەرووی دنیاوە نا. پارتی لە پێناوی سەقامگیرکردنی ئاشتیدا شەڕ دەکات، باش دەزانێ ئەوەی کە ماف دەستەبەر دەکات، هێزە نەک دادپەروەری. هەر بۆیەش هێشتا بارزانی چیاکان بە گەورەترین پشتیوانی کورد دەزانێ.

عەلی سیرینی

# پێشنیازێکی یاسایی بۆ هەرێمی کوردستان

نازانم ئایا دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان پێشوەخت ئەم کارەی کردووە کە لێرە پێشنیاری دەکەم یان نەخێر هیچ کاری بۆ نەکردووە؟ بەهەرحاڵ ئەمە پێشنیاری منە:

پێویستە تیمێکی یاسایی و میدیایی پێکبهێنرێت لە چەند پسپۆڕێکی یاسای ناوخۆی عێراق و یاسای نێودەوڵەتی، بە هاوکاریی چەند راوێژکارێک (گەر هەبێت خۆیی ئەگەرنا بیانی)، کە دەکرێت وەک کرێگرتە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەک بە لێشاو پارە بخرێتە گیرفانیان، وەک ئەوەی لە رابردوو کراوە و کەسی بێگانە هەبووە سەدان هەزار دۆلاری پێدراوە، بێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆی بە ئەنجام گەیاندبێت بۆ گەلی کورد! ئەم تیمە پێویستی بە تیمێکی ترە کە لە چەند گرووپی رۆژنامەڤان و میدیاکار و پسپۆڕ لە بواری رێکخستن و ئەرشیڤکردنی دۆکیومێنت پێکبێت.

تیمی یاسایی هەڵسێت بە دۆزینەوەی هەموو ئەو رێگا یاساییانە و ئەو کون و کەلەبەرانە کە تیایدا، حکومەتی شیعە کاری نایاسایی و نادەستووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە. ئەمە دەکرێت، بە کردنەوەی فایل بە جیا، بۆ هەموو ئەو خروقاتە نایاساییانە و نادەستووریانەی دژ بە کورد کراون. وێڕای ئەمە، کۆکردنەوەی هەموو بەڵگەکانی تاوان و دەستدرێژیی بۆ سەر خەڵکی کەرکووک و دەوروبەری، وەکو کوشتن و لێدان وماڵوێرانکردن و دەربەدەرکردن. ئەم فایلانە پێویستە دەوڵەمەند بکرێن بە بەڵگەی زۆری شاهێدیدانی بە دەنگ و ڕەنگ، لە لایەن خەڵکەکە خۆی (بە تەواوی زانیاری و دۆکیومێنت دەربارەی یەکە یەکەی ئەو خەڵکە)، ئینجا بە وێنە و بەڵگەی تری مەلموس. کاتێک پسپۆڕ و لێزانانی یاسا و دەستووری عێراق و نێودەوڵەتی، هەموو ئەو یاسا و بەندانەی دەستووری عێراق و یاسای نێودەوڵەتی تاوتوێ دەکەن و هەڵیدەسەنگێنن، بۆ ئەوەی برگە برگە و ڕووداو بە ڕووداو بخەنە ژێر تیشک و لێکۆڵینەوە؛ پێویستە کەیسی یاسایی دروست بکرێت بە وەکالەتی یاسایی، کە چەند پارێزەرێک و ڕاوێژکارێکی یاسایی بیکەن. ئینجا ئەم کەیسانە بدرێنە دادگای لاهای، یو ئێن، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەم کارە بە لێدوانی سەرپێییانە و عەففەویانە ناکرێت، سیاسەتمەدارێک لێرە و یەکێکی تر لەوێ لێدوان بدات بۆ کەناڵەکانی میدیا، یان نامە بنێرێت بۆ دەسەڵاتی ئەم وڵاتە و ئەویتر. کورد پێویستە ڕێگەی یاسایی بە دۆکیومێنتەوە بگرێتە بەر بۆ بە جینۆسایدکردن و قەڵاچۆکردنی نەژادی، کێشەی خۆی بباتە نێو مەحفەلە نێودەوڵەتییەکان (دۆکیومێنتی یاسایی دروست بکات بۆ دادگا) بۆ ناساندنی کێشەی کورد لە ژێر بەندی پاکتاوکردنی ڕەگەز و جینۆساید. ئەوەی سەرنجم داوە تا ئێستا بەڵگەی زۆر هەیە پێویستی بە کۆکردنەوە هەیە و پێویستی بەم دوو تیمە هەیە دروست ببێت و هاوکار بن، بۆ ئەوەی بە یاساییانە حکومەتی عێراق و کۆی دەسەڵاتی عێراق، لەوەتای دروست بووە تا ئەمڕۆ، بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی. لێرەشدا ئەم تیمە یاساییە دەتوانێت چەند ڕاوێژکارێکی پسپۆڕ دەربارەی ئەو کەیسانەی بە جینۆساید کراون سوود وەربگرێت. نموونەی جینۆسایدەکانیش وەکو جوولەکە و ئەرمەن و کەیسی تریش کە بە پاکتاوی ڕەگەز ناسراوە. هیوادارم دوای چەند ساڵێک نەڵێین خۆزگە هەر ئەوکات دەستمان پێکردبا!

بەرپرسان 26 ساڵە، تەنها لە خۆشی و ڕابواردن و کەیف و سەیف کاتیان بە فیڕۆ داوە. کاتی ئەوە هاتووە کاری جددی بکرێت!



سەلام ناوخۆش

# رۆژهەڵاتی ناوین هەزمی ریفراندۆم ناکات

گەر چاوێک بە ڕەوشی سەد ساڵەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بگێڕین ، وێنەیەک لە پاش کۆلۆنیالیزم بە فۆرمێکی تر دەبینین. لەو هەموو میللەتانە ئاماژە بە ڕەوشی هاوسێیەکانی کوردستان دەکەین.

لەو سەد ساڵەی نێوان 1916- 2016 فۆرمێکی تەزویری ناسیۆنالیزم لەنێو ئەو سێ میللەتە هەژموونی هەیە. ئەو 21 دەوڵەتەی عەرەب و دەوڵەتی ئێران و تورکیا لە یەک کارگە بەرهەم هاتوون، وەک بڵێی ئەو دایکە بەرهەمهێنە هەر ( کودەتا) ی ببێ و وەک تەیرێکی نابەڵەد بێ بە (ریفراندۆم)!

با پرسیارێک لە خۆمان بکەین: لە کۆی 21 دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی، ڕووداوێک لە زاکیرەی سەرکردایەتی عەرەبیدا هەبووە بە ناوی ریفراندۆم ؟! ئەوان خۆ نەخشەیەکیان لە زاکیرەی هاونیشتمانی عەرەبیدا دروست کردبوو بەناوی (نەخشەی نیشتمانی عەرەبی بێ سنوور) ، پاش ئەو سەد ساڵە دەرکەوت ئەو نەخشەیە تەنیا بۆ گەوجاندنی خەڵک بوو. با بپرسین جەمال عەبدولناسر ، ئەسەد ، قەزافی ، قاسم ، سەدام ... چۆن هاتنە سەر حوکم ؟ ئایا بە قیتاری ئەنگلۆ-ئەمریکی یا ڕووسی نەهاتن؟! ئەو هەمووە لە هاوڕێکانیان نەبوونە (ڕۆبسبیر) و ( ماو) بە میزاجی ساردی خۆیان دروێنەیان کرد! لەو هەموو سەرۆکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تەنها سەرۆکێک (مورسی) بە هەڵبژاردن بووە سەرۆک! ئاکام چی بوو؟ چۆن ئەو دایکە بەو وەلەدبوونەی مورسی پێویستی بە نەشتەرگەریی قەیسەری بوو ، بۆیە هەر لە سعودیە و ئیمارات و زۆربەی بەناو ڕووناکبیرەکانی میسر پشتگیریی (سیسی)یان کرد کە وەک باپیرانی کودەتایەکی عەسکەری بکات و مورسی ڕاپێچی زیندان بکات!

با نموونە بە هاوسێکانی کوردستان بێنینەوە:

## یەکەم، عێراق 1921-1958

عێراق بەرهەمی کۆلۆنیالیزم بوو ، بەبێ ویستی کورد بووە بەشێک لەو وڵاتەی پێ ڕەش بارزانی بە (دولە بالعنف) ناوی دەبات . بەریتانیا لەو ماوەیەدا عێراقی ناڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبرد ، سیستەمی وڵات سیستەمێکی بنەماڵەیی بوو.

عەبدولستار عەبوسی لە 14ی تەموزی 1958 کۆتایی بەو بنەماڵەیە هێنا و ئەوانەی هەموو کوشتن: شا فەیسەڵی دووەم، عەبدولیلا و نەفیسەی دایکی و عابدیەی خوشکی هەروەها چێشتلێنەرە تورکەکەی کۆشک..لە دەرەوەش سەدانی تر!

لە 1958 کە عێراق بووە کۆماری، لە هەمان کاتدا بووە شانۆی کودەتا، پاش ئینقیلابی عەبدولکەریم قاسم، بەعسیەکان بە قیتاری ئەنگلۆ-ئەمریکی لە 1963 هاتنەوە و عەبدولکەریمیان کوشت ، زۆری نەبرد عەبدولسەلام عارف لە بەعسیەکان هەڵگەڕاوە و خۆی کرد بە سەرۆک کۆمار ، ئەویش لە 1966 لە فرۆکەدا سووتێندرا ، عەبدولڕەحمانی برای هەتا 1968 بووە سەرۆک ، بەعسیەکان 1968 دووبارە هاتنەوە و هەتا 2003 لە دەسەڵات بوون! لەو ماوەیەدا شەڕی سارد بە کاراکتەری عێراقی جمەی دەهات!

## دووەم، سووریا

هەتا ساڵی 1946 فەرەنسا هەر لە سووریا بوو. لە شەستەکانەوە بەعسی سووری لە ڕێگای کودەتایەکەوە لەسەر حوکمە هەتا ئەمڕۆ!

## سێیەم، ئێران

دوای کۆتاییهێنان بە بنەماڵەی قاجاری، ڕەزا شا و کوڕەکەی لە 1925ەوە هەتا 1979 حوکمی ئێرانیان کرد، لە 1979 وە هەتاکو ئەمڕۆ شیعە حوکمی ئێران دەکات و قەبولی هیچ مەزهەب و نەتەوەیەکی تر ناکات: بۆ نموونە کورد لە 1979 وە بە دوو ڕەوت داوای بەشداریی دەسەڵاتی کرد:

1. ڕەوتی مارکسی، دیموکرات و کۆمەڵە و توودە...

2. ئەحمەد موفتی زادە، خومەینیی کورد

بەشی یەکەم راپێچی قەندیل و باشووری کوردستان کرا، ئەحمەد موفتی زادەشی ڕاپێچی زیندان کرد!

## چوارەم، تورکیا

تورکیا لە ماوەی 1923 هەتا 1950 تەواو کەمالی بوو، لە 1950- 1960 دەسەڵاتێکی دیموکراتی دروست بوو، دەرگای لە ئیسلام و کورد کردەوە، بۆیە عەسکەر لە ئایاری 1960 کودەتایەکی لەسەر عەدنان مەندەریس کرد و کوشتی.. لە 1970 جارێکی تر بزاڤی ئیسلامی و کورد دەرکەوتن ، دووبارە لە 1971 کودەتای کردەوە و بۆ ماوەیەک کۆمەڵگای تورکیای بێدەنگ کرد.. لە کۆتایی حەفتاکان پەکەکە و بزاڤی ئیسلامی دەرکەوتنەوە، بۆیە عەسکەر دووبارە لە 1980 کودەتای کردەوە... لە 2002ـەوە هەتا ئێستا ئاکپارتی حوکمی وڵات دەکات، دوای کودەتای تەمووزی 2015 ئاکپارتی لە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی لایدا و بووە یەکێک لە دوژمنەکان!

## کورتە

ڕۆژهەڵاتی ناوین سیخناخ کراوە بە کودەتا، نابەڵەدە بە دیموکراسی و قەبوڵی ئەویتر. کورد لەو نێوەدا پێویستە داگیرکەرناس بێ. لەنێو ئەو هەموو گورگ-ە پێویستە گورگێکی بەری بێ. چۆن گورگەکەی بکوژی یوسف بێتاوان بوو، ئەویش ئەوها بێ. بێشکچی ڕاستی دەکرد، ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورک و فارس ناسیۆنالیزمی داگیرکەرین، هەرچی ناسیۆنالیزمی کوردیە، ناسیۆنالیزمێکی ڕزگاریخوازە!

لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا تەنیا کورد ڕیفراندۆمی کرد، ناسیۆنالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی دوور لە مەزهەب و ڕقی چەند ساڵە بوونە یەک بۆ لەگۆڕنانی ڕیفراندۆمی کورد وەک چۆن جاران باپیرانیان مەلۆتکەیان بە زیندویێتی لەگۆڕ دەنا!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more


## ئیماراتی شەیدای بێریڤانن

« 10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net









